# ناوێ لەم تێکستە بنێ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ناوێ لەم تێکستە بنێ

عەبدوڵڵا سەڕاج



کتێب: ناوێ لەم تێکستە بنێ
نووسینی: عەبدوڵڵا سەڕاج
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥١٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: جوان عەبدولڕەحمان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٧١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

میللەتەکەم تا هەتایە بەباشی ناوم دەهێنێ
چونکە گیتارەکەم
زۆر هەستی پاکی ورووژاند
لەسەردەمی بێ بەزەیی خۆیشمدا
گۆرانیم بۆ ئازادی دەوت
دەموت هەژارانتان خۆش بوێ.

پوشکین

# پاری یەکەم

له دیمانەیەکی ئاسایی و ساکارەوە یەکترمان ناسی. له نێوان باڵەخانەی جێنشینی ئەو و، باڵەخانە – جێنشینەکەی مندا، بۆشاییەکی بەرین بوو، ئەوە بێجگە لە فریز و هەرێزەکەی، درەختی باڵا زراڤ و کەژ و گوڵە وەرزانەی سوور و سپی، یاریگەی زارۆکانی لێ جودا کرابۆوە، جۆلانێ و خۆخزاندن و گەمەی دیکە.

لەو گوزەرەدا، دەڵە سەگەکەی بەڕەڵڵا کردبوو، ئەویش بە خولگەی ئێمە و منداڵەکاندا تەڕاتێنی بوو. ئەو بە پرسیارێک ڕووی لە تەختەی دانیشتنەکەی من نا.

– مۆی.. دەتوانی نیگاری ئەم سەگەم بۆ بکێشیت؟



باڵابەرزێکی تۆزۆکەیەک پڕ و گۆشتن بوو سەگەکەشی خۆی ئاسا، خڕکەڵە و تووک بۆر و پەڵەی سپی بە دەستی ڕاست و نیوچاوانییەوە بوون. پاش نەختێ ڕامانی چاوەکانی کە، بە کوژەکەی نقێمی ئەنگوستیلەکەی پەنجە تووتەی دەستی ڕاستم دەچوون، وەلێ کاڵتر. بە خەندە ئامێزەوە وەڵامم دایەوە.

– من شێوەکاری مرۆڤم نەک سەگ و پشیلان! ئەمەیان پیشەکی، دوایی.. هیچمان یەکدی ناناسین!!

هەستی بە پەلەییەکەی خۆی کرد و گورج خۆی پێ ناساندم و، دەستە خڕپنەکانی بۆ سنگە بەرزەکەی درێژ کرد.

– تالینێن ساتو. دەشتوانی ڕاستەوخۆ بە ساتو ناوم ببەیت.

– ناوی منیش، ئارام عەلییە، ئەتۆش دەتوانی و بۆت هەیە تەنیا بە ئارام ناوم ببەیت بەڵام؛..

وەستام چونکە ئەو، دەڵە سەگەکەی گاز کرد وەکو بیهەوێ ئەویشم پێ بناسێنێ. هەندێ کلکە لەقێی کرد بۆ ساتوو، لەتەک نیو پووتە زەردەکەیدا کرووشکەی کرد. هەڵماتی چاوە قاوەییە کاڵەکانی لە نێوان ئەو و منی نەناسدا ئاڵوگۆڕ کرد، بەتایبەتیش کە ژێر ملی خوراند پەیتا پەیتا زمانە لەرزۆک و لیکنەکەی بێ ئارام دەلەرایەوە. ساتو پاش ئەوە، پاشماوەی خۆ پێ ناساندنەکەمانی بیرهاتەوە کە وەڵامەکەی ئەز، هیچی بەدواوە نەهات. دەستی بەسەر «هورا»دا هێنا چوون بخوازێ لە دۆستایەتیمان دڵنیای بکات، ئەوجا ڕووی دەمی لێ کردم.

– بەڵام.. چی؟!

گوتم: بەڵام پرسیارێکم هەیە ساتوخان. تۆ و هورا مێنە، چاکتر نەبوو گەماڵێکت بکردبایە بە هەڤاڵت؟

کەمۆکەیەک مات بوو، پاشان بەجۆرێک قاقای کێشا کە، خوندکی زایاندە هەر دوو چاوی. ئەز، وام هەست کرد کە، پرسیارە ناوەختییەکەم نابەجێ بووبێت و، نابوایە وا بەزەقی بیدەرێنم لێ؛ کە تیر لە کەوانەوە دەرپەڕی هەرگیز ناگەڕێتەوە، یان ئەگەر ژوورێکت لەخۆت کلیل دا، هەر دەبێ خۆت بیکەیتەوە. لەم دوودڵی و سەراسیمەیەمدا، پرسیارێکی سەرسوڕمێنەر و ڕاچڵەکێنی ئاڕاستە کردم.

– ئەوجا چ دەگوڕڕا... ئارام!؟

ئێمەی خاوەر نشین و کۆیەندی چەندین گرێکوێرە، بۆچوونێکی نارەوا و هەڵەمان لەکن گەڵاڵە بووە لەمەڕ ژنانی خۆراواییەوە گوایا گەماڵ لەخۆیان دەپەرێنن و سێکسی حەیوانییان لە لا بەچێژترە لە جووتبوونی پیاوان! بۆیە بایەخیان دەدەنێ، بەتایبەتی گرنگی بە سەگ دەدەن! تەنانەت شامپۆ و خۆراکی باش و پزیشک و... بگرە بە ئەندامێکی کارای خێزانی خۆیانیان دەزانن. ئەڵبەتە هەڵڕژتنی بۆچوونی ئاوهالانە، نەک لەبەرئەوەی لە لام گەندەڵی و شەرم بێت بەڵکو؛ لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕاست نەبێ، ئەوساکەش بە ساویلکە یان شازم تێبگا. ئاخر ترسێکی وجوودی سەرتاپایی لە لای ئێمەی خۆرهەڵاتیدا بۆتە مۆتەکە و دەعبای دەعجانە کە، هەردەم لە نوای چاوانمانە و دەمانتۆقێنێ!! زراومان دەڕژێنێ، ترس لە باوک، زەندەقچوون لە دەسەڵات، تۆقان لە ئاین، لە مەرگ، لە ژیان، لە.. لە... ترس، چارشێوێکی زەبەللاحە و دامانیپۆشیوە. بەپێکەنینەوە دەوم لە ساتو نا.

– نێر و... مێیان گوتووە و... تۆ و من، بەرهەمی جووتبوونی ئەم دووەینە. ئەمە بارە ئاساییەکەیەتی، وا نییە؟

ئەو، دەمی بەش کرد.

– بەگوێرەی پێوەری ئێوەی پیاوان.. نا؟



گوتمەوە: بەپێوەری بایەلۆژیش. بۆ پێوەری ژنانەش هەیە؟! بەگورجی و توند وەڵامی دامەوە: ئا... بەڵێ.

واقوڕمام. لەو ئانەدا، خۆم بە نەزان زانی و دوور لە سیستمی نوێکاری ئەوروپا بۆیە بە کورتی ئاماژەی بۆ جۆرەکانی پەیوەندی و سێکس کرد کە، هەندێکیان لە لام نەزاندراو و سەیر و سەمەرەش بوون. لە ئاکامیشدا پەرژایە سەر ئەوەی کە بێ شەرم و شکۆ بێژێ:

– من هەڤاڵبەندیم لەگەڵ نێرینەدا دەمێکە بڕیوە و، لەگەڵ کیژێکی تردا، ژیانی ڕۆژانە و شەوانەمان ڕادەبوێرین.

هەندە نەمابوو بڵێم: «ئەوە دیاردەیەکی سروشتی نییە» ئەوسا لەوانە بوو، ساتو لە ڕوخسارمەوە گومانێکی ئەوتۆی خوێندبێتەوە بۆیە، دەمگۆییەکەی گرێدایەوە بەوەی گوتی:

– بۆ پیاوان، بۆچی بشێ سێکس پێکەوە بکەن و... بۆ ژنان نەشێ!؟

ئەز، هەرچەندە لایەنگری هیچ کام لە تای ئەو تەرازووە نالەبارە نەبووم و، مەگەر لە گۆڤار و D.V.D و ڤیدیۆدا پۆرنۆ «PORNO» و دیمەنگەلی لەو جۆرانەم دیبێت وەلێ؛ لە ناخەوە ئارەزوویەک هانی دام بۆ دیتنی زیندووی ئەوانە. ئەدی ژیان بە ئەزموونی نوێ: بایەخەکەی پەرە ناسێنێ، بەتایبەتی ئەگەر لە نێوان جووتێ کیژۆڵەدا بێت. بەخۆم گوت جا ئەوەتا ئارام، دەرفەتێکی لەبارت بۆ سازاوە و، لە تۆوە تەنیا بیست مەترێک دوورە، چۆنەکی ئەو دەرکە کلۆمدراوەی لە لا بکەمەوە! ساتو، بەڕوومدا هەڵناشاخێ! یان، ناو و ناتۆرەی شازیم بۆ هەڵنابەستێ گوایە منیش لەو جۆرە کەسانەم کە حەز بە نواڕینی گەردشی سێکسی دەکەم! خۆم وەکو کەسێتییەکەی «دۆزەخ»ی «هەنری باربۆس» هاتە بەر دیدەوە کە خۆی لە ژوورێکدا مەڵاس دابوو لە کونێکەوە سەرنجی لە خەڵک و کرداری سێکس دەگرت و... دەجۆشا. ئەوە گیرام بەهەڵەدا چوومەوە و، داواکەمی بەسارد و

سڕی وەرگرت و، هەڵوێستی ئەرێیی (پۆزەتیف) نەدەراند، ئەوسا نیگاری دەڵە سەگەکەی دەکەمە پارسەنگی ویستەکەم. هەمدیسان، هەر دوو تای تەرازووەکە بەر نیگای گرتم. سەگەکەی بۆ لای منداڵەکانەوە چوو کە، لە ناو حەوزی لمەکەدا، بە بێڵ و خاکەنازی پلاستیکی ڕەنگاوڕەنگ، مژوولی دروستکردن و ڕووخاندنی خانووبەرەی لمین بوون. دەرفەتم بۆ لوا و وشەی سەرەتای پرسیارەکەم درکاند.

– دەتوانم...

ئەو، نەیزانی لە بارەی چییەوە دەکارم بپەیڤم. چاوی لە دوڕ چاوم بڕی وەک بیهەوێ پتریان لێ بدینێ. ئەز، ورەم نایە بەرخۆم و گوتمەوە: ... بۆم هەیە... لەگەڵتاندا...

هەمدیس پرسیارەکەم کورتی هێنا. ڕاستییەکەی، تۆی خوێنەر و هەر کەسێکی دی وەکو گێڕەرەوە لە شوێنی مندا بوونایە، هەرگیز ڕەپ و ڕەوان ئەو داواکارییە ناجۆرەتان بۆ ناهاتە گۆ، ساتو، بەخەندەوە خۆی لەگێلی دا یان، چاک لە نیازم نەگەیشتبوو کە گوتی:

– لەگەڵماندا بێیتە ساونا SAUNA!! ها ها ها...

لەو ئەپارتمانەی کە منی تێدا بووم، دوو ساونای هەڵمی و خۆشۆرین هەبوون. هەر خێزانێک ماوەی سەعاتێکی بۆ دیاری کرابوو لە هەفتەیەکدا، سێشەموانیش ساونای گشتی بوو. سەعات و نیوێک بۆ ژنان و ئەوەندەش بۆ پیاوان تەرخان کرابوو. لە ساونادا، دەرپێ قوتەش ڕادەماڵدرێ. لە ئەپارتمانە نوێیەکاندا ساونای تایبەتی خێزان هەیە کە بەئارەزووی خۆیان گەرمی دەکەن، بۆیە لە وەڵامەکەی ساتودا وای بۆچووم کە، ساونای تایبەتییان هەبێت لەگەڵ کچە هاوسەرەکەیدا. ئەمەیشە زۆر لەبارە بۆ بانگهێشتکردنی کەسێکی وەکو من، لە دیوێکەوە بیانیم و لە دیوەکەی ترەوە لە گۆشەنیگای ئەوانەوە گوایە هێلکاری و سکێچ بکێشم.



ئەمانەم گشت تاوتۆ کردن دەنا بەنیازی ساتوم نەزانیوە، تەنانەت لە ڕستە خەندە ئامێزەکەشی دڵنیانیم، ئایا بەڕاستییەتی یان، تەوس و گاڵتە بەکاڵفامیم دەکات. هەرچۆنێک بکەوێتەوە، با گورزی خۆم بهاوم و لە ئاکامدا، لە (ئەرێ و نەرێ) هەڵوێست وەردەگرم. ئەدی خۆم بەبزێو و ئەزموونکار نازانم. ئارام، لەمە باش و ڕەخساوترت بۆ ناسازێ... دۆخێکە و... تێکەوتووی ئا بۆت هاتۆتە پێش و، خۆت بگونجێنە. درێغی مەکە. ئەوە گیرام تووڕە بوو، دەرکەی لێ داخستیت و بەهاناتەوە نەهات... چی دەدۆڕێنی؟! ئاخر، لەو بەفرستانەدا چیت هەیە هەتا بیدۆڕێنی!! ئەوەشی سەربار بێت کە خۆت و ئەویت. کەسێکی نەبانتان لەکن نییە، بەڕوو مۆنی و چارە گرژییەوە گوێبیستی ویستە ناماقووڵ و حەزە شازەکەت ببێت یان، ئاشنایەکی ڕۆژهەڵاتیت لەپاڵدا نییە کە، جاڕ بدا و دووزەڵە و دەهۆڵ بۆ ئاکار و ڕەوشتت لێ بدات و ناوت بزڕێنێ، ئەوساش بەگران لەسەرت بکەوێتەوە. چاک لەوە ئاگاداریت کە، واتەوات و دەمگۆ و پڕوپاگەندە لە نێوەندی ئێوە گەلدا، لێکچووی ئاگری بن کا و قاو تەشەنە دەکات. ئەوەشی لەسەر بێت، زمانبەران مێشێک دەکەنە گایەک.

– ساتوخان، نامەوێ لە دڵت بکەوم و بڕیار بێت، نیگاری سەگەکەت بەڕەنگی ئاوی بۆ بکێشم بەو مەرجەی... هەڵوەستەم کرد، نەبادا وا تێبگات، ڕەنگارەکە لە قەرەبووی بەشداریم بێت لەگەڵیاندا چ لە ساونا و چ لە ئەڤینەکەیاندا بۆیە گورج مەبەستی خۆم ڕوونتر کردەوە.

– بەمەرجێک وێنەی سەگەکەت بەکامێرا بگریت بەو پۆز و دیمەنەی خۆت پەسندی دەکەی، باشە!

لە ناخمدا بەخۆم گوت: «ئارام هەر هەندەت کەم بوو کە ببیتە نیگارکێشی سەگان بۆ تینووشکاندنی خولیایەکی ناکاویت یان، خۆتێگلاندنە ناو تاقیگەیەکەوە کە، شتێکی نۆژەنی تێدا بەدی بکەیت!»

بەهەر حاڵ، باپیران گوتەنی: «شەڕ لە بەتاڵی باشترە» و هەم دەبێتە تاراندنی خێوی ئاوارەیی و بەزاندنی تەنیایی. باوکت هەموو جارێک دەیگوت: «تەنیایی، تەنیا بۆ خوا چاکە.» ساتو، لەو وەراوردانەت دایماڵیت.

– تۆ هونەرکاری و لە من شیاوتر لە بارەی پۆز و گونجاندنەوە دەزانیت. کامێراکەت دەدەمێ تۆ وێنەی هورای ئازیزم بگرە...

ئەز بۆ بیرخستنەوەی ئارەزووەکەم، دەوم لێنایەوە

– کەواتا... خێزانێکی مێینەی سێ کەسین! جەنابت و... هورا و...

دەرحاڵ ساتو ناوی کچە دۆستەکەی گوت:

– سارا. هەردووکمان لە ژوورێکداین و، هوراش ژوورێکی خنجیلانەی خۆی هەیە.

دەرفەتێکی گونجاوترم بۆ لوا بۆ ئەوەی ڕاییکێشمە ڕووگەی مەبەستەکەم. پرسیم.

– ئەدی سەردانی یەکدی ناکەن؟! ساتو نیازم لەوەیە ئایا هورا چاوتان تێنابڕێ یان، بە کلک و گوێ ڕاوەشاندن بێتە لاتانەوە؟

ئەو، بەپێکەنینەوە، هەر زوو لە نیازە پێچراوەکەم گەیشت و لەسەرخۆ گوتی: جا... یەکجاری بڵێ: لەو بار و کاتە سەمیمییانەدا هورا دەمانلێسێتەوە! هەی زۆرزان.

ئەوە کاتە (سەمیمی)یەکانم زانی، ئەی بار و وەزعییەتی چ دەگەیەنێ؟ خەریک بوو بیکەمە پرسیارێک کەچی؛ دەرفەتی لێ بڕیم و هەر زوو تینوێتیمی شکاند.

– بەزۆری حەزمان لە تێکئالانی «69» یە، سکستی ناین. ڕاستییەکەی هەرچەندەش بیرم بۆ لێستنەوە نەچوو بوو، تەنیا مەبەستم لە چاو تێبڕینی



دەڵە سەگەکە بوو لە بان و بن کەوتنی سارا و ساتودا کە، هوراش غەریزەی سێکسی بورووژێ بەڵام؛ ئاماژەکەی ساتوم بەلاوە چەشنی ئەوە بوو، ژوورەوەم باوەشێن بکات. لەوەش دڵنیا بووم کە، لەو هەندەرانەدا گەماڵ دەخەسێنن و، ئەگەر شەوانە نوزەنوز بکا و بقڕوسکێنێ ئەوا پزیشکی ئاژەڵ پێشنیازی وەگەڕخستنی مۆسیقای بۆ دیاری دەکات! وەلێ... چی لە دەڵە سەگ دەکەن گەر ئارەزووی سێکسی جما ؟ ئەویش بەهۆرمۆن دادەمرکێنن!! لەم ئانەدا، بەڕاشکاوی و بەبێ شەرم و شکۆ دەپەیڤاین. هەر نەبێ لە لای منەوە، ئەگەر جارانم بووایە، وتووێژی لەم جۆرە ڕوخسارمی سوور هەڵدەگەڕاند و تفم لە گەروودا بۆ قووت نەدەدرا و خوناو بەتەوێڵ و گۆناکانمدا ڕێچکەی دەگرت. پەنجەی دۆشاو مژەم بۆ نێو چاوان و بناگوێم برد، تەڕاییم پێوە نەدیت. ناوی پەنجەکانی دەستم بیر هاتەوە. لەبەر خۆمەوە بەبێ ئەوەی لێوەکانم ببزوێن، لە هۆشمدا ژماردمن؛ تووتە... برای تووتە... بالاّ بەرزە... دۆشاو مژە... ئەسپێ کوژە. هەرچەندەش ئایین پەروەران ناوی ئەنگوستی دۆشاومژەیان گۆڕیوە بەپەنجەی شایەتمان، خۆ ئەگەر ئەمە بەسەر دەستی ڕاستدا بسەپێ، ئەی ناوی چی لە پەنجەی چوارەمی دەستی چەپ دەنێن!! پەنجە لێستنەوە، سەربوردەی منداڵیمی هێنایە بەر نیگای هۆشمەوە. دایکم لە نێوان سێ ژەمە خواردنە سەرەکییەکاندا، دۆشاوی خورمای لەسەر کولێرە چەورە بۆ دادەنام. دۆشاوەکە خەست و زەردباو بوو. باوکم بەتەنەکە دەیکڕی پێشەکی بە لێوی خوارەوەم ڕووی کولێرەکەم دەلێستەوە، پاشان زۆر بە کەیفسازییەوە دەست و پلە چەور و دۆشاوییەکەم دەمژین یان کە عارەبانی «حەویجە» بەحوشتر و کەرەوە – کەرەکانیان زۆر کوڵ بوون – دەهاتن بۆ فرۆشتنی پشقل و تەپاڵە و حولە حوشتر. لە ناو شاردا، ئێمەی منداڵانی گەڕەک، شوێن پێی حوشترەکانمان لەسەر خۆڵە پەتانی ڕێگەکان دەدۆزییەوە. ئەوسا مەگەر بەدەگمەن کۆڵانەکان قیرتاو یان چەور ڕێژ کرابوون. ئا... پەنجە تووتەمان لە

ناوەندی شوێن پێی حوشتران دادەنا و، لەپمان دەکردەوە و ئەوجا پەنجە تووتەی دەستەکەی دیکەمان لەسەر پەنجەی ئەسپێ کوژەی خوارەوە دادەنا و لە سەرەوە پەنجەی ئەسپێ کوژەکەمان بەجەختەوە دەمژی گوایا تامی شیری حوشتر دێتە زارمانەوە! ئەو گەمەیەمان بە چێژی زۆرەوە ئەنجام دەدا و، وامان هەست دەکرد کە، ناو دەومان چەور بووە!! بیرمە هەرزەکارانی کۆڵان جاشەماکەرێکی دێزەیان لە کاروانی نزیکی شار گلدابووەوە، لە دۆڵێکی نزیکی گۆڕستانی شکۆمەندی شاردا شاردبوویانەوە. کوڕگەل پەیتا پەیتا باوەشە گیا و کا و جۆیان بۆ دەبرد. ئاویش بە تەنەکە و سەتڵە کۆن. هەرچەندەش جاشە ماکەرەکە بە گوریسێکەوە بەسنگەوە بەسترابوو، لەوانە بوو خۆی بەبەختەوەرترین گوێدرێژی دونیا زانیبێت چونکە؛ لە کۆڵ بارهەڵگرتن و نەقیزە ڕزگاری ببوو. لە لایەکەوە کوڕگەلیش لە پاداشتی ئەو ئەرکەیان هەمیشە ئیرەقی ناو گەلیان پێ دادەمرکاندنەوە. بەنۆرە چاوەدێرییان دەکرد و، نایشارمەوە منیش جارێک و دووان بەشداری ئەو ئاهەنگەم کرد. تاکە خەمێکمان ئەوە بوو نەبادا کەسێک بەنهێنییەکەمان بزانێ و لەو کاتە سەمیمییانەدا بمانگرێ یان لاوانی کۆڵانەکانی دی دەستی بەسەردا بگرن و، لە ئێمەی بشارنەوە یانیش لە ناکاودا بتۆپێ. ئەو ڕۆژەی گۆشتاومان هەبوایە، لوولاقێکم دەشکاند و مۆخەکەیم دەمژی. بێ لەوەش لە کۆرپەییدا مژینی گۆ مەمکی دایک و پەنجەکانمان لەوە بەدواوەش مژینی چلوورە و کرێمستیک و... هەنووکەش، پاش کەڵەکەی زەمەن و ڕۆژگاری تەمەن حەزم لە مژینی ئێسکە. ساتو، ئێسقانێکی پلاستیکی بۆ گەمەکردنی هورا هەڵدا، ئەویش هەڵبەزی و لە حەواوە قۆزتییەوە و، بەخێرایی هێنایەوە بۆ ساتو. دەستێکم بۆ ژێر ملی برد و بەنەرمی بۆم خوراند. ساتو ئەو خوراندنەمی بەنزیکبوونەوەی پتر زانی. ئاخر لەم وڵاتەدا بەکەسێک بێژی سەگەکەت، پشیلەکەت، مارمێلکە و جرجەکەت جوانە، ئەوا بەگەشکەیی و لە دڵەوە سوپاسگوزاریت بۆ هەڵدەڕێژێ. لەم



سووچەوەش دەشێ هەڤاڵبەندی چەکەرە بکات. ئەو دوو خاڵەی کە نواندم، مەبەستم لە نیگارەکە و سۆزمە بەرامبەر بە هورا کە، خۆی گوتەنی لە هەرسێ دەرچوونی ڕۆژانەی وەرزش و هەم بۆ خۆبەتاڵکردنی، تیسکە درێژەکانی شانە دەکا و عەتریشی پێدا دەپڕژێنێ.

نێوانمان پتەوتر بوو، سەمیمیتر بوو بۆیە وێرام بپرسم

– کەی دەست بە پڕۆژەکەمان بکەین؟

ساتو دەستی هاویشتە سەر شانم و، وەڵامی پرسیارەکەمی بە پرسیارێک دایەوە.

– نیازت لە کامەیانە؟

دەمودەست گوتمەوە: هەردووکیان. دیمانە سێ قۆڵییەکەمان و هەم نیگارەکەش. کامەیان پێش دەخەی، ساتو، ئەوە بۆ تۆی بەجێ دەهێڵم.

قژە سەرە خورماییییە کاڵەکەی لە سەرم نزیک کردەوە و، بەپەلە لێومی ماچ کرد، بەبێ ئەوەی دەرفەتم بدات کە تامی لێوەکانی بزانم یان خۆیان ئاسا زمانمان بگەنە یەکدی. هەستایە سەر پێ. پاشەڵە توند و بەرزە سڕبووەکەی هەڵشێلا. منیش بەتەرازووی چاوە تامەزرۆکانم جووتە گوڵمەکەیم هەڵسەنگاندن.

– دەبوایە بتگوتبا چوار قۆڵی... هێی... هێی.

ڕۆیشت و پەنجەی بۆ هورا تەقاند. هەنگاو بەهەنگاو چاوم لە بەژنی ساتو بوو، بەتایبەتی لەرینەوە و پاڵەپەستۆی گوڵمەکانی بیری خستمەوە کە، (پۆل سیزان) سروشتی بەشێوەی خڕ و لوولەیی و چوار پاڵوو دەدەراند. بۆیە لە ئەندێشی خۆمدا بۆ ڕۆژی دیدارمان ڕووتم کردەوە و، گەوزاندم. ئەم دەرەنجامەش منی ئارامی نائارام کرد. دەبوایە پرسیارم لە ژمارە جێنشینەکەی بکردبایە. ئایا لە بەشی (ئەلیفە) یان لە بەشی (بێ)!

بەخۆم گوت: ئاسانە، لە هەردوو بەشی باڵەخانەکەدا وەکو ئەوەی منی تێدام نۆ نهۆمە. لیستی ناوەکان هەڵواسراون و، بەهاسانی نازناوی «تالینێن» دەدۆزمەوە. ئەی باشە بۆخۆم سەنگین نەگرم. با خۆی پەیوەندیم پێوە بکات جا ئەویش ژمارەی جێنشینەکەم پێ نازانێ وەلێ؛ بەچاوگێڕانێک دەیدۆزێتەوە. لێرەدا، هەموو شتێک ئاسان کراوە، تەنانەت لە ناو پاسیشدا ئاماژە بۆ جێگە و شەقام و باخچە و مۆزەخانەکان دەکات.

لە ماڵەوە خەریکی ئەزموونێک بووم لە جێگۆڕکێ کردنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ – دوایی درێژەی دەدەمێ – لەم کارەمەوە بەسێ هۆ شادمەند بووم. یەکەمیان: خۆم بەئافریدەکار و داهێنەر زانی. دووەمیان: ئەزموونێکی نوێکار بوو لە پێناوی هونەرەکەمدا و... سێیەمیان: بەرێز و شکۆوە بڕوانمە شێوەی بنیاتی لەشی مرۆڤ. ئا... لەم ڕوانگەیەوە، ڕەواییم بە نیگام دا کە، سڵ لە لەشی ڕووت نەکاتەوە بەڵکو؛ جوانییەکانی هەڵمژێ، ڕێکوپێکییەکانی بەهەند وەربگرێ؛ جا ئەو لەشانە لە ڕۆخی ڕووباردا بووبێتن یان، لە فیلمی پڕۆنۆدا، سەرجەمیان دیتن و سەرنجدانن لە پێکهاتەی جەستەی جوانی نێر و مێ.

لە بارەی ژیانیماڵباتی و کۆمەڵگەی ساتو و ساراوە شتێکی ئەوتۆم لە لا نەبوو یان، ئەو گرێ و هۆکارە سایکۆلۆژییانە بزانم کە لە بارستایی ئەو خۆگرمۆڵکردن و، تەریکی و سێکسە شازەکەیان دابنێم لەمەڕ نەفرەتیان لە پیاو و هەڵبژاردنی سیستەمی مێیانەی گوزەرانی ڕۆژەکی و هەم شەوەکییان. دەشێ هەریەکەیان دونیایەکی فراوان و سەیر و سەمەرەی هەبێت و، نامۆ لەگەڵ داب و نەریتی ئێمەی پەروەردەی یەک جەمسەری و، دەرهاوێژی وشکە ئاینی و زەبری باوک سالاری و، کۆمەڵی داخراودا... تاد. هەر بۆیەشە تێڕوانینمان لەو کردارە غەریزەییانە هاوتەریبی دید و بۆچوونی ئەوان ناوەستێ چ لە داڕێژەی دوو شارستانێتی زۆر لەیەکدی



جودا و، چ لەبەر ئاست و پایەی پەروەردەیی و نشونمامانەوە لەمەڕ واتا و چەمکی عەیب و عار و هەرسێ تابۆکەی ئاین و سیاسەت و سێکس. بەهەر حاڵ ژیانەکەمان تژیی جووڵە و، ڕەنگ و مۆسیقایە. ئەمەم لە پیشانگەی هونەرکاری سەرشێت «پێککا پورهۆنێن» PEKKA PU- RHONEN بۆ دەرکەوت لە دەفتەرەکەیدا تێبینی خۆم بۆ نووسی. «لە بەندە شێتتر تۆی کە دوای جووڵە و هەژانی بێ گیانەکان کەوتووی! ئەز، خولیای تێکئالانی گیانە زیندووەکانم.»

# پاری دووەم

دەرفەتێکی لەبارە بۆ منی گێڕەرەوە کە لە بارەی ئارامەوە بدوێم.

تەختایی تێوڵی لە بۆشایی و پانتایی ئاسمانی ژوور سەری بڕی کە، ئەو دەمە بریسکانەوە و جریوەی ئەستێران یان؛ ڕاخوشانی یەک دووانێکیان نەخشەی کەلووەکانی هێنایە بەر سکرینی SCREEN هۆشە هەژاوەکەیەوە، بورجی شێری لە نزیکی بورجی گای بەلەسە و لاسارەوە دانابوون، لە ناوەندەوەش زیندەوەرێکی سەیر و سەمەرەی «سلفادۆر دالی»یانەی کێشابوو کە، یەکەڵە چاوێکی تاکپێ بوو. تووکە سەری ئەو زیندەوەرە لە پەڕی مەلەک تاوسەوە وەرگرتبوو. هەر پێنج نوخانی ئەو زیندەوەرە پێنج چاوی زیت بوون. پێیەکە بەسەر ونگەیەکدا



«LABYRINTH» بوو. لە ژێرەوەی ئەودا ئەژدەرێک قەپی لە خڕۆکەی زەمین گیرکردبوو. بەقەدی تاکە پێیەکەوەش چوون دوو چڵی دارمێو، جووتێ ماری ئاشقە و ماشقە هەڵگژابوون. ئارام، نیگای دابەش کرد و بەراوردێکی لە نێوان ڕووبەری ئاسمانە شینەکە و کەڤاڵە ڕەنگی ئاوییەکەی کرد. ئەو بەندەی بەئاسمانەکەیەوە دەگەڵ کاغەزەکە، بەکێشە و هەم بەرەنگەکانەوە بەراوردکردن تۆزۆکەیەک تێڕاما. هێدی پێڵووی چاوەکانی شەکەت بوون و، هاکا... خۆی لە خەونێکی ڕەنگ قەرسیلیدا بینی. ئەوەتا، خۆی بۆتە هەمان زیندەوەری ئافریدەکردی پەڕە مووچەکەی خۆی!! وا لە ناو مێرگێکی دلاّرادا هەڵدەبەزێتەوە. ئەو کاتەی قۆڵتێک یان ئاودرێکی دێتە نوا یان، تووشی جۆبار و دۆڵ و زێیەک دەبێت، هەر زوو جووتێ باڵی فریشتانەی لێ دەڕوێ و بەکامی دڵی چوون باڵندەیەکی زل دەپەڕێتەوە! دەشتوانێ چۆنی گەرەک بێت ئاوهالانە لە زەوی بڵند و بڵندتر ببێتەوە و، بگاتە تلۆفکی درەختان و ترۆپکی هەڵەمووتان. ئا... لەوێدا شیلەی هەڵووژە هەڵبمژێ و، قەپ لە هەرمێیەکی گەییو بگرێ یان، هەناوی بەکلۆیەکی بەفری دوندەکە فێنک بکاتەوە و، هەم لە دونیای خوارەوەی تێر تێر بڕوانێ. ئەوەشی بەپلەیەکی جاویدانی زانی، دەیتوانێ بۆن و بەرامەی کنێر و بەیبوون لە ناخی بئاخنێ و، ڕەنگی هەزار تەرحەی تۆنەکان بەچاو و هەم بەرەوانی هەڵمژێ. وای هەست کرد وا لە بەهەشتێکی عەدەنی ئەفسووناوی دایە کە: هەرگیز خەم و ئێش و خوسە دەرەتانی تێدا نادۆزنەوە چ جای دەردەداری و ڕەنجەڕۆیی و نەهامەتی بۆیە، گوێچکەی ڕاداشت بۆ سرپە و چرپە و هەناسەی سروشتی دەهندەکە، دایکانە بەدڵفراوانییەوە لە هامێزی خۆی توند توند گرتبووی. ئارامیش وەکو فەرزندەیەکی بەئەمەک و دڵسۆز جوگرافیای لەشی ئەو دایکە میهرەبانەی چوون ناو لەپی خۆی بوو کەوا، بنکۆڵ و چغورد و هەڵەت و بەستێنەکانی دەناسین و بەڵەد و شارەزاش بوو لە کەش و هەواکەی

بەجۆرێک کە چەندین جار ئەژنۆی خستبووە سەر سنگی زەمین و هەستی بە فێنکی و شێیی هەرێز و گڵ و چەقینی لم و زیخەکەیشی کردبوو. درِک و پەیکۆڵەکانی لە نەرمایی ژێر پێی چەقیبوون. چەو و ساپە قۆقزەکانی پاژنەیان شەقار کردبوو وەلێ، هەمیشە سازگارە ئاوی چاوە کانییە تەقیوەکانی بەلێو و زار و گەروویەوە گەواهی تینوویەتی شکاندن بوون. تاڤگە و پلوسک و خورِراوی قەڵبەزەکانی پەرەی گوێیان دەسمی و، هارمۆنیی وەرزگەلێک بوون لە ناخیدا پتر لە سیمفۆنیای ئامێری ژێ و فووەکان دەشنایەوە و ئەڵهای گەردوونەکەیان دەکرد. بگرە خۆی بە پارێکی کارای ئەو گەردوونە دەزانی وەکو ئەوەی خۆی ترۆپکێک بێت لەو کێوانە، رِۆحی زێیەکی کەفچرِ بێت یان، شۆرِە بییەکی ئەوتۆ بێت کە پەلک و گەڵاکانی سەرانسەر چاوی کەسک بن لە توێی بریق و باقی بوار و تەنکاوێکدا خۆیان بەدی بکەن و، حریت حریت قاقا بۆ ئەو دەشت و شنەی شەماڵەکە بخەنێنەوە!!

ئەو گەشت و گەرِیدەیییەی خەونەکەی بەلاوە پەسند و خۆشتر بوو لە ژیانی رِۆژگاری چەقبەستووی خۆی کەوا ئارەزووی رِابوون و ئاگایی لە لا مت کردبوو دەیهەویست هەمیشە ئەو پەرِانەی کە بە رِۆژنامەی تەمەنییەوە ماون، سەرەنجامی لەو فانتازیایەدا بگوزەرێنێ بۆ ئەوەی نیگای بەدزێویی خولگەکەیدا هەڵنەیەت چ جای مرۆڤ ساردکردنەوە و ئاسمان و زەریا ژەهراوی کردن. ئەڵبەتە لە تۆڵەی ئەو نامرۆییییانەدا، خرِۆکەی زەویش بوومەلەرزە، زریان، گرِکان و تسونامی دەخاتەوە! بەتایبەتیش لەو گەشتوگوزارگەرییانەدا کە، بەهای مرۆڤ و بیر و رِەوشتی تێدا دەبنە بەڵمە برنج و هەرِراج و هەرزانفرۆش دەکرێن توورِەیی هەناوە کڵپە دارەکەی ئارام، رِۆحە گەچڵاوەکەی بە رِەنگ و هێڵ دەدەرێنێ و، هەرگیزا و هەرگیز لە ئاکامی نەپرسیوەتەوە کە ژن و منداڵانی یان پیر و لاوی رِاپێچ کردبێتە



ژوورەوەی خۆی. لە وریایی و هەم لە ئەندێشەکانیدا زارگۆی ئارِاستەی خۆی کردووە و بەس، ئەمەشی بە وڵاتپارێزی رِاستەقینە زانیوە و (ئاوهالانە خاک و من یەکدی دەناسین) تەنانەت کە بیویستبا خاک دایدەپۆشی (ئەو منە و من ئەوم).

ئاماژە و رِەمز و هێماکانی یەکدییان بەچاکی دەخوێندەوە و پەنهانەکانیانیش لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵان. بەمەش ئۆخەییان بەیەکتری دەهاتەوە و شادمەند دەبوون.

رِۆژەکە بارگەی خۆی تێکنا و داکشایە ئەو دیوی ئاسۆکەوە دامێنی زەرداوی ئێوارەکە خەریکی داگیرسان بوو. لە ئاسۆی دووردا سوور هەڵگەرِا بوو، هەرچەندەش لێوارەکانی زێرِین بوون. ئارام، ئەم دیمەنەی لە ئاسمانی کەڤاڵەکەیدا لێرە و لەوێ بەپەڵەی زێرِین و داوی تەڵایی لە دامێنی هەورە گوڵگوونەکاندا بەرجەستە کردبوو. هێڵی نەرم و نیان چوون کڵاوی دەسچن یان نەرمە زینی ئەسپی رِەسەن کێشابوو. هەورە ئاوسەکانی پێش دیدی ئێستای و، لە کەڤاڵەکەشیدا بە ئاڵێکی گوڵ هەناری و دڵۆپی خوێنی پژاو دەچوون. لای سەرووی هەورەکانیش شینی لاجیوەردی و کوژەکەیی کردبوون. هەتا بینایی چاو بڵند و بڵندتر بیرِوانیبایە، ئەوا رِەنگەکە دەبووە خامەکی مۆری سوخمەی کەنیشکێکی ژێر رِەشماڵەکەی شەو.

ئەو گشت دیباژە و پێشکەشییەی بۆ ئەوە بوو کە سەرەداوێک بگرێتە دەستی و لەگەڵ خلۆربوونەوەی گلۆڵەی رِووداوەکاندا ئاودیوی ناو نۆڤلێتەکەی بکات کە، هێشتاکە فەریکە، ئارام بەخۆی گوت و منی گێرِەرەوە بوومە «ئەو»ی باڵای.

«دەشێ نۆڤلێتی بێ ناو بنووسرێت؟!»

ئەدی خوێنەر چۆنایی پێناسەی بکات؟!»

«مەگەر بێژێ: نۆڤلێتە بێ ناوەکە دەق وەکو سترانبێژەکەی بەر تەکیەی تاڵەبانی.»

«یان ئەو نۆڤلێتەی کە نووسەرەکەی ناوەکەی لەیاد چوو بوو!!»

«یان بەئەنقەستی ناوەکەی فەرامۆش کردبوو!!»

«ها ها ها، ئەی بۆ نەیەژێت: تێکستە سپییەکە»

«یان ئەو تێکستەی کە ناوی هەبوو کەچی دەزگای بڵاوکردنەوە لایبرد!»

«بۆ؟!»

«ڕووی ئەو (بۆ)یە لە خۆت بکە»

«جا منیش ئاڕاستەی ڕەخنەگرانی دەکەم.»

«کەواتا بووە گێژ خواردنی ناو بازنەکە!»

«ئەدی ئەرکی ڕەخنەگر چییە!؟»

«ئەگەر بوونی خۆی سەپاند ئەوسا دوو پەیڤ و نیوی لەگەڵدا دەکەم»

«منیش حەواڵەی دادگەی خوێنەرانی دەکەم»

***

لەو دەمە ساتەدا، دەستێک ڕایوەشاندیت و لە مۆنۆلۆژ و تەوژمە ناخییەکە داپماڵێت. ئارام تۆ، پەنجەت بۆ تاریکایی ڕاداشتبوو... کە دەنگێ هاتە بەرگوێت.

– لێرە چ دەکەی ماڵ ئاوەدان؟!

لە پاش ئێستێک.

– ئێژی تەلیسی داخسووریت لەو گۆڕەدا هەڵاژیاویت!!

تۆ دەمت کردەوە: بۆ!؟ پاڵکەوتنیش قەدەغە و تاپۆیە!؟

– نا بەڵام، لە پیاو خراوێک ناترسی کە بە لوولەی تفەنگە شڕێک



گیرفانەکانت پاکۆ بدات یان، هەر بۆ هەوەسبازی گوللەیەکی ئاگردارت پێ تاقی بکاتەوە!!

نەتزانی چۆن وەڵامی ئەو زەلامە سیسەڵەیە بدەیتەوە هەرچەندەش زمانی چاو و برۆت سوپاسڕێژییان بۆ دەراند. نا ئەو، هیچی هەڵنەڕشت، تەنیا سەری بۆ لەقاندیت بەو واتایەی کە، سەری لە گەنجی وەکو ئێوەی ئەمڕۆکە دەرناچێت. ڕاست بوویتەوە و، تۆز و خۆڵت لە خۆت تەکاند و بەمنی گێڕەرەوەت گوت:

– ئەوە بەر لەوەی بگەمە ئەم هەندەرانە ڕووی دا کەچی؛ لێرەدا سێ شەو و سێ ڕۆژ ڕابکشێ، کەسێک نییە بە تەنگتەوە بێت!!

– دەی باشە هەر خۆت گوتت لە زەمهەریری ئەم سەهۆڵبەندەدا، بەد مەستانی دوای نیوە شەوان، دەست بە ملی شووشە مەیەوە ڕەق دەبنەوە و شارەوانی دەپەرژێتە سیرمۆنیی دوا گەشتی تەمەنیان، وانەبوو!!

– کاکی گێڕەرەوەی هێژا، هەردوو دۆخەکە هەن وەلێ؛ لێرەدا مرۆڤ خودانی کرداری خۆیەتی و هەر خۆشی بەرپرسی ئاکامی هەڵوێستەکەیەتی.

بۆیە تۆش بڕیاری خۆت دا کە ببیتە خاوەندی بڕیار و چارەنووسی خۆت. هەرکەسە لە ژیانیدا مەراقێک بەرەنگاری وەسواس و تێفکرینی دەکات. بەشەوانیش ڕوو بەڕووی دڵە ڕاوکە و شەونخوونی دەبێت. هەن تووشی ئەڤین دەبن و بەشەوان ئەستێران دەژمێرن. هەن لە قامیش شمشاڵ و بلوێر دروست دەکەن و مەڕەکانیانی پێ دەلەوەڕێنن و، پڕ چێژ و لەززەت دەبن. هەن پەڕتووکان دەخوێننەوە، دەنووسن، ڕەسم دەکەن و بەرد و دار دەتاشن و هەن و... هەن...

ئارام، ئەتۆش مەراقت چۆتە بەردە بەنرخ و فەردار و پیرۆزەکانەوە. ڕەنگ و تیشکەکانیان تەلیسمن ڕاتدەکێشن و ئەفسوونت لە دڵدا بۆ دەگێڕنەوە. لەو باوەڕەشدای کە، ئاقیق و کوژەکەت کردە نقێمی

ئەنگوستیلەکانت. هەروەها یاقووت و زومرووت، سافیر و زەرکۆن، مرواری و تۆپاز ئەوا واتایەکی دیکە بە ژیانت دەبەخشن گوایا پەیوەندییان بە داهاتەوە هەبێت... یان بەخت بکەنەوە و نوقلانەی ئایندە سازی بن! بەڵکو دەگمەنی و جوانیت مەبەست بوو هەتا بەم دوایییە و بەڕێکەوت چاوت بە بەردۆکەیەکی ورشەداری سەوزی ئاودار کەوت. هەر بە زوویی ئاشنا و هۆگری بوویت، کەمەندکێشی کردیت و، لە ئینسکلۆپیای «جێمز»دا – خۆت واتەنی لە قامووسی بەردە پیرۆزەکاندا – لە ناوەکەی پشکنیت و لەو ڕۆژەوە عەودالّی تۆپاز TOPAS بوویت بەڵام؛ چۆن مەزنە بەردێکی وات دەسگیر بوو، ئەوە جارێ لەوێ بوەستێ، لەو ئینسکلۆپیایەدا نووسرابوو کە، ئەو جۆرە بەردە بەنرخە لە ڕێژگەی یان لە ڕۆخ و لێواری ئاوەڕۆی زێیەکاندا بەدی کراوە و ڕەنجی کەمیان گەرەک بووە بۆ دۆزینەوە و چنگ کەوتنیان بۆیە، تۆی عەبدالّی کۆکردنەوەی بەردی پیرۆز و شتی نایاب و دانسقە. کتوپڕ بڕیارێک لە مێشکتدا چرۆ دەدات کە هەرچی زووە بگەیتە دۆڵی ڕۆخانەی گەرمیان. لەوێدا هەم پانتایی لمین هەیە و هەم کۆنینە ڕێڕەوی ئاوی (باسەرە)ی لێیە. ئەڵبەتە لەمێژ بوو چەند جارێک بەهۆی هامشۆی باوکتەوە ئەو گوزەرەت دیتبوو.

ئاپۆ ڕەشید پارچە زەوییەکی بەدەم ڕۆخانەوە هەبوو. بە تاوستانان دەیکردە شاتیی کاڵەک و شووتی. ئەوە لەبەر دڵی تۆی خوێنەر ئاوها ناوم برد دەنا خەڵکی ڕەمەکی ئاوایی تەنیا بە (ئاپۆ) و هیچی تر ناویان دەهێنا. لەوانەشبوو جەوانانی ئەوێ ناوەکەی ئەویان نەزانیبێت بەڵام؛ وەکو ناوەکەی هەتا بڵێی پیاوێکی ڕەشید و نانبدە و چاوتێر بوو. خەنجەرە دەبانەکەی لە باب و باپیرانەوە بۆی مابووەوە، بەبەرۆکدا لەگەڵ کیسە تووتنەکەی بەلاتەنیشتی پشتێنەکەیەوە بوون. لە چیتی نیتک نیتکی سپی (مامز)ی هاوسەری بۆی دروو بوو، ئێرە جێگەی شیاوی باسکردن نییە لە جۆری تووتنەکەی و چۆن دەسگیری دەکرد یان، باس لە بەرد و



ئەستێکەی بکەم. ئاپۆ، هەمیشە دەیگوتەوە: «ئەوەی ڕێبواران لەم بێستانەی مندا دەیخۆن، ڕەببی نۆشی گیانیان بێت و خوای بانسەر دوو هەندە بەرەکەتی تێ دەکا».

هەر واشبوو. شووتی و کاڵەکەکانی تێراو و زل بوون بەشێوەیەک ناچووە ئاوەزەوە کە، ئەو بڕکە لاوازانە بەری قورس و مەزنی وا بگرن! ئەوەش بەهۆی تۆوی نوێوە بوو کە، لە شارەوە بۆ تاقیکردنەوە هێنابووی. سەرەڕای ئەوەش وردە پەینی ژێر پەچەی مێگەلی ئاوایی بەکۆڵ دەبردە بێستانەکەی و، هەر چاڵە و دوو قەمچی تێدەکردن. چی! چی! لە کام شارەوە؟ های سەیرە لەتۆ! دەبێ لە (باسەرە)وە نزیکترین شار لە کەرکووک بترازێ کوێ بێت هەی گەوجە! جا بۆ نایەیت و جڵەوی گێڕانەوەم لێ وەربگری!! ئەوسا سەرپشک بە چۆنی ڕادەوەشێنی. ئەگەر... نا، ییچێک دان بەخۆتا بگرە و گوێیەکانت ڕاتەکێنە... باشە.

لەم دوایییەدا، بەهۆی پەیوەندی (باپیر)ی برازاکەی بە ڕابەرێکی کشتوکاڵییەوە بە پەینی کیمیاوی پەرەی بە بێستانەکەی دا. لەویشەوە فێربوو کە، ئەو تۆوانەی ساڵ بە ساڵ کۆی دەکردەوە لەسەر ئەو تاوێرە بەردەی کەوا بەرماڵ ئاسایی هەڵکەوتبوو، لاوازتر دەبوونەوە. میوان و ڕاگوزەرانیش پاش ئەوەی ئاپۆ خولّقی دەکردن بۆ پشوودان، بەکێردێک یان جاروبار بەخەنجەرە دەبانەکەی، شووتی و کاڵەکەکانی بۆ کوزکوز دەکردن، ئاخر مەگەر مێوانێکی فرە ئازیز بووایە کە، دەبانەکە لە کەلان دەربێنێ. ئەوەی بەحەیف و نالەبار دەزانی و ناچاری دەکرد لە شاردا زاخاوی بداتەوە، ئەو کارەی بە کێردە مستو شاخەکەی دەکرد. دەروێش نامیقی خەنجەرچی، دۆستی دێرینی هەموو جارێک ئەوەی لە لا دەگوتەوە کە خەنجەری دەبان ڕۆحی لە جەوهەرەکەی دایە و دەتۆرێ. لە دیوەخاندا، کەوا و سەڵتەکەی لەبەر دەکرد و تەزبیحێکی نەرجیلی بەمستۆی خەنجەرەکەیەوە

لوول دەدا. پاش ئەوەی شووتی و کاڵەکەکانی قاشقاش دەکرد، کێردەکەی دەهاویشتە تەنکاوەکەوە. ئەو تۆوانەی لەوێ دەمانەوە لەبەر خۆرە گەرمەکەی تاوستاندا هەتاکو نزیکە پاییز هیشک دەبوونەوە و مامزی شووی دەپەرژایە خڕکردنەوەیان بۆ ناو سەبەتەیەکی قنج بۆ ساڵی داهاتوو. تەمەنێک بوو ئەوە کار و پیشەی وەرزیی ئاپۆ ڕەشید بوو لەپاڵ ئەوەشدا، لەو دێمانەدا قەیاسەی قسناغێ گەنم و دوو قسناغ جۆی شین دەدا و گوزەرانێکی مامناوەندییان بۆ دەڕەخساند. ڕاستییەکەی چێژی لەو دەشتاییە کاکی بەکاکییانە وەردەگرت بەتایبەتی کە دەبووە بێستانەوان، بەتەک بنج و چاڵەکانەوە ڕادەما وەکو چۆن ئارامیش لە منداڵییەوە سەری دەکردە ژێر هەرزاڵەکەیانەوە و، چاوی دەبڕییە هێلکەی بن مریشکە کورک، دایکی ناو بەناو لێی تووڕە دەبوو نەبادا هێلکەکان پیس بن! ناو بەناویش هێلکەیەک زەردەی دەبرد و هاکا دنووکێکی وردیلەی لێوە دەهاتە دەرەوە بەدیارییەوە وەکو ئاپۆ کروشکەی دەکرد. جووجەڵەکان بەجارێ لە قەپیلەکانیان دەترازان. ئارام یان ئاپۆ ڕەشید لە جێگەی خۆیاندا هەناسەی شادییان هەڵدەکێشا. هەردوو دیمەنەکە: بڕکی ناو چاڵەکان و، جووجەڵەی ژێر شوقەلەتەکە چوونیەک ئاماژەیان بۆ ڕسکان و لە دایکبوون دەکرد بەڵام، ئارام کە بەساڵدا چوو، پرسیارێکی بەجێیی لە خۆی کرد.

«ئەرێ بۆ جووجەڵە و بێچووە مراوی، یان تووتکە سەگ و پشیلان، کاتێک لە هێلکە یان لە دایکیان جیادەبنەوە وەکو کۆرپە بەکوڵ ناگرین! ؟»

ئاپۆ لە پەلهاوێژتنی بنچک و بڕکەکان ڕادەما و بیری بۆ تافی جەوانیی خۆی هەڵدەگەڕایەوە. شوانێکی کارامەی ئاوایی بوو. بەر لە گزنگ و نوێژی بەیانی و قووقەقووقی کەڵەشێران، بەدەماخەوە ڕابەریی ڕانەکەی، بەبێ پرتە و بۆڵە دەکرد. قەدپاڵ و پاوان و لەوەڕگاکانی تەی دەکردن. قەتاوقەت لە جێگەیەکدا زۆر ناگیرسایەوە. گیا و گژی کوێ بە دەمی مەڕ



و بزنەکانی خۆش و بەتام بوایە، لەوێ پتر دەحەسایەوە ئەڵبەتە. ماکەرە گوێدرێژەکەی لەو گوزەرەدا دەیکردە شاییلوغانی خۆی، قەپۆزی لە ئاسمان دەنا و بە کامی دڵ قەوچەقەوچی دەکرد و، لە پاشەوەش زنجیرە تڕێکی بۆ بەهارەکە دەهاویژت. ئاپۆ بەو دیمەنە پەپوولەی خەندە لەسەر گۆنا و لێوەکانی دەنیشتەوە. ئەوە دیسان قسەت پێ بڕیم! ئا... وەکو گشت گەنجانی لادێ، لەو نەوبەهارەدا ئیرەقی دەکرد. ئا... ئا... لە نیازت زوو دەگەم. ڕەشیدی هەرزەکار کە دەیدی وا کەسی لێوە دیار نییە و، ئەوەکەی ناو گەڵی هەراسانی کردووە بەپاشەڵییەوە خۆی دەنووساند. ئەمەت نیاز بوو؟ کوڕی باوکم ئەوەی لە لادێدا عەیبە بێت، ئەوەیە کە گەنجێک یان شوان و گاوانێک خۆی بە ماکەر بەتاڵ نەکردبێتەوە! ئەمێستا دڵت ئاوی خواردەوە. ئا لەگەڵ تۆمە خوێنەری بەڕێز، ئەوجا دەستی بۆ لای پشتێنەکەی دەبرد و شمشاڵەکەی دەخستە جۆش و خرۆشەوە بەتەرحێک وای هەست دەکرد کە، مێگەلەکەیشی لەگەڵ جاشەکەر و (شێرە)ی گەماڵەکەی کەیفیان سازاوە، بەئیشتیاوە دەلەوەڕێن. قومێ ئاوی ساردی دەخواردەوە کە لە خورجی ماکەرەکەدا دەری دەهێنا دەستێکی بەگوێیە درێژەکانیدا دەهێنا و، گوێچکە نانێکی بۆ شێرەش دەهاوێژت، ئەویش لە حەواوە دەیقۆزتەوە. لەودیوی خورجەکەشدا مەشکە دۆیەکی بچووکی هەڵدەگرت بۆ کاتی برسیبوونی، لەگەڵ نان و پیاز و پونگە و ترشۆکەدا ئەگەر ئاوێکی لە نزیکەوە بوایە دەیخوارد. ئەو کاتانەی کە پشووی بە ڕانەکەی دەدا، لە بن دارێک یان لە نسێ و سێبەرێکدا، ئەوانیش کاوێژیان دەکرد. ئەویش زۆرینەی ئاوازی دەڤەرەکەی فێربوو، دەیژەند. گوپەکانی پڕ لە با دەکرد و ئاوازی بەو ناوەدا بڵاودەکردەوە. تەنانەت خۆی لە قەرەی «ئەڵڵا وەیسی»ش دەدا. با بۆخۆی بژنێ و لا لە ئارام بکەینەوە. گوتی: «ئەو حەز و مەراقی ئەنگوستیلە و نقێمەکانم لە زەلامێکی دونیا دیدەوە وەرگرتبوو کە، تەماشای هەر بەردێکی بەنرخی بکردبایە دەسبەجێ

دەیزانی چ جۆرە و سەر بەکام بەختامێزییە و، بۆ کەسی دی بەد فەڕ و شوومە!» زۆری لەو کابرایە ڕیش چەرمووە ژنەوتبوو. شەو و ڕۆژ کەوتە خودەی کۆنینە پەیداکردن و کڕینی نقێم و بەردی پیرۆز. قەیدی چییە. مرۆڤی ئەوتۆ هەیە پارەی دێرین، پوولی پۆستە و شتی سەیر کۆدەکەنەوە. لە خوارووی قەڵای «ئارابخا»دا کابرایەکی دیتبوو، بەردۆکەیەکی مێژینەی بەدەستەوە بووە. ناو بەناو سەرنجی لێ گرتووە و پێکەنیوە! ئارامیش دوورە و پەرێز لێی چۆتە بەرەوە دەبینێ وا لەسەر بەردە چڕەکەدا، نەخشی خۆرێکی تیشکداری پێوەیە. دوو ڕەنگی سوور و شینی کاڵی بەدی کرد. لە چوارلای بازنەی خۆرەکەدا، سەر و سێ تیشکی بۆ کرابوون کە بە کۆ دەیانکردە دوازدە تیشک بەڵام، تیشکەکان دەرزییانە ڕاستە و ڕاست نەبوون بەڵکو لە شێوەی توولە مار یان شەپۆلی ڕووی ئاو کێشرابوون! لە کابراکە دەچێتە بەر و داوای فرۆشتنی بەردەکەی ناو لەپی لێ دەکات. کابراش بەهیچ کلۆجێک دەسبەرداری نابێت چونکە خۆی گوتەنی ئەو بەردە لووسە لە دەمێکەوە هاودەمی بووە و، تەنانەت بەشەوانیش قسەی لەگەڵدا کردووە!!

ئارام، هەرچی کۆکردبووەوە، لە پێستی زمانی عبرانی نووسراو بگرە هەتا دەگاتە ئایەتی قورئانی لە عاج هەڵکەندراو، پارەی کۆنی مس و زیو و زێڕ، دوو سێ دەسنووسی پەیدا کردبوون لە بارەی عیلمی مەنتقەوە لەتەک تەزبیحی کارەب، نەرجیل، یوسر، سەندەلوس و ئەبلەق. هەروەها خەنجەری دەبانی مستۆی کەڵە کێوی و کیفی زیوینی نەخشێندراو، لەوانەش بترازێ بەردی پیرۆزە و ئاقیقی یەمانی و یاقووتی دەنکە هەناریی وەدەس هێنابوون. سەرپاکی ئەوانەی لە ناو سنووقە دار گوێزەکەی نەنکیدا شاردبوونەوە، ئەوەشی لە سنووقێکی گەورەی دیکەدا دادەنا کە هی کاتی بووکێنی «نەنە ئایشە»ی بوو. بەسەر مینای ناوەندییەوە وێنەی بوراقێک کێشرابوو. هەرگیز لەیادی ناچێت کە ئەو بوراقە هاندەری



نیگارکێشانی بوو، دەق وەکو خۆی لاسایی هێڵ و ڕەنگەکانی دەکردەوە. لەمدیو ئەو دیوی بوراقە قەشەنگەکەشدا، دیسان لەسەر مێنادا دوو کەو کێشرابوون لە پاڵ چڵە گوڵێکدا کە بە گوڵەباخ دەچوون، ئەمەشیانی چەند بارە ڕەسم کردبوو. مینای بوراقەکە دەرکەی سنووقەکە بوو، دوانەکەی تر ناکرانەوە. لە منداڵییەوە ئەو بوراقە گەلێک سەرنجی ئارامی بەر لە چوونە قوتابخانە ڕاکێشابوو چونکە؛ لە هەرلایەکەوە لێی دەڕوانی لە پێشەوە لە چەپەوە و لە ڕاستەوە، بوراقەکە هەرگیز چاوی لەو ناتروکاند!! چاوە گەشە بە کلەکانی بوراقەکە هەندە کاریگەری بەسەر ئەودا هەبوو کە لەو بڕوایەدا بێت ئەگەر لە پشتەوەش، لەودیوی سنووقەکەوەش دیسان لەو دەڕوانێ! منداڵ بوو کە لە ترس و زەندەقچوونی مارکوژییانەی دایکی ئەگەر هەڵە و کەتنێکی بکردبایە ئارام خۆی دەپەستایە ژێر هەرزالەکەوە یان، جەستە بێ نموودەکەی دەئاخنییە ناو ئەو سنووقەوە کە: ئەو ساکەی نەنە ئایشی فریاگوزەری مابوو. کاتێک ئەو نەنکەی بۆ کار و مەرامێکی خۆی دەرکەی بوراقەکەی لادەدا و، لە ناکاو ئارامی لە ناودا دەدی، یەکسەر دەیزانی، ئارام لە چەپۆکی «خونچە»ی دایکی هەڵاتووە و، ئەوێی بە لەبارترین دەرەتان زانیوە بۆیە هێدی هێدی دەستە چکۆلەکانی ڕادەکێشا و دەیخستە ژێر باڵی خۆیەوە بەڵام؛ کە یەکەم جار نەنە ئایشی چاوی بەچاوە بزەکانی ئارام کەوتبوو بەفریشتەی زانیبوو، یان ڕۆحی مێردەکەی بۆیە دەرحاڵ لە هۆشی خۆی چووە. «ئێستا نەمردووە، چەند ڕۆژ و عەیامە ڕۆحی دەرچووە» خونچەی دایکی وتەنی. ئەوسا ئارام دەیکاتە قیژە قیژ و هاوار، دایکی بەهانایەوە دەچێت و، ئاو دەپرژێنێتە ڕووی دایکی. ئەویش وردە وردە چاو دەتروکێنێ و دێتەوە هۆشی خۆی. نەنکی لە هەڕەشە و گوڕەشە و نقورچ و سیخورمەی دایکی دەیپاراست. ئاخر مانی نەنکی بۆ ئەوی مێردمنداڵ قەڵغان و سوپەر بوو. ئایشە لە چەندین سکەوە تەنیا خونچەی بۆ مابووەوە. گوڵمەحەمەدی تاکە نێرینەی لە دەسرێژی «الجیش الشعبی»دا

فیشەکی وێڵ سنگی دەپێکێ و ئاو بێنە و دەست بشۆ... چی؟ مەبەستم لە کێیە دەستی بشۆرێ؟! ئەوە هەمدیس داوی گێڕانەوەکەمت قاچی! جا قەیدی چییە، با نەنکە ئایشە نەبێت، با خونچەی کەنیشکی و ئارامی کچە زای و تۆ و من دەستەکانمان بشۆرین، گیانەکەم هەرچی زۆرە لەم وڵاتەدا ئاوی کانی و جۆبار و زێ و ڕووبار زۆرە بەڵام؛ ها... ها... ها. ئاوی شێرەی ناو ماڵان گرێدراوی دەریاچەکانی «دوکان» و «دەربەندیخان»ن! ئاخر دابەشکردنی ئاو و کارەبا کە لە بنەڕەتەوە یەکسان نییە. گەڕەکێک تینووە و، گەڕەکەکەی ئەولا، باخچەکانیشیان لە ئاو زۆری ئێق دەدەنەوە!

مام عەلیی باوکی ئارامیش لەو کەینوبەینانەدا تای ئارامی دەگرت و دەسخۆشیی لە خەسووی دەکرد واتە دوو دەنگی لەپاڵدا بوون دژ بەدەنگی دایکی. بەوە پشت ئەستوور دەبوو گەلێکیش فەرامۆشیی دەهاتەوە. ئەم پەناهەندەیییەی هەنووکەی بەپەنابردنی ناو سنووقی بوراقەکە دەچێت، پشتگرتنی باوکی ئەوسای بەرامبەر پشت بەستنی ئارامە بە هونەرەکەی کە، ناو بەناو، لێرە و لەوێ پێ لە بەرەی خۆی پتر بهاوێ. ئەوسا ئەگەر قالۆنچە و پەپوولە و خاڵخاڵۆکە، تەنانەت دوپشکی چزوو قرتاوی لە ناو شووشەی گچکەگچکەی باوکی دەپەستان، لێرەدا مل بۆ نادیاری ناو کۆمەڵە نوێیەکە درێژ دەکات و، خۆی لە تابۆ و حەرامەکانەوە نزیک دەکاتەوە. ئەو شووشانە هی بۆیاغی باوکی بوون، دایکی بۆ هەڵگرتن و تەقەتکردنی بیبەری ڕەش و خوێ و سماق و بەهارات لە قوژبنێکدا دەیشاردنەوە. ئارام، پاش ئەوەی بە لم و زیخ پاقژی دەکردنەوە، ئەوجا بەئاوی کولاو یان بەگڵەسەری دایکی دووبارە پاکیانی دەکردەوە.

– تکایە دەرفەتی پرسیارۆکەیەکم بدە.

تۆی خوێنەر دەمت لە منی گێڕەرەوە نا چونکە، جاروبار دەبێ ڕۆڵەکانمان



بگۆڕین. ئەوسای من دەبمە ئارام و داوی گێڕانەوە دەگرمە دەستم، تۆو ئارام گوێگر دەبن، جاری واش تۆی خوێنەر بێرە ئارامانەوە.

– کەواتا ماڵمان بەش نەکردووە.

– ناشیکەین بەڵام؛ جارێ بێ دەنگ بە.

– بەو مەرجەی لە ئاکامی گەڕان و پشکنینی ئارام بێ بەهرەم نەکەی هەروەها لایەکیش لە بێستانی کاڵەک و شووتییەکانی ئاپۆ ڕەشید بکەرەوە.

ئا... ئاپۆ ڕەشیدی گەنم ڕەنگی باڵا بەرزی کەوا و سەڵتە لەبەر، لە هەڕەتی گەنجیدا کە تازە (مامز)ی لە باخەڵ نابوو، مشکییەکی میل سوور و سەوزی جافانەی لە دەوری کڵاوە قووچە ڕەنگاوڕەنگەکەی دەبەستا کە، دوێتە دەسڕەنگینەکەی ئەحەی شانخوار دەیڕازاندەوە. فەقیانەکەی هەریەکەیان گەزێ درێژ بوون، لە بلووریی سپی چوون چوڕی شیری مانگا زەردەی مامز بوو. کەوا و سەڵتەکەی لە فاسۆنی فەتاح پاشای ڕەنگ خورمایی بوو وەلێ، کە بەرەو هەورازی تەمەن هەڵکشا مێزەرە گەنجانەکەی بەهەورییەکی داخداری ڕەش و خۆڵەکەوەیی ئاڵشت کرد. ڕەنگی کەوا و سەڵتەکەشی بەرەو قاوەیی تێر و بۆزی چوون. لە هەردوو تافیدا کە، دەچووە سەر بێستان خۆی پەتی دەکرد، لەجیاتی پۆشاکی دەرەوە و دیوەخان، شەرواڵێکی نیوداشتی لەبەر دەکرد. خەنجەرە دەبانەکەی لە ژێر کەپرەکە دادەنا و هاکا پەلاماری پێمەڕە و خاکەنازە قۆڵ کورتەکەی دەدا. لێرە و لەوێ باریکە ئاوی دەگەیاندە چاڵۆکەی بڕکەکان هەتا پاراو دەبوون. ئەڵبەتە ئاودانەکانی لە پاش خۆرنشین و تەشقی گەرما هێور بوونەوە ئەنجام دەدا نەبادا گوڵە گەش و تەڕچکەکان سیس بن. بۆ وچان و حەوانەوەی دەچووە ژێر ساباتەکەی. پەڕێ سیغاری (بافرە)ی دەپێچایەوە. بەئەستێ و بەردەکەی گڕی لە قاوەکەی بەردەدا. هێواش هێواش فووی لێ

دەکرد هەتا باش دەگەشایەوە ئەوسا لە نووکی سیغارەکەی نزیک دەکرد و هەڵیدەمژی. سیغارەکە دوکەڵی دەکرد، ئەویش مژێکی قووڵتری لێ دەدا و قاوە سووتاوەکەی دەدایە دەم ئاوەکەوە نەبادا پووش و پەڵاشی ئەوێندەرێ گڕ بگرن. لەو دەمانەدا ئاپۆ، شای عەجەمی بە سەپانی خۆی ناگرت چونکە؛ خۆی سەپانی خۆی بوو، حەوجەشی بە شا و میران، بەئاغا و کێخوایان نەبوو. ئاپۆ چوون شوان و گاوانی گوندەکەیان تاک بەتاکی مێگەل و نێری و مانگا و کەڵ و بزن و تەگەی خۆیان دەناسن تەنانەت ناویشیان لێ دەنێن، ئاوهالانە ئاپۆ ڕەشید بنچک بەبنچکی، بڕک بەبڕکی ناو چاڵەکانی دەناسین. بەدیاریانەوە وتووێژی لەگەڵدا دەکردن. ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ پەلهاوێژتن و گوڵکردنیان یان کەوتنی ئەو گوڵانە و، لە جێیاندا خڕۆکە و بنەمای شووتی و کاڵەک دەژیا. ئەوانەی بەوەچی خۆی دەزانین چونکە؛ پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە هاوشانی خۆشەویستی خاک و زێدە. خاکیش دایک و بابی بەئەمەکی هەمووانە. ئەو نەبێت ئێمەش نابین. بوونمان بەوەوە بەندە، بوونی ڕاستەقینەمان و... ئاو بێنە و دەست بشۆ، ئەمێستا لەگەڵ تۆمە خوێنەری خۆشەویست چونکە: واین لە ناوەندی خڕەکەی ڕۆخانە و، لە بەستێنی (باسەڕە)دا. ئاپۆش خۆی گوتەنی (شامی)یەکی لە قۆڵتێکی ساردی ئەوتۆی بۆ هێناوین هەندە نەماوە بقڵەشێ و لە ناو دەومانداکوزەکانی ببنە چلوورەی بەتامی دایکی سروشتمان. هەنووکەش ئانوساتی ئاماژەکردن نییە بۆ کانزا بەنرخەکانی زێدە میهرەبان و بەفەڕەکەمان کەوا ئارام ئەڵهای ئەو بەردە تیشک پژێنە ڕەنگاوڕەنگانە بووە ئەوە کەی و؟ لە کێوە بیستبووی کە، بابایەکی ئەو گەرمیانە بەردۆکەیەکی سەوزی کاڵی وەکو چاوی پشیلەی سیامی لەنێو بێستانەکەیدا یان لەو ئاقارەدا دۆزیوەتەوە و بۆتە مقۆمقۆی ناو مزگەوت و دیوەخان، بگرە دەنگۆکەش ئاگری بن کایە بڵاوبۆتەوە، ئەڵبەتە ئارامی گوێ سووک و تامەزرۆی جوانیی بەردان، گیرۆدەی بینینی ئەوێ دەبێت. ها ئێرە



و ها ئەوێ، بەپرسین و سۆراخکردن، پاش حەوتەیەک، بەهەڵەداوان لە دەرکەی خانگی ئاپۆ دەدات.

– کێیە لە دەرکە دەدات؟ فەرموو بۆ ژوورەوە، کراوەتەوە.

لەوانەیە ئەمێستا بیرت بۆ سەردەمی منداڵیت بچێت. منیش هەروام، بە ئارامیشەوە حەزمان بە حیکایەتی ئەو دەمانەیە کە داپیرەکانمان لە گوێی مەقالەدا بۆیان دەگێڕاینەوە. «بزنەکە بەتیتلە و بیبلە و قیتلەی بێچووانی گوت: وا دەڕۆمە ئەو دەشت و دەرە بۆ ئەوەی تێر ببم و پڕ گوانەکانم لە شیر بن. ئێوەش دەرکە لە کەس مەکەنەوە چ جای مام گورگ. گورگە هات و لە دەرکەی دا. دەرکە بکەنەوە لە دایە، پڕ دەمم لە گیایە و گوانەکانم لە شیرە. ئەوانیش گوتیان: بڕۆ بڕۆ دایکی ئێمە سوورە. گورگەش چوو خۆی لە گڵە سوور نا و هاتەوە بەر دەرکەکەیان هەمان شتی دووبارەکردەوە. ئەوانیش گوتیان: دایکی ئێمە ڕەشە. گورگ تایین هەرجارە خۆی بەڕەنگێک گۆڕی و دادی نەدا بۆیە دەرکەی شکاند و تیتلە و بیبلەی خواردن و قتیلە لە ژێر کەندووەکە خۆی شاردەوە هەتا دایکی گەڕایەوە...»

لەو کاتەدا ئارام فەرمووی مامزی ژنەوت: بەڕێکەوت شووەکەی لە ماڵەوە نەبووە.

– فەرمو کاکە لەسەر ئەو دۆشەکە دانیشە. ئەوەش مەسینەی ئاوە بەلاتەوە، خۆتی پێ فێنک بکەوە دیارە لە ڕێگەی دوورەوە پێ و قدوومی خێرت هێناوە. ئەمەیش جامێ دۆ، نۆشی گیانت بێت هەتا کەسێک دەنێرمە دووی ئەو گەڕۆکە.

پاش بێ دەنگییەک، ئارام دوو سێ گوێل ئاو دەگەیەنێتە ڕووی و، تامەچەکی تەڕ دەکات، لەسەر ئەو ساپە پانەش دادەنیشێ بۆ خاوێنکردنەوەی پێیەکانی کەوا، ئاپۆ لەبەر جوانی و پانییەکەی هێنابوویە حەوشەکەیانەوە بۆ دەستنوێژ وەرگرتن.

– پێش پێی جەنابت لێرە بوو، نازانم ئەو سەرەڕۆیە بۆ کوێ سەری هەڵگرت!!

ئارام ویستی دەم بکاتەوە و بێژێ: «منیش جیوە ئاسایی لەیەک شوێن ئۆقرە ناگرم. جووڵانەوەم پێ پەسەندترە لە سەقامگیری و چەقبەستن. ئەگەر بۆم نەلوابێت ئەوا بەئەندێشە درێژە بە خەیاڵەکانم دەدەم» ئەوەی بەخانمی خانە خوێی نەگوت بەڵکو زاری پڕ خەندەی لە مامز نا.

– هەر دێتەوە. خۆ نەچۆتە سەرفەر بەلوک و چین و ماچین!!

دەشێ مامز لەو ناوە سەیر و سەمەرانە سەری سووڕمابێت و تەقەی سەری هاتبێت، ئاخر بەسەزمانێکی وەکو ئەو سەرجەمی تەمەنی لەو گوزەرەدا بووبێت و لە قامووسی ئاواییەکاندا تەنیا سی چل ناو لە مێشکیدا هەبن، مەگەر خەندە بیگرێ و کەمێکیش بپەشۆکێت. ئارام خەریک بوو بەخۆی پێبکەنێ کە، خۆشی چین و ماچینی نەدیوە و لە خەڵکەوەش ڕووداوی گرانییە گەورەکە و سەفەر بەلوکی بیستبوو.

– هەتا چای دەدەمێنم پیاوەکەم دێتەوە کاک...

– ئارامی حاجی عەلیم ناوە خوشکێ، خەڵکی (ئاخر حوسێن)ی کەرکووکم، لە هۆشی خۆیدا، ئارام قەوارە و ڕەنگ و بێگەردیی بەردە دۆزراوەکەی چەند جار هەڵسەنگاند «ئێ کە بوومە خاوەندی کێ بۆمی ڕێک دەخات؟» هەر بەخۆی وەلامۆکەیەکی لەکن بوو «جاری وا هەیە سروشت بەردە بەنرخەکانی خۆی بەدیاری خنج و ڕێک و لەبار دەکات وەکو ئەوەی ڕاستەوخۆ بە نقێمی ڕەوانەی بکات» کە لەم سەرەنجامە دڵنیا بوو، بیری بۆ ئەوە چوو «ئایا لە زیوی بگرم یان لە زێڕ؟ ئەی بۆ کام پەنجەم دەشێ؟» بەشی یەکەمی پرسیارەکەی دەزانی کە، پیاوان بەزۆری وا باوە ئەنگوستیلەی زیو لە پەنجەیان بکەن گوایا ئاین زێڕی لە نێرینە قەدەغە کردووە. «خۆزیارم ئەوەیە کە ئەو بەردە کەسکە بۆ پەنجەی براتووتەم بشێت



خۆ ئەگەر بچووکتر بوو ئەوا بۆ پەنجە تووتەم». پرسیارێکی دیکە پاڵی بەو پرسیارانەی مێشکیەوە نا «باشە، ئاپۆ ڕەشید ئایا دەسبەرداری ئەو بەردە سەوزەی دەبێت؟» لەم بگرەو بەردەیەدا بوو ئاپۆ سڵاوی گەرمی ڕۆخست و هاواری کردە مامزی شووی.

– سەر ئەم چاوانە هاتیت. ئافرەت ئەو سەرینە قوشتگییە بێرە بۆ میوانە ئازیزەکەمان. لە منت نەکەوێ. ئەمە کوڕی حاجی عەلیی ئاشنامە. سەرچاوان هاتیت.

پاش تۆزێکی تر: خۆ هەموو ڕۆژێ ماڵ میوان بەخۆیەوە نادینێ. یاخوا بەخێربێی سەر ئەم دیدانە. ئەرێ باوکت چۆنە؟ چاوی کز نەبووە؟ دەم و دگانی چۆنە؟ ئەی دایکت! بەخوای بیریان دەکەم و عەیامێکە نەمدیون.

مامز پەرژایە سەر چاپەست و پیاڵەکانی.

– دوکانەکەی باوکم هێشتاکە لە قەیسەرییەکەی دامێن قەڵا دایە وەکو دیوتە هەمان جامەدانی و مشکی و کوتاڵ دەفرۆشێ. ئاپۆ گیان لەبەر باداری کەم دەچێتە سەر دوکان، ئامۆزاکەی بەچواریەک بەڕێوەی دەبات. باوکم ناو بەناو ڕوو لە خزمانی دەشتەکیمان دەکات بۆ سەردان و هەم...

ئاپۆ ڕەشید بۆی تەواو کرد: هەم بۆ قەرد و قۆڵە خڕکردنەوە

ئارام گوتی: ئاو بێنە و دەست بشۆ ها.ها.ها.

ئاپۆش دەم بەپێکەنین گوتی: هەرچی زۆرە ئاوی «باسەرە» زۆرە. تۆ لە دوورەوە هاتووی دە بەو مەسینەیە خۆت فێنک بکەرەوە. مامز، مەسینەکە پڕ لە ئاوە؟

مامز گوتی: هەیرۆ پیاوەکە: هەمیشە پڕی دەکەم و لە جێگەی دایە کە دەیبینی.

– ئاپۆ بەر لە هاتنی جەنابت دەموچاو و دەست و پلم شوشت.

– پێم بڵێ، باوکت کوتاڵ و شمەکی بەهەرزانتر لە دوکانانی تر پێ دەفرۆشتین، ئێستاش وایە؟ ئارام، خاوەند دوکانەکان مۆر دەبوونەوە و چاویان ئەبڵەق دەبوو!

– بەڵێ هەروایە.

– ئارام گیان، چاو و برۆت بە چاو و برۆی باوکت دەکات وەکو ئێستا لە پێش چاومدا بێت وایە.

ئەو گوتانەی ئاپۆ ڕەشید باوەشێن بوون. ناوەوەی ئارامیان کپ و دڵنیا کرد بۆیە، بەکەیفخۆشییەوە دەمی لێنا.

دەنگی مامز بێ دەنگیی هەردووکیانی شڵەقاند.

– چای شیرین دەخۆیتەوە؟ یان...

– بۆ من دیشلەمە تێکەو کاک ئارامیش با خۆی سەر پشک بێت.

دەنگی ئاپۆ ئارامی ناچارکرد بێتە گۆ: منیش وەکو جەنابت.

– برا، تۆ هەقت بە ئاپۆوە نەبێت. ئێوەی شاری چای کەم ڕەنگ و شیرین دەخۆنەوە.

بۆ وەڵامی مامز، ئارام لایەنی هەردووکیانی گرت بەوەی کە گوتی:

– باشە پوورە مامز، لەبەر دڵی تۆ چایەکی شیرین دەخۆمەوە، لەبەر دڵی ئاپۆشم، پاشان دیشلەمەیەکی چای سەنگینم بۆ تێکە.

– ئەی بۆ نایکەیتە سێ چوار پیاڵە. هۆ... هۆ... هۆ...

ئاپۆ خەنییەوە و ڕستەکەی تەواو کرد.

– ... وەکو من مەترسە شەکر و قەند و گەڵا چامان زۆرە. شوکر لە خواوە بێستانەکەمان بەهات و بەپێزە.

ئارام، دەمودووی ئاپۆی بەفەرزانی و بەپێشنیازەکەی قایل بوو.



– چەند پیاڵە بفەرموویت لەگەڵتا دەیخۆمەوە بەو مەرجەی...

کەمۆکەیەک بێ دەنگ بوو هەتا کاردانەوەی مەرجەکەی لە ڕووی ئاپۆدا بدینێ.

– مەرجی چی؟! کوڕی باش، دە بیڵێ و لە هیچ مەپڕینگێوە. ئاپۆ گوتی:

– مێوان مێوانی خودایە. مامز پاڵپشتی گرت.

ئارام، دوودڵ بوو لەوەی ئایا ڕازەکەی بدرکێنێ یان، بۆ خۆی گلی بداتەوە «ئەگەر لە دڵی خۆمدا حەشارم دا، ئەوا زۆر نابات و دەپەنگێتەوە، ئەوسا لە لایەک، تووشی مەراق و ناسازیی دەرووم دەکات». لە لایەکی دیکەوە، ئەی بۆچی هاتووە؟ بۆ ئەو ڕێگەیەی بە ئۆتۆمبێل و بە سواری وڵاخ و بەپێیان بڕیوە!؟ بۆ دیتنی بەردە بەنرخەکە و دەسگیرکردنی نییە!؟ ورەی خستەبەر خۆی. چاوی لە بیلبیلەی چاوی ئاپۆ ڕەشید بڕی.

– ڕاستییەکەی، هاتووم بۆ ئەو بەردە سەوزە کاڵەی کە، لە دەمی بەستی ڕۆخانەدا دۆزیوتەتەوە.

ئاپۆ، هەناسەیەکی شادمانیی هەڵکێشا و شایەتمانێکی هێنا وەکو ئەوەی گابەردێک لەسەر سینەیدا لاچووبێت چونکە: «وامزانی بەو مەرجەوە، بۆ کارێک هاتبێت پێم هەڵنەسووڕێت و، ڕیسوای دونیا و قیامەت ببم» و ناویشی لە گەرمیاندا بزڕێنێ. لە وەڵامەکەی ئارامەوە بەدەماخ بوو. لەو وابوو، بۆ شتێکی ئەوتۆ سەری بەماڵیاندا کردووە کەوا بۆی هەڵنەسووڕێ یان وزەی بەسەردا نەشکێ کەچی، ئەو هەموو دڵەڕاوکەیەی هاتەسەر بەردۆکەیەک دۆزیویەتییەوە!! کێشەکەی زۆر بەسانا و ئاسان زانی. «وازهێنانم لەو بەردە نابێتە تانە و تەشەری خزم و دراوسێ و خەڵکانی ئاوایییەکان گوایا میوانێکم بەدڵساردی و کەسەری گێڕاوەتەوە» بۆیە، بەکاوەخۆیی دەمی بەش کرد.

– هەر هۆو... بەردۆکە... سەوزە... قەرسیلییەکە!

ڕووی ئارام بووە پەڵەیێ قەرسیلی نمداری کازیوەی پێش تاوکەوتن. بووە خونچەیەکی تازە پشکووتوو. گەشایەوە، بەهەموو واتای گەشانەوە گەشایەوە. وەکی دیکە تاکە وشەیەکی بۆ دەرنەبڕدرا!! ئاپۆ ڕەشید، لەو بێ دەنگی و سەرسامییەدا بەهانایەوە چوو.

– مامز، کچێ ئەو پریاسکەی ناو گیرفانی سەڵتەکەم بێرە.

هەندە مابوو ترپە و دڵە کوتێم بگاتە گوێچکەکانم یان باڵ بگرم چاوەکانی قلە ترێ بوون لە چاوانی ئاپۆ و مامزدا دەبریسکانەوە. بەردە لووس و بریسکەدارەکە لە ناو لەپی ئاپۆدا تیشکی سەوزێکی کاڵی بۆ دیدەی ئارام نارد «نیو هەندەی هێلکەی سوێسکە بوو بەڵام؛ درێژکۆڵانە و ژێر تەخت وەکو ئەوەی خۆی ئامادە کردبێت بۆ ئەنگوستیلەیەکی نایاب!» ئاپۆ گورج بەردەکەی نایە ناو لەپی ئارام بەبێ ئاگایی درێژی کردبوو. ئەوجا ورد و کار شوناسانە سەرنجی تێ خێواند. دڵنیا بوو لەوەی بەردێکی بەنرخە وەکو لە وێنەی قامووسی «جێمز» دیتبووی لە ژێر ناوی «تۆپاز»دا «ئەو پەڕتووکەم لە گەشتیارێکی ئەورووپایی بەمافوورێکی بچکۆلانەی دەستکرد گۆڕیبووەوە» ئارام، شەرمنانە دەمی کردە خانە خوێیەکەی

– ئەگەر دەتوانی دەسبەرداری ئەم بەردە بیت ئەوا منیش لە قەرەبوویدا، دەمت هەرچی بخوازێ ئامادەم.

ئاپۆ کەوتبووە نێوان جووتێ بەرداشی تازە بێزارکراوی ورد هاڕی ئاسیاوێکەوە، لە لایەکەوە دڵی مێوان ڕەنجاندن نەشیاوەیە و، لە لایەکی ترەوە لەو ڕۆژەوەی ئەو بەردەی دیوەتەوە هەست بەتەوژم و تینێکی ناخیی ئەوتۆ دەکات و «ڕۆژ نییە دەیان جار لەبەر باخەڵمی دەرنەهێنم و هورد هورد نەڕوانمە تیشک پڕانەکەی» سەرەڕای ئەوانەش ئاپۆ، نرخ و بەهای نازانێ هەتا دەمی پێ بکاتەوە. سەرنجی چاوە مەڕێیەکانی مامزی شووی



دا و بەخەندەوە گوتی:

– لە منەوە پێشکەشە بەتۆ کاک ئارام گیان.

ئەی تۆ ئێژی چی مامزەکەم؟

مامز، پێڵووەکانی داخستن و بەژێر لێوانەوە وەڵامی شووەکەی دایەوە.

– میوان خۆشەویستی خوایە، هەرچیی بوێ لە ئۆغری دایە.

لێرەدا ئارام دەمی کردەوە.

– کەوابوو، منیش کەوا و سەڵتەیەکی فاسۆن لەگەڵ دەستێ جلی ژنانە بەدیاری بۆ ئێوە دێنم.

ئاپۆ مژێکی لە سیغارەکەی دا و...

– ئەو زەحمەتەی ناوێ من دەمێکە دۆستی باوکتم.

کە دڵنیایی بەچاو و برۆی ئارامەوە بەدی کرد گوتییەوە:

– دوکانەکەی باوکت بەڵەدم. دێم و لەوێ هەموو شتێک دەبڕێنینەوە بەدڵتە؟!

– ئاپۆ گیان، هەر بەخۆم دەتانبەمە لای مەلا مەجیدی بەرگدروو. (فەریدە)ی کەنیشکی ئەویش جلوبەرگی پوختی ژنانە دەدروێ.

ئەوجا نۆرە هاتە سەر مامز و دەمی لە مێوانە گەنجەکەیان نا.

– چاکە ئەی بۆ لەگەڵ خۆتدا شامی و کاڵەک نابەیتەوە، خۆ ئەو شامییەی لێت خوارد لە شاردا مانەندی کەمە.

ئاپۆ بۆی تەواوی کرد.

– لە شیرینی و ئاوداریدا، ئارام کە گوتت شامیی ڕۆخانە ئیتر تەواو.

نۆرە هاتە سەر ئارام، بەکاوەخۆیی ڕووی دەمی لە مێرد و ژنە نا.

– قسەکەتان بەشەکر دەبڕم. بڕواناکەم ئەو بارگرانییەم بۆ هەڵسووڕێ.

ئاپۆژن، دەزانی ساڵانە لە شاری (ئامەد)دا ئاهەنگ و بەزم بۆ گەورەترین شفتی دەگێڕن!!

خاوەندی بێستانی هەرە زلترین شفتی خەلاتی چاک وەردەگرێ!!

گورج رووی ئاپۆ پرسیاراوی بوو. مامزیش بەدەنگ پرسیارەکەی دەرپەڕاند.

– گوتت (ئامەت)! ئەو ئاواییە کەوتۆتە کوێوە؟

– خوشکم ئەوە شارێکە دانیشتوانی هەندەی نفووسی کەرکووک و سلێمانی دەبن. ناوەکەی ئامەدە نەک ئامەت. لە باکووری ئێمەوەیە. نۆ سەعاتێک لێمانەوە دوورە.

ئاپۆ کردییە شۆخی و دەمە گاڵتە و سوحبەت، گوتی:

– بەسواریی گوێدرێژ؟ ها. ها. ها!

– نا... نا ئاپۆ گیان بەترومبێل بەلام لە ڕێگەدا...

تۆزۆکەیەک ئێستی کرد، چونکە دەبوایە ئاماژە بۆ خاڵی سەر سنوور بکات، لەوێ چۆن هامشۆکەران عەوق و جەزرەبە دەدەن. کالآکانیان دەدزن.

پەرتووکەکانیان فڕێدەدەنە ئاوی خابوورەوە پاش ئەوەی باوڵ و جانتاکانیان بەوردی دەپشکنن. ویستی ئەوانە بەوشەی ساکار و ئاسان بۆ مامز و شووەکەی یەکالابکاتەوە.

– لەوێ، بەسەر ئاوەکەی خابوورەوە، پردێک هەڵبەستراوە.

ئەوێ سەرحەدی ئێمە و حکوومەتی تورکە نەک کوردان.

– هەیڕۆ!!– مامز هەراسانیی خۆی دەراند – لەوێش وەکو زەوییەکانی گەرمیان سەرحەد و مەرحەد هەیە؟!

ئارام، دەمی لە ئاپۆ ڕەشید بوو گوتی:



– ئیتر ئاپۆ گیان، ئینگریز و حکوومەتەکانی ئەوسا و دەوڵەتی عوسمانلی عەردەکانمانیان دابەش کرد، ئەو سنوورە دەسکردەی کەوتۆتە نێوان خاکی کوردانەوە ئاپۆ... پوورە مامز... حەکایەتی دوور و درێژە کە، زستانێکی ڕەبەقی بۆ گێڕانەوە گەرەکە. گەر جارێکی تر سەردانیم کردن، هەندێکی لێوە باس دەکەم.

مامز ئەو دابەشکردن و دابڕینەی بەزەوویی بەیاری لای خۆیان زانی کە، ئاغا لە ناکاو دوو لەتی بکات. کەرتە باشەکەی بۆ خۆی دابنێ و... خراپ و تەلان و کوندڕەکانیش بۆ ئەم و ئەو، بۆیە بەهەڵچوونەوە دەمی کردە ئارام.

– هەی ڕوویان لە مەحشەری خوادا ڕەش بێت وەکو بنی مەنجەڵ هەی بۆ خۆیان و کردەوەی پووچەڵیان!!

ئاپۆش کەوا باش لە گرفتی زەوی و زار بەڵەد بوو، کار شوناسی خۆی لەو بارەوە بە ئارام و مامز گوت: خاوەندی زەوی ئەگەر خاوەندی زەوی بێت بە ڕاستی دەتوانێ هەقی خۆی وەربگرێتەوە.

– چۆن؟ ئارام دەمی پرسیاری ئاراستە کرد.

– چاک لە نواوە بە قسەی خۆش و بەهێمنی گوتراوە، بە فیکە مار لە کون دەردێ. ئەگەر ئەوە سەری نەگرت، خۆتۆ ئەو بڕنەوەت بەدیوارەکەوە دیوە. ئا بەوە زەوییە دابڕاوەکانی خۆم لە ئاغا و زەوتکەران دەسێنمەوە.

سەرنجی ئارام بەرەو بڕنەوە درێژە هەڵواسراوەکە هەڵشاخا و، بەو سەرئەنجامە ئاسوودە و دڵ ئارام بوو. دەستی هەردووکیانی بەجەختەوە ماچ کرد و... یاللای بۆ کرد.

– حەزمان دەکرد شەوێک و دووان لێرە بوویتایە. مامز گوتی.

– لەو دەشتاییانە ڕاوە کەروێشک یان تەپکەی کوڕکوڕ و سوێسکەمان بنایەتەوە. ئاپۆ گوتی.

– بیهێڵنەوە بۆ جارێکی تر. ئارام لە کورتی بڕییەوە.

لەپڕ دەنگی مامز بووە پارسەنگی دەنگی مێردەکەی.

– ئەگەر بمێنیتەوە ئەو بەرخە نێرەت بۆ سەردەبڕین.

– خـوشکێ، ئەوەی بەکـەڵەبابێ نەزانێ دیارە بەبەرخ و گـوێرەکـەش نازانێ.

ئاپۆ گوتی: فەرموودەی باب و باپیرانمانە، چ مەویژێ، چ کەویژێ.

بەو پەندە کۆتایی بە دانیشتنەکەیان هات. گەردنی یەکتریان ئازاد کرد. مامز هەتا بەر دەرکە و، ئاپۆ هەتا ئەو شوێنەی کە ئۆتۆمبیلی لێوە تێپەڕ دەبوو، لە تەکیدا قسەی خۆش و بەتامی کرد. پیکابەکەی خولەی عەولا هات. لەپێشەوە لەتەک باژوەرەکە ئارامی دامەزراند پاش ئەوەی داوای لە (بارام)ی خوشکەزای کرد، جێگەی خۆی بۆ میوانە ئازیزەکەیان چۆڵ بکات. لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا ئارام بیری لەوە دەکردەوە «سەرەڕای ئەو چەندین ساڵەی پێکەوە تەمەنی مێرد و ژنییان، هیچ منداڵێکم لەوێ نەدی! دەبێ مامز نەزۆک بێت... منداڵی لەباربچێت یان کچ و کوڕەکانیان گەورە بوونە و ماڵی جیایان پێکەوە ناوە» دەستێکی بۆ گیرفانی درێژ کرد و دڵنیا بوو لەوەی بەردە تۆپازە سەوزە قەرسیلییەکەی تێدایە. چاوی بۆ ماوەیەکی کورت نووقاند و، سەری بەگوێرەی ڕێگە قیرتاونەکراوەکە، دەلەرایەوە.

– کاکی خوێنەری ئازیز، ئەوانەی بەخورتی و تۆپزی پارێزەری لە سیاسەت و ئاین و سێکس دەکەن، خۆیان بەچاکی لەو سێیە تێنەگەیشتوونە، دەنا نایانکردنە بڤە و تابوو!!

– دەمخۆش گێڕەرەوەی بە ئەمەک.

# پاری سێیەم

بەر لەوەی سەراسیما پرسیارم لێ بکەی، بەخۆم هەستم کرد کە، دەبێ ئەو مەراقەی ئارام لە نیگارکێشان و خولیای بۆ بەردی پیرۆز، پێکەوە گرێ بدەم لە تالاوگەی شەوگاری نوتەکدا، لە نغرۆگەی دڵەڕاوکدا و، لە قەیرانگەی ئابووریدا. لە شورای زندگی مەرگچێن خۆی قوتارکرد بەرەو ئاڕاستەی ئەوروپا. بەکۆڵە پشتەوە. تەلبەندە یەک لەپاش یەکەکانی پساند و بەربەستەکانی پێشێل کردن. تۆ، کەمێک حەوسەڵەت هەبێ و هەندەش جیقلدانەت تەنگ نەبێت. ئا... مەراق و خولیا و حەز و شەیداییشە، ئەی چی. خۆ حەوجە ناکات هەمدیسانەوە دووپاتی بوونەوەریی کاغەزینی هەرسێکمان بکەمەوە. ئەگەرەکو چەند پاتیشم کردەوە. ئەوە لەبەر هەندەیە



کە قوولتر و ڕەگاژۆتر لە مێشکاندا بچەسپێ. ئا... ئێمەی کەسێتیی کاغەزین، لەوساوە ژیانمان دەست پێ دەکات کە، تۆی خوێنەر پەڕەی یەکەم هەڵدەدەیتەوە. لەتەکی منی گێڕەرەوە و ئارامدا، سەمەندەرانە زیندوو دەبینەوە. کۆتایی ژین و تەمەنمانیش لە دوا لاپەڕەدایە کە، ئەم نۆڤلێتە دادەخەی. ئیتر ئاو بێنە و دەستت بشۆ. ئەمجارەیان دەمهەوێ ڕەخنەگریش دەستەکانی لەگەڵماندا خاوێن بکاتەوە و، واز لە شارچێتی و دۆگمایی بێنێ. ئیتر وسبە با گوێ بۆ ئارامی لێهاتوو بتەکێنین کە، ئەڵها و مەراق و خولیاکانی بەرەو کوێ ڕێنوێنی دەکەن. ئەوەش ڕەچاو بکە ئەوەی دەیکارێ هەنگاوی بۆ هەڵبهێنێ، نە دوورە دەستە و نە بنبەست جا با خۆی بدوێ.

پاش ئەوەی بە کلۆڵی وەکو گەنجانی دی گەیشتمە لێواری ئەوروپا. زۆر بە زوویی تێکەڵی کەشوهەواکەی بووم چونکە؛ لەو باوەڕەدا بووم، مرۆڤ دەبێ بۆ ئەو ڕۆژەی بژێ کە تێیدایە. ئەز دەمێکە لە پەیکەر و، نیگار ورد دەبمەوە و ڕاستەوخۆیش دەنوارمە بونیادی تەنی مرۆڤ، لە سەر و گوێلاکی ڕادەمێنم، لە بەژن و بالای، لە دەست و پلی. ئەڵبەتە مەبەستم لە قەوارە و هەم جێگەی گونجاندنی ئەو ئۆرگان و بەشانەیەتی. جووتێ چاو بەبرژانگ و برۆوە لەبەرەوە! کەپوویەکیش لە خوارەوەی! دەمیش، بەجووتێ لێو و زمان و دوو ڕیزی دگان لەژێرەوەی ئەوانەوە! دوو گوێی قوت بەلاتەنیشتی کاسەی سەرەوە! هەروەها جێگەی مەمک، ناوک و ئامێزی مێینە و نێرینە! مووی بن باڵ و سەر سنگ و سێگۆشەی تووکنی حەمە و فاتەی هەمیشە شاراوەمان. لەخۆم دەپرسم. دەشێ ئاڵوگۆڕ لە قەبارە، لە شوێن و لە ژمارەکانیاندا بکەین؟ بەو گۆڕانکارییە تیۆرییەش جەستەمان جوانتر و بەکەڵکتر بسازێنین یان، بەپێچەوانەوە! بۆ ئەم کارە، ئەزموونکاری بەراییم لە کەللەی سەرەوە دەست پێ کرد. چەندین جۆری چاو، لووت، دەم و گوێم لە گۆڤاراندا بڕی. لە هەویری مەقەبای هێلکەش چوون کاسەی سەر شێوەیەکی هێلکەییم دروست کرد. ئەوجا پەرژامە سەر جێگیرکردنی ئەو

ئەندامانەی کە بە قایچی ئامادەم کردبوون لەسەر ئەو سەرە هێلکەییەدا، ئەڵبەتە نەک بەلاساییکردنەوەی سروشتی بەڵکو؛ وەکو خۆم دەمویست. دیارە لێرەدا، نەتاسووقی لایەنە بایەلۆژییەکە بووم و، نە لە کەلێنی قۆشمەجاڕی و کاریکاتێرەوە سیاسەتم نیاز بوو، وەکو چۆن ڕیش و سمێڵ بۆ مۆنالیزا دادەنێن یان، چاوێکی خێڵ دەکەن، لەمەوەش دەرەتانێک بۆخۆم بدۆزمەوە دوور لە هونەر! نا، ئەز لایەنی ئیستاتیکیم مەبەست بوو بۆیە، لەجیاتی دوو چاو چاوێک یان سیانم دادەنا لەو شوێنانەی خۆم پەسەندم دەکردن، ئەوە چ جای گۆڕینی ڕەنگی گلێنەی چاوەکان یان، گۆشەنیگای جۆراوجۆریان. دەرحاڵ بەردێکی تۆپازی کەسک لە نوای شانۆی چاومدا گوزەری کرد – دوایی باسی لێوە دەکەم – ئەوەم بە گەنجینەیەکی هەرە شیرینی زێدم زانی. ئا... هەر هەمان ئەزموونم لەگەڵ گوێ، لووت و دەمدا کردن. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چەندین شێوە و ڕوخساری کەللە سەرەکەم گۆڕی. ئەوەشم لەیاد نەچێت کە سکێچێکی پەلەی ئەو گۆڕانکارییانەم دەکێشا بۆ ئەوەی لەبەر چاوم ون نەبن و، هەم لەگەڵ یەکدیدا بەراوردیان بکەم. دەزانی گەیشتمە چ ئاکامێک!؟ بۆم یەکالا بووەوە کە، قەوارە ئاساییەکان و جێگەی سروشتییان جوانترین و گونجاوترین دۆخیانە. منیش لەو هەوڵ و کۆششە نەزۆکەم مایە پووچ دەرچووم وەلێ؛ ئەوەی خامۆش و هەم شادمەندی کردم سێ شت بوون، یەکەمیان: خۆم بەداهێنەر و ئافریدەکار زانی دووەمیان: ئەزموونێکی نۆژەن بوو لە پێناوی هونەر و جوانسازیدا. سێیەمیان: بەڕێز و ئیکلام و پڕ شکۆوە بڕوانمە شێوەی دارِشتنی جەستەی مرۆڤ.

ئا لەم ڕوانگەیەوە، ڕەواییم بە نیگای خۆم دا کە، هەرگیز لە جەستەی ڕووت سڵ نەکاتەوە. جوانی لە ڕێکوپێکییەکانی هەڵمژێ، ئەوجا لە ڕۆخی گۆل و زەریادا بوو بێت یان لە ساونا و مەلەوانگەکاندا، لە مۆزەخانە بوو بێت یان فیلمی سێکسیدا. ئەوانە سەرجەمیان دیتن و سەرنجدانن لە



پێکهاتەی لەشی مرۆڤ.

لەبارەی ژیانی خانەوادەیی (ساتو) و (سارا)وە شتێکی ئەوتۆم هەڵنەکراندووە.

– ئەوە چ زوو، لەجیاتی باس لە خۆی بکات، ئەو جووتەی بەسەر کردەوە!!

دەنگی خوێنەر پەردەی گوێی منی گێڕەرەوەی لەراندەوە.

– ئەی تۆ پەلەی چیتە! دان بەخۆتا بگرە و داوی گوتنی ئارام مەپسێنە.

ئەو گرێ و هۆکارە سایکۆلۆژییانەی کە، لە بارستایی ئەو خۆگرمۆڵە کردن و، دوورە پەرێزییان لە نێرینە و، هەڵبژاردنی سیستەمی جووتبوونی مێینەی ڕۆژەکی و شەوەکی، دەشێ هەریەکەیان جیهانێکی خۆی هەبێت نامۆ لەگەڵ داب و نەریتی ئێمەمانی پەروەردەی ئاڵۆزی وشکە ئاینی و زەبری باوک چەکوشی ناو کۆمەڵگای حەوتدەران داخراو! هەر بۆیە تێڕوانینمان لەو کارە غەریزییانەدا، هاوتەریبی دیدی ئەوان ناوەستێ چ لەبەرئەوەی کە، دارِێژراوی دوو شارستانێتیی زۆر لە یەکتری جوداین و، چ لەبەر گۆڕانکاری و ژیانی لە ئاست و پایەی پەروەردەییمانەوە بووبێت، شەرەف، نامووس و پاکیزەیی ژن و نازانم چییەکان، لە هەردوولادا ڕوانگەی جوداوازیان بۆ هەڵبەستراوە. بەهەرحاڵ، ژیانەکەمان تژیی جووڵە و، ڕەنگ و مۆسیقایە وەکو گوتم ئەمەم بە «پێککا پورهۆنێن» گوت. پیشانگایەکی لەوەی ئەو لە شارانی ئێمەدا، خاوەندەکەی بە شێتی بیست و چوار عەیار ناو زەد دەکەن کەچی لێرەدا، پسوولەی دیتنی بەرهەمەکانی دە یۆرۆ بوو. بینەریشی هەبوو. کارتی میوانداریی پیشانگاکەی بەپۆست بۆم ڕەوانە کردبوو. لەپاش بەسەرکردنەوەی هۆڵە فراوانەکەی دەکیۆمێنت و کورتە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە لەسەریان نووسیبوو، چ بە ڕاستەوخۆیی و چ بەڤیدیۆ، بینەر بۆی هەبوو، لە ژوورێکدا بە سلایدیش کارە

تەکنیکییەکانی «پێککا» بۆ خۆی بدینێ. ئەویش چاوەڕوانی پرسیار و دەمگۆیەکی ڕاگوزەر بوو، ئەز، کە چووینە چەقی نمایشەکەوە، پرسیارم لەبارەی قەرەوێلەکەوە لێ کرد کە، لە شوێنی خۆی دەهەژا و نرکەیەکی لێوە دەهات!! بەر لەوەی وەڵامەکەی بژنەوم، سادە و ڕووکەشانە، یەکبین گلێنەی چاوم ئاراستەی کرد.

– ئاخۆ نیازت لە کرداری سێکسە کەوا، قەرەوێلەکە لەژێر دوو کەسی نادیاردا دەناڵێنێ و، ڕاست و چەپ، بەرز و نەوی دەجمێ!؟ دەسبەجێ، چاوە سرکەکانی لە چاوم چەقاند.

– نا... ئارام. بەهەڵەدا چووی! ئێوەی خاوەر نشین هەمیشە پەڵەی سێکس بەرچاوتانی پۆشیوە! لە قسەکەم دڵت گەرد نەگرێ...

– ئا... بۆچوونەکەی جەنابیشت هەڵدەگرێ. هەرچەندە من دەکارم بەسانایی نیشانی بدەم کە، قەرەوێڵەکە زیندەوەر ئاسایی نەخۆشە و دەناڵێنێ.

دەنگی «پێککا» لە گوێمدا هۆگر بوو. هەردوو بۆچوونەکەم لە هێڵەکی هۆش دا، کاتێک بەلای دەستی ڕاستدا بەدیوارەکەوە دەستشۆرێکی بەند دیوار کردبوو. دیمەنەکەم بەلاوە زۆر ئاسایی نەبوو! «پێککا» نیشانەی پرسەک و سەر سوورمانی بەروخسارمەوە بەدی کرد. دەستی بۆ شێرەکە برد و کەوتە دەست و دەم و چاو شۆرین! بەڵام نەک بەئاو بەڵکو، بە خوێن!! دیار بوو بەشێوە تەکنیکێک، لە باتیی خوێن، شلەیەکی پەیتی سووری بەکارهێنابوو. لەو دیمەنەوە پەژارە دایگرتم کەچی؛ پاش خۆی هانی دام، منیش دەست و پلم بشۆرم!! لەو دەمەساتەدا کە هەرگیز ورێنە نەبوو مەنسووری هەللاجم هاتە پێش چاو دەسنوێژی بەخوێنی خۆی شۆری و گوتی:

«رکعتان في العِشقِ لا يَصُحُّ وضوؤُهما إلاّ بالدمِّ»



هەستم بەیەکبوونێکی ڕۆحی کرد لەگەڵ گەردووندا. وامزانی ئەوا هێدی هێدی چوون کلۆ بەفری بەر تاو دەتوێمەوە. جوانکار هەمیشە ئەو هەستە بەگوژم و جودییە سەرجەمگیرییە دایدەگرێ کە، بەئاگاییەوە تێکەڵی کەون بێت و، بکارێ بازنەی ژەنگی زەمەن بشکێنێ و لە ڕەهاییەکی خواوەندیانەدا مەلە بکات، تەنانەت واشبزانێ کە، خۆی خوداوەندی خۆیەتی. بیرم کەوتەوە، یەکێ لە سۆفییە هیندۆسەکان فەرموویەتی:

«کە من هەبووم، خواوەند نەبوو، کە خوداوەندیش دەبێ، ئەز نابم»

دەوەرە ئارام، بەم ئاکامە ئارامی ناخت ڕابگرە! بوونی ئەمیان، نەبوونی ئەویانە! بەپێچەوانەوەیش. چارەسەری بەندە مەگەر ئەوە بێت کە، ئەو جووتە بکەمە جمکانەی یەکدی، ئەوساش هیچ گرفتێک – چۆن سێوێک دەکرێتە دوو لەتی یەکسان – لە گۆڕێ نامێنێ. ئاو بێنە و چاپووک دەستت بشۆ.

– گەلۆ دیسان پرسینەکەیە! لە چی؟ ئەدی سێوەکەمان پێکەوە کەرت نەکرد! های لە تۆ!

ئەوساکەش، ڕەگەزێکی خوداوەندانە دێتە کایەوە. خۆ ئەگەر «نیتشە» مەرگی کردگاری ڕاگەیاندبێ، ئەوا من، ئارامی حاجی عەلی، زیندوویی کردگارەکە لە مرۆڤدا ڕادەگەیەنم چونکە؛ مرۆڤ ئەو تاکە گیانلەبەرەیە کە، هەست بە (بوون)ی خۆی دەکات، ئەڵبەتە بوونیش پێش گشت توێژینەوە و ڕاڤەکردنەکان دەکەوێ. «پێککا» کەوتبووە دڵە خورپەوە لە ڕوویدا خوێندمەوە کە، زەمەن ڕاگوزەرە. بابلی و سۆمەرییەکان، لە دەسپێکی مێژوودا، ساڵیان دابەش کردە سەر دوانزە مانگ و سێ سەت و شەست و چوار ڕۆژەوە کەچی؛ تەنیا شەش سەعات لە ڕاستی دوور بوون! دیارە لێرەدا بەراوردی ئەوسا و ئەمێستا بەراوردی ئاسمان و ڕێسمانە. پاپای ڕۆمانی «گریگۆری سیازدەمین» لە 1582 دا بڕیاری لەسەر تەقویمی

ئەمرۆژیان داوە بەو مەرجەی هەر 3.327 ساڵ جارێک ڕۆژێکی بخرێتە سەر. کاتژمێری لمی، ئاوی، میتالی و ئەلیکترۆنی داهێندران و هی تریش بەرێوەیە. ئەمرۆکە بەهۆی ئامێرگەلی ئەلیکترۆنی، دەتواندرێ (چرکە)یەک بکرێتە ملیۆن و تریلیۆن بەشەوە...!! چ جای زەمەنە ناوەکی «ئۆتۆم» بیەکان و... چی و... چی... ئا بیرم هاتەوە کاتژمێرەکەی «کینگکۆ فوتا گاوا»ی ژاپۆن بەهۆی هێرشی بۆمبی ناوەکیی سەر «هێرۆشیما»، لە شەشەم ڕۆژی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٩٤٥ دا وەستاوە، ئەوسا هەشت و پازدە خولەک و سی و دوو چرکە بووە. ئەوە ڕووداوێکی دژە مرۆڤایەتی بوو کەچی؛ دارماندنی شوورەی بەرلین لە پاش چل و چوار ساڵ، لە ڕۆژی نۆی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ دا دڵگوشادی بوو. ڕووی دەمم کردە «پێککا».

– تۆ دەزانی هیرۆشیما و ناکازاکی و هەڵەبجەی کوردانیش دڵتەزینانە، کۆرپە و ژن و پیاوانیان نەهەڵاوێردا!! مرۆڤ دەخەنە دۆخی تووڕەیییەکی بێ جڵەوەوە!!

ئەو، بەدەنگی لەرزۆکەوە گوتی:

– وەکو ئەم گەمە شامییانە.

ئاماژەی بۆ سێڵێکی گەورە کرد کە، گەمە شامییە ڕەنگینەکانی تێدا هار و هاجانە هەڵدەبەزانەوە. سەری ئەرێم بۆ ڕاوەشاند.

– ئەو کەسەی بەچاوی خۆی دزێویی نەدیتبێت، نرخی جوانی باش هەڵناسەنگێنێت.

ئەو گوتی و، منیش دەمودەست گوتمەوە:

– وەکو زەرادوشترا گوتەنی «جڵەو بۆ تووڕەییت بەرمەدە چونکە؛ ئەو تووڕەبوونە، ئەرکی سەرشانی ئادەمیزاد لەبیر دەباتەوە»

پێککا، پرسیاری لەو «ئەرکە» پێویستەی ئەستۆی ئادەمیزاد لێ کردم.



کتوپڕ گوتمەوە: دروستکردنە، بنیاتنانی ژیاری و شارستانێتی.

گەشە بەهونەرپێدان و جوانی ناسینە پێککا.

کەللە سەر و قژە زەردەکەی، بەتەزووی لەشەوە بۆم دەراند. چووینە لای کارێکی دیکەی. لەو کاتەی گەمەشامییە ڕەنگاوڕەنگەکان هەڵمەقۆیان بوو. من بەر لەوەی پرسیاری لە بارەوە بکەم، خۆی دەمی لێ نام.

– ئەوانە ئێمەین لەم گەردوونەدا هەڵدەبەزینەوە.

– ئێمەین کە، نەنرخی زەمەن دەزانین و نەنرخی مرۆڤ و نەنرخی جوانی.

کارەکەی دیکەی بەلەمێک بوو. لە نێوان سێڵەکە و بەلەمەکەدا لەنگەرمان هاویشت. بەسووکە بزەیەکی ڕەخنە ئامێزانەوە گوتی:

– لە سەرووی قۆقژی گۆی زەمیندا نەک لە چاڵایی سێڵدا... هێ... هێ. هەڵدەبەزینەوە.

ئەویش بەدەنگی پێکەنینەوە دوو زەردێنەکەمەوە هات و، پەپوولەی بزەکەی ڕوومی خواست و، هاویشتییە سەر گۆنا و لێوەکانی خۆی.

– هۆ... هۆ... هۆ... ها... ها... ها هەروایشە. ئێمە بەخۆمان نازانین وەکو جووتینەی «یونگ» و «یانگ»ی چینی سەر و ژێرمان وێژەیییە.

– باشتر وابوو بێژێ «ڕێژەیییە» پێککا.

کەلێنم خستە نێوان دەمگۆکەیەوە.

– هەللاج، تێدەکۆشا بۆ ئەوەی قەدەغە و پاوان و سەپێندراو و پیرۆزی و گلاوی پێشێل بکات، تێمدەگەی؟

برۆکانی بڵند هەڵشاخاندن و، بەورتەیەک لێوەکانی ترازاند.

– چۆن؟!

– چاک. بەسڕینەوەی یان ئیلغاکردنی شوێن و کات.

– چاک تێنەگەیشتم! ئارام.

گوتمەوە: چونکە بەربەستی کانزاییمان ناهێڵن و بەربەستن بۆ ئەوەی وێنە، لە لامان بگاتە پلەی ئەسڵ و چاوگی خۆی.

هێورانە گوتی: بەشکم وابێت! ئیتر...

ئێستێکم کرد بۆ ئەوەی پتر وشەکانم ئاراستەی ناخی پێککا بکەمەوە.

– هەللاج فەرموویەتی: «ئەو کەسەی لە ئاماژەکانمان تێناگات، ئەوا پەیڤ و دەستەواژەکانمان هەرگیز رابەریی ئەو ناکەن»

پاش کەمۆکەیەکی دیکە گوتمەوە:

– ئەو زاتە، لە نێوان کەژاوەی جەستەی خۆی و، ئاگایی وزەی خۆیدا، سنوورێکی نەدەدی. جەستەی وزە بوو. وزەی جەستە. بۆیە لە شانەشینی هەستەکانی بەدەر بوو، گەیشتە رەهایی و گونجان کە، ئێمە بەئەڤین و نێرڤانای ناو دەبەین.

– واتا، گونجانی لەگەڵ سروشتدا.

ئەو گوتی و، ویستی جگەرەیەک پێکات وەلێ؛ بیری کەوتەوە کە، لە جێگەی گشتیدایە. هەر زوو پاکەتە (مالبۆرۆ)کەی سپاردە گیرفانی و دەمی لێنام.

– تێبینی دەکەم کە، ئاماژەی سۆفییانەی زۆرت لەکن گەلاڵە بووە!!

منیش بەشیعرێکی مەنسووری هەللاج وەڵامم دایەوە و پاشان بۆم پەرچڤە کرد.

لا كنتُ، إنْ كنتُ أدري، كيف كنتُ ولا
كنتُ أنْ كنتُ أدري كيف لمْ أكنِ

دەستمی راکێشایە لای بەلەمەکەی. لەو گۆڕەدا، لە وشکایی وەستاندبووی! هەردوو دەمە پانەکەی سەوڵەکان لە ناو ئاوی بەلەمەکەدا



بوون!! بیرم کردەوە؛ دەبێ بەلەمەوان لە کوێ سەوڵ بهاوێ!

لە دەرەوەی بەلەمەکە یان لە سەروویەوە!؟ گوتم:

– ئەدی ئەمەیان؟!

نیشانەی پرسەک و سەر سوورمان بەسیمایەوە دەرکەوتن بۆیە، بەشێنەیی، پاش ئەوەی سۆمای چاوی لەدوور چاوم بڕی دەمی کردەوە.

– دەستێکی نادیار شتەکان دەجوولێنێ یان... بەشداریم کرد و ڕستەکەیم تەواو کرد.

– ... ڕاپێچی دەکات یان، دەیماشێتەوە.

– دەشێ ئەوە پەنجەی قەدەر بێت ئێوە گوتەنی.

– پێککا، ڕەنگە باهۆزیش بێت ها... ها... ها.

بۆ ئەوەی نەگەینە تەنگەبەری کۆلانێکی داخراو، ڕێژگەی وتووێژەکەم بۆ قوژبنێکی دیکە ڕاکێشا.

– مرۆڤ، تەنیا دەنگی خۆی دەبیسێ!

پێککا، لەو وتەیەم ڕاچڵەکی و گورج دەمی پرسیاری کردەوە.

– ئەوە گوتەنی خۆت بوو، یان...

– نەخێر. ئەوە ئامۆژگارییەکی حەزرەتی (مانی)یە کە، هەم نیگارکێشی بەسەلیقە و، هەم نوشدار و، هەم پەیامبەری سەر و بەندی خۆی بووە.

ویستی پتر لە بارەی مانییەوە بزانێ کە، شاعیرانی کورد هانایان بۆ بردووە و کاریگەریشی بەسەر سۆفیگەریی ئیسلام و دیانیدا هەیە، بەتایبەتی «سنت ئۆگۆستین». منیش بۆ ئەوەی زۆرتری بۆ شی بکەمەوە، پاش ئەوەی داوای دوو قاوەی کرد. بە گارسۆنە بەرگ ئاسمانییە نەشمیلەکەم گوت: «ئەوەکەی من بەشیرەوە بێت». لە هۆڵەکەوە ئەو (بۆفیە) گچکەیە دابڕڕا بوو. ئەوجا بۆ ناساندنی ئەو هونەرکارە بلیمەتە،

لە نواوە بوخچەی دێرینم کردەوە و، پانۆرامایەکی ئەو سەردەمەم بۆ پێککا گێڕایەوە کە، لە پەڕتووکاندا دەرفەتی خوێندنەوەیانم بۆ لوا بوو.

شاپوری کوڕی ئەردەشێر بە شای شاهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و خودانی هەتاو و مانگ ناوی بەربڵاو بووە. لەسەر ئاینی زەردەشتیشدا، بە بەزێنەری پارتی و فورسەکانیش ناوبراوە. لە لایەکەوە «فیلیپ»ی ئیمپراتۆری ڕۆمانی ملکەچ کرد، لەلایەکی ترەوە خاکی ئەرمەنستانی بۆ جێ بێڵێ و، ساڵانەش سەت هەزار دراوی زێڕ سەرانە «جزیە»ی بداتێ. (مانی) لە سەردەمی ئەو شای شاهانە مەزنەدا وێنەی کێشاوە، ئەویش لە دەرباری خۆی نزیکی کردۆتەوە. لە ئاهەنگ و زەماوەندی ساڵیادی هەزارەی شاری ڕۆمادا کاتێک کەرنەڤاڵ بۆ ئەو بۆنەیە سازابوو، فیلیپ کە بەعارەبی ناسرابوو، بەفیتی سۆپای خۆی کوژرا. ئەو شاپورە دوو کوڕی بەناوی بارام و هورمزەوە دەبێت. هورمزیان کە، تەنگەی کەنداوێکی بەناوە وەکو داب و نەریتی زەردەشتییان «ئاناحیتا»ی خوشکی لە خۆی مارە دەکات. لە سەردەمی «سێوس»یشدا سەرانە بە شاپور و نەوەکانی دراوە. پاش دوو ساڵ ئەویش دەکوژرێ وەلێ؛ لە ڕۆماوە بۆ مەدائین سەرانە نەوەستاوە هەتا چوار ئیمپراتۆری پاش فیلیپیش...

«پێککا» دەمی ئاڕاستە کردم.

– تۆ لە مێژووی تۆمار و نا تۆمار وازبێنە و باسی مانیم بۆ بکە، مانی.

– بەڵێ باشە. فەرمودەکەت ڕەوایە و هەر ئێستا تینوویتی دەروونت دەشکێنم.

ناوی باوکی «باتیغ» و «مەریەم» ناوی دایکی بوو. لە «ماردین»ی باکووری مەدائین دەیانگوزەراند. دەگوترێ گوایا لە ساڵی دوو سەت و دوازدەی پێش مەسیح ژیاوە، لە پاش مەرگی شاپور، هورمز چووە سەر تەختی پاشایی و دەسەڵاتی گرتە دەست، (کردیر)ی سەرەک ئاخوندانی



هورمز ڕقی ئەستووری لە (مانی) لە ناخدا کەڵەکە کردبوو لەبەر ئەوەی بانگەشەی بۆ ئاینێکی نوێ دەکرد.

– مەبەستت ئاینێکی جیا لە زەردەشتییە؟

– وابوو وەلێ، بەر لەوەی ببێتە جێگری باوکی، فەرمانڕەوای ئەرمەنستان بوو، دەبوایە لە نەورۆزدا تەخت و تاراجی پێ بدرێ کەچی؛ دەستێک بەشەڕابی (هوما) ژارخواردی دەکات.

پێککا بەشداریی کرد.

– ئەڵبەتە ڕێگە بۆ بارام تەخت دەبێت.

گوتمەوە: دەمخۆش، هەر زوو «مانی» لە خاکی ئەرمەن و پیرسیدیا و میزۆپۆتامیا وەدەردەنێ.

– ئەویش ترۆی غەریبستان دەبێت وەکو جەنابت.

پێککا بۆمی تەواو کرد.

– بەڵێ بەو بەڵگەیەی کە دژەکاری ئاهورامازدایە.

پێککا گوتی: لەوانەیە هۆکاری دیکەش هەبێت، بۆ نموونە:

مانی لە پاشای باوکیانەوە نزیک بووەوە و، موبەدانی دەرباریش ئاگری ناکۆکییان خۆش کردبێت.

گوتم: خۆ سەرەڕای ئەوەش، هەردوو ئاینەکە خاڵی پێککەیشتن و خاڵی هاوبەشیان هەیە.

ئەز، نەپەرژامە سەر جوداوازیی نێوان ئەو دوو ئاینە و، لە لایەکی ترەوە بۆی چووم.

– ئەو سەردەمە «مانی» نەیویستووە بچێتە «ڕۆما» یان ڕوو لە «تەدمور» و «ئیجیپت» بکات بەڵکو؛ ڕووی وەرگێڕاوەتە هیندستان و تیبت و پاشان «چین». گرنگ گوتە و هزر و بۆچوونەکانییەتی پاش ئەوەی

شەست و دوو ساڵ ژیاوە.

جگەرەیەکی لە لالێوی چەقاند و چرقەی لە چەرخەکەی هێنا کە، لە دوو ڕەنگی لیمۆیی و نارنجی پێکهاتبوو. پاش مژێکی قووڵ، وەکو برینێکی کولابێتەوە، چاوەکانی پڕ خونەک بوون و بریسکانەوە.

– بۆ ناچیت بەلای بینەرەکانتەوە هەتاکو منیش بڕێ لە وتەکانی مانیت بۆ هەڵچنم. لەوانەیە پرسیاریان هەبێت.

دوکەڵەکەی بەئاسمانی قاوەخانەکەدا هەڵشاخاند، بەنەرمیش پاساوی خۆی دایەوە.

– بینەران با لە گۆشەی خۆیانەوە و، بەگوێرەی ئاستی هۆشیاری خۆیان لە کارەکانم بڕوانن.

لەوانەیە تۆ ئاسایی لێکدانەوەی شایستە و هەمەجۆریان هەبێت.

ناچارم ڕێز لە دیدی بگرم و مێشکی خۆم گوشی.

– مانی فەرموویەتی «باخچەکانی شەوق و نوور تایبەتن بەوانەی کە، لە کۆت و پێوەندەکانیان ڕزگار بوونە».

کەمۆکەیەک هەڵوەستەی کرد. وادیار بوو لە وتەکەی مانی ڕادەما و بەبارێکیشدا هەڵیدەسەنگاند کەوا، دەگەڵ ناخی خۆیدا بیگونجێنێ.

– براله. دەزانی، ئەو «مانی»یە لە پاش بیست و شەش ڕۆژ و شەوی ئازار و ئەشکەنجەدان، لە دووەم ڕۆژی ئاداری ٢٤٧ بەر لە زایینی مەسیح مردووە، بەڕۆژنامەی بابلی دەکاتە ساڵی ٥٨٤ !!

ئەوجا نۆرە هاتە سەر پێککا

– کەواتا وەکو گوتت دەق لە دوو سەت و دوازدەوە بۆ دوو سەت و حەفتا و چوار، شەست و دوو ساڵ تەمەنی بووە.

ئەز، دەرفەتم لێ ساندەوە و کارەساتەکەی مانیم بەئەنجام گەیاند.



– بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و سێ شەو، بەهرام شا لە دەروازەی شاردا تەرمەکەی هەڵواسی.

پێککا، خۆی پێ ڕانەگیرا و دەمی پرسیارێکی بەپەلەی لێنام.

– بۆ؟!

– بۆ ئەوەی گۆڕ و مەزارگەی نەبێت لە لایەکەوە...

– ئەدی لە لایەکەی ترەوە؟!

گوتمەوە: بۆ ئەوەی مورید و پەیڕەوانی ئاینەکەی لەو بڕوایەدابن، جاوید نییە و مردووە بەڵام؛ هەژیان بەسەر، ئەو ئاینە خۆر ئاسایی هەر زوو بەزوو ڕووناکیی پەخشاندەوە و چوون هەوری ئاوس بارانی خۆی داکرد.

ئەو گوتی: بەڵێ... بەڵێ دیارە هەمان ئەو پەیامبەرەیە کە، ڕۆمانەکان مانیخۆس، مانیخاوس و... مانیخییەی پێ دەڵێن.

– ئەوەشت لەلا ئاشکرا و ڕوون بێت پێککا، پەیڕەوانی ئەو لە میسردا بەناوی «یاوەرانی مەسیح» و، لە چیندا بەناوی «بودای نوور» پەرە بەکاکڵەی هزری ئەو زاتە پیرۆزە دەدەن.

هیچی ئەوتۆم لە مێشکدا نەبوو لەوساتەدا بیگەیەنمە «پێککا پور هۆنێن»ی هاوڕێ و هاوهونەرم ئەوە نەبێت کە، دەلاقەیەکی دیکەی لێ واڵا بکەمەوە لەبارەی سەرژمێری گۆی ئەستێرەکەمانەوە. بەر لە دە هەزار ساڵ زۆر زۆر لە هەنووکە کەمتر بووە. لە سەردەمی عیسای مەسیحدا ئەگەر دووسەت سێ سەت ملیۆنێک بووبێت. ئەوا لە سەتەی حەڤدەمیندا پێنج سەت ملیۆن کەس بووە. تەنیا لە سەت و پەنجا ساڵی لەمەوبەرەوە، ژمارەی دانیشتوانی ئەستێرەکەمان لەزۆریدایە!

هەنووکە، لە بەرایی هەزارەی سێیەمدا ژمارەمان شەش ملیار و پترە. هەمیشەش کوارگانە، کەرویشکانە لە زگوزا داینە. پێککا ئامێرێکی

ژمێریاری لە باخەڵی دەرهێنا و، خەریکی کۆکردن و لێکدان و دابەشکردنی ژمارەکان بوو. ئەوجا بەسەرسامی دەوی کردە بەندە.

– بەو جۆرە بێت، لە هەر خولەکێکدا ٢٧٤ زارۆک لەدایک دەبن و، ٩٧ یش دەمرن.

ئەمنیش، بۆ خەندەی لێو گوتم:

– هەی قوڕی باپیلانی کوردستان و قوڕی «تورکو»ی فنلاندمان بەسەر.

ئەو، هەڵیدایێ: لە مێشکی مرۆڤدا بەقەد هەژماری ئەستێرەکانی کۆستارەی «GLAXY» ڕێگەی کاکێشان و کۆستارەی ڕێگەی شیر، شانە و سێلی تێدایە.

ئەز، بۆم تەواو کرد.

– مەگەر ئەو شانە و سێلانە دەروەستی ئەو ژمارە و کەونە بێ تخووب و سنووورە بێن!

نیگامان تێکهەڵەنگوتن. پتر هۆگر و متۆی یەکدی بووین وەکو ئەوەی لەژێر پێماندا ورتکە ساپ تلابێتەوە شانمان لەیەکدی توند کرد، دڵنیاش بووین کە، ڕەدووی تراویلکە و سەراب نەکەوتووینە. ئەو، سەرنجمی بۆ فەرموودەیەکی «بودا» ڕاکێشا.

«من هیچ لە نهێنی خودا نازانم بەڵام؛ زۆر شت دەربارەی چەرمەسەریی مرۆڤ فێربووم».

منیش بۆ هاوسەنگیی فەرموودەی ئەو بودا پیرۆزە، گوتەی «ئاراگۆن»م هێنایەوە.

«بڕوام بەوە هێنا، هیچ شتێک نییە هەندەی بیرکردنەوە ئازارکێش بێت.»

لەپاش گوێ ڕاداشتن لەو گوتانە، دەستی یەکدیمان گوشی و سنگمان



گەیاندە یەک، ئەو بەدەستی ڕاستی، بەهێوری لە شانی دام و، منیش چوون ئەو، بەدەستی چەپم لە شانی ئەوم دا. دڵنیاش بووین کە، ناخمان تژیی جوانی و، داد و، ئەڤینە. ئەز، لە نیگای پێککا ڕامام کە، ئەو دەمە چووتێ پولوو بوون. ئەدی بۆ ئەویش لە هەمان دەمدا، نیگای من لە چەشنی دوو پشکۆ نەبینێ. لەگەڵ خۆمیشدا تێکەڵاو و متۆی گیانی نەسرەوتی حەزرەتی «نالی» بووم. چاوم لە شیپانەی دەرکەکەوە، جووتێ ماسی لە ئاو دەرهێندراو بوون و، لە مولەقدا وەستابوون.

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بەچاوما بکا عبوور

هۆشم ئاوەژووی دوو هەفتەی پێشوو بوو کە، پێککام بانگهێشت کردە نیوەڕۆ خوانێکی کوردانە و، هەم بۆ نیشاندانی دوایین کەڤاڵم کە، ماسیگرێکی تاکپێ بوو. لە ڕۆخی ئاوێکدا بەهیوای ماسی گرتن بوو.

– پێککا، لە وڵاتی ئێمەدا، پاش جەنگی هەشتساڵەی سەددام و خومەینی، دەیان ملیۆن ماین MINE جێمانەوە کە: لە ژێر پێی منداڵ و ژن و وەرزێر و قەچاخچی و پەنابەراندا دەتەقێنەوە. هەزاران شەهید بوون و، سەتانی وەکو ئەم ماسیگرەی کەڤاڵەکەم سەقەت و ئیفلیج بوون. دەزانی لەم دواییەدا فێربوون چۆن بارووتەکانیان دەربێنن.

گورج پرسیاری لێ کردم.

– بۆچی؟

– بۆ ڕاوە ماسی. وا لەم کەڤاڵەمدا دەیبینی.

تۆ تێبینی بکە لەوەی کە ژمارەی شەهید و کەم ئەندامەکان لە ژمارەی ماسییە ڕاوکراوەکان زۆر زۆرتر بوون!

تەسەللا و دڵنەوایی خۆم بەوە دایەوە کە، جوانی زمانحاڵی گشت

بوونەوەرانە. سروشتیش لەو جوانییەوە پەیدا بووە. باڵاترینی ئەو جوانییانەش ئەندامەکانی لەشی خۆمانە.

چەمامەوە و، لە تۆماری پێشانگەکەیدا نووسیم «لە بەندە شێتتر تۆی، کە دوای جووڵە و هەژانی بێ گیانەکان کەوتووی! ئەز، خولیای تێکئاڵانی گیانە زیندووەکانم»

– دەی با من و تۆش دەمە تەقێیەک بکەین. دەڵێم: دیاردە دەرەکییەکان کاریگەریی کەمتریان هەیە لە هەلومەرجی دروستکردنی کەسیێتی مرۆڤ و، ڕەخساندنی ڕەفتار و هەڵوێستەکانی.

– ئەی چی ڕۆڵی سەرەکی دەنوێنێ کاکی گێڕەرەوەی هۆشیار؟!

– بنهەستی ژوورەکیمان کە، بەهۆشی ناوەکیش ناو دەبرێ.

– ئەی ئەگەر مرۆڤی هەستمەند ئامبازی گرفتی خەست و ئاڵۆزیی بوونەوەریی خۆی هات، چیی لە دەست دێت؟! چ ڕێگە چارەیەکی هەیە؟

– ئافەرین لە پرسیارەکەت! لە ئاستەنگی ئاوهادا، (پاڵەوان) دروست دەبێت کە، گەردنی بۆ هەرەس و نائومێدی و نامۆیی کەچ نەکرد و، واقیعە تاڵەکەی تێپەڕاند بەرەو هەبوونێکی نەبیندراوی نۆژەن، بەرەو داهاتوو...

– چۆن؟!

– مەبەستم لەوەیە، یاخییەکە بەچاوی خۆی نەک بەچاوی هۆز و عەشیرەت بڕوانێتە ئایندەی. ئەوسا دەتوانێ «خود ئەفسانە»ی خۆی دروست بکات.

# پاری چوارەم

کاکی خوێنەر، بۆ ئەوەی بەسانایی بتوانی نیگاری باڵندەیەک بکێشی دەبێ پێشەکی... چی؟ کام باڵندە؟ تو ویژدانت ئەمە پرسیارە! یان خوری خستنە گەرووی ئاشە!! ئەوا گریمان پەڕەوڵەکە کۆتر یان قەڵەڕەشکە، هەوێردە بوو یان خەرتەل هیچ لە گرفتەکە دەگۆڕێ. دە گوێم بۆ شل کە. تۆ لە نواوە دەبێ دوو بازنە بکەی، یەکێکیان گەورەتر لەوەکەی تر. گچکەکەیان بۆ سەری باڵندەکە و، گەورەکەیان بۆ لەشی. ئەڵبەتە بەگوێرەی قەبارەی مەلان دەگۆڕێن. تۆ پشووت هەبێ و خۆت ڕابگرە جا ئەوەشت بۆ شی دەکەمەوە، ئایا بازنە بچکۆلەکە لە سەرووی بازنە گەورەکەوە دەبێت یان بەپێچەوانەوە. پرسیارەکەت شیاو و لە جێی خۆیەتی. جا ئەوە



بەگوێرەی وەستانی ئەو باڵندەیە دەگۆڕێ، تێمدەگەی ئەگەر لە زەویدا بوو، خەریکی هەڵچنینی دان و خۆراک و قۆزتنەوەی کرم و پێکوڕە و شتی ئاوها بوو، ئەوا بێ گومان بازنەی کاسەی سەری لە خوارەوە دەکێشی، خۆ ئەگەرەکو ڕەق ڕاوەستابوو وەک ئەوەی چاوی لە حەوادا، بەپەخشە و مێش و مەگەزەوە بوو، ئەوسا بازنە مەزنەکەی لەشی لەژێر بازنەی سەرەوەکە دابنێ... چاکە.

– ئەی ئەگەر لەسەر زەوی نەبوو!

دەزانم، دەزانم چیت نیازە، بۆتی یەکلایی دەکەمەوە. ئەگەر لە فڕیندا بەئاسمانەوە بوو، ئەوا تۆش بەگوێرەی ڕووگەی فڕینەکە، بازنە چکۆلانەکە بەئاسۆیی ڕەسم دەکەی. ئارام، لەسەری ڕۆیشت. مایەوە دوو سێ بازنەی فرە چکۆلانەی زەنگیانەیی بۆ دوو چاوی مەلەکە و، کۆمی. جا ئەوە کەی پێکەنینی گەرەک بوو! گشتمان ئەو کونە دەرووەمان هەیە، هەندێک بەجێگەی شەرم ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوە ڕاستییەکە و شەرم و پەرژینی پێ ناوێ و، دەشبێ نکوولی لە کێشانی ئەو بازنە گرنگەمان نەکەین چونکو؛ ئەگەر دەومان دەروازەی بژێومان بێت ئەوا بازنەکەی پاشەوەمان دەرکەی دەراندنی پاشەڕۆکی گەدە و ڕیخۆڵەکانمانە، دیارە تۆ هەرگیز قەبز نەبوویتە یان سکت ڕەوان نەبووە! مرۆڤ تووشی چ فەلاکەتێک دەکەن های لەتۆ! ئەو دەمە ژمارەی زەنگیانەکان بەگوێرەی ڕاوەستان و دۆخی باڵندەکە دەگۆڕێ. دە چاک گوێتم بۆ بتەکێنە ئەگەر باڵندەکەت لە تەنیشتەوە کێشابوو، ئەوا تەنیا یەک بازنەت بۆ چاوێکی پێویست دەبێت ئەگەر لە پێشەوە ڕووبەڕووت بوو، بەتایبەتی لە کاتی خۆ دانەواندن و دان دۆزینەوەدا، ئەوا دوو زەنگیانەی بۆ دەکەیتە جووتێ چاو.

مایەوە زەنگیانەی پشتەوەی مەلەکە، ئەویش خۆ ئاگاداریت کاتێ کە هەندێ باڵندە لە کەرخی جۆگە و زێدا بەدوای کرم و وردە خشۆک دەگەڕێن

یان، قاز و مراوی و ئاوییەکانی دی سەریان دەخەنە ژێر ئاو و پاشەڵیان دەلەنجێتەوە. لەو ئان و ساتەدا تۆ تەنیا زەنگیانەی کۆمە زەردەکەیان بەدی دەکەی، ئەوسا زۆر بەسانایی بۆت دەکێشرێ. تۆ لە پەڕەوڵە وردیلەکان گەڕێ. ئا... مایەوە دەنووک و مل و قاچ و پەنجەکانیان، ئەمانەیشە، بەگوێرەی دڵت زۆر زۆر ئاسانن. ئەڵبەتە ڕەچاوی ڕەگەز و جۆری باڵندانت کردووە، هەر نەبێت لە گۆڤار و پەڕتووکی قوتابخانەدا دیوتە کە، جۆرەها دەنووک هەن چ بۆ قۆزتنەوەی دانەوێڵە و خۆراک و چ بۆ ماسی گرتن و بۆ دەرکردنی نێچیر لە کون و چاڵاندا، ئەوجا کوم بووبێت یان مار و دەعبای تر. بەگوێرەی ئەو ئەرکەشیان، مل و قاچ و پەنجەیان دەگۆڕێن. هەنووکە لەبار نییە، نەبادا لە ڕەوتی ئەم پارەمان لابدات دەنا باسێکی کورتم لە تیۆرەکەی «داروین» بۆ دەکردی. جا ئەو پێیانە بەنموونە: ئایا بۆ ڕێکردنی ئاساییە، بۆ مەلەکردنە یان بۆ پەڕینەوەیە لە بوار و ڕاوکردنی ماسی و... تاد. دەمێنێتەوە کلک و باڵ و جۆری پەڕەکانیان. ئا پرسیارەکەت بەجێیە کاکی خوێنەری هێژام، ئا... ڕەنگیش لە مەلێکەوە بۆ مەلێک، لەسەر باڵەوە بۆ بن باڵ و ژێر سک دەگۆڕێن، ئەوە بێجگە لەو باڵندە جوان و قەشەنگانەی کە تاجی سەر و کلکی سەیر و ڕەنگی ئاڵاو واڵایان هەیە کە سروشت پێی بەخشیون. ڕەنگاڵەی لای خۆمان و بەبەغای ئەمازۆن کە، لە هەمان ڕەگەز و لە هەمان شوێندا ڕەنگ و قەوارەیان جودایە! چی! چی! ئەدی کێ پێی بەخشیون؟ خۆیان!! بۆ خۆیان کە لە هێلکەوە دەترووکێن، بیریان لە ڕەنگی شەبەنگیی خۆیان کردۆتەوە!! ڕاستە. ڕاستە وەکو گوتم ئەوانیش ئێمە ئاسایی، لە شێوەی دەرەکییاندا جیاوازی هەیە بەتایبەتیش لە ڕەنگیاندا ئەوە بۆیە ڕەنگ لە هونەردا سەنگی خۆی هەیە، بەلامەوە، ئەم دیاردەیە پەیوەستی بەسروشت و بایەلۆژی و جۆری جینەوە هەیە. لێرەدا، منی گێڕەرەوە چوومە نێوان گوتنەکانی ئارام و، دەمم لە تۆی خوێنەر نا. «هەنووکە دەتهەوێ گەمارۆی بخەیتەسەر و لەهەر شتێکت بۆ



باس بکات! ئەدی ڕایەڵی ڕووداوەکان! دە کەیفی خۆتە. چۆنی تێدەگەی ئاوهالانە لێکی بدەرەوە. ئەگەر دوایی بۆمان شیا، هەندەی تری لەسەر دەمکۆ دەکەین.»

ئارام هاتەوە گۆ. گرنگ وەکو لە دەسپێکدا سەرنجتم بۆ ڕاکێشا، ڕەسمکردنی باڵدارە و هیچی تر، ئەوەش بە ڕووکەشی منداڵێک کەوا یەکڕاست نەک وەکو تۆ بیر لە هەموو وردەیەک بکاتەوە، دەیکێشێ و دەمەوەریی لەتەکدا ناکات، ئەو ڕەنگانەش بەکاردێنێ کە خۆشیانی دەوێ یان، ئاوهالانەی دەوێ بڕەنگێن. ئەدی «پیکاسۆ» نەیگوتووە بەدەیان ساڵ فێر بووە وەکو زارۆکان بنیگارێنێ و، بە (یاسای بیندراو) فریوی نەخواردووە. ئا، ئەمەشت بۆ ڕۆشن دەکەمەوە بەڵام؛ ئەگەر دەرفەتمان بۆ ڕەخسا. جا پەلەی چیتە! هەر ئێستاکە! بەسەر چاوی چۆلەکە. گوێ بگرە. سێ ئاڕاستەی سەرەکیی بیندراو هەن. جەنابت کە ڕاستە و ڕاست دەڕوانیتە دیمەنێکی بەر دیدەت، سۆمات لەسەر پنتێکی ئاسۆدا لەنگەر دەهاوێ. جا لە ناوەندی ئەو هێڵی ئاسۆیەدا بوو بێت یان لە لای چەپ و ڕاستەوە. گرنگ ئەو پنتە ڕێک لەسەر هێڵی ئاسۆدایە. جۆری بیندراوی دووەم لەسەرەوە وەکو لەسەر پەیژەدا بیت یان، لە بانێژگەیەکەوە تۆڕی چاوت هەڵدەیتە خوارەوە. دیارە ئەمەش جیاوازە لەوەی کە پێشتر بەئاسۆیی سۆمای چاوت گرتە ئاسۆ یان، سۆمای چاوت لە خوارەوە بەرەو بەرزایی هەڵشاخێنیت لە ئاست هەمان دیمەندا. ئەڵبەتە کە لە بڵندایییەوە بڕوانی ئەوا پنتی ئاڕاستەی سۆمات دەکەوێتە ژێر هێڵی ئاسۆوە. بەپێچەوانەوەش، لە دۆخی سێیەمدا مەلی چاوت لە خوارەوە هەڵدابێت ئەوا لە سەرپنتێک دەنیشێتەوە کە دەکەوێتە سەرووی هەمان هێڵی ئاسۆکەوە.

دەرفەتم لە بێدەنگی ئارام وەرگرت و، زمانم بەگوڕ و تینەوە لە تۆی

خوێنەر نایەوە «ئیتر هەندە بەسە و گێچەڵی پێ مەکە. خۆ کۆرسی نیگارکێشانی نەکردۆتەوە. با هەردووکمان بەهرە لە ئارامی هونەرمەند وەربگرین. سوودمەند بین لە وتە و هزری. ئەم زاتە، لە پاڵ بەردی نرخدار و هەزاران پولی پۆستەی کەڤاڵە جیهانییەکانی، دەیان سێتی تەواوی نیگارکێشانی کلاسیک و ڕۆمانسی و سروشتی و نوێکارانی لە ئەلبوومدا کۆکردوونەتەوە. هەرکاتێکیش بخوازێ ئەوا بەفانۆزی سیحری بەسەر دیواری سپیدا، گەورەیان دەکاتەوە. دەڕوانێتە وردەکارییەکانیان تەنانەت هەڵەی لەو پولانەدا دۆزیوەتەوە. بەخۆشی دەمێکە خولیای ڕەسمکردنە. دەبا بۆ شکۆی ئارامی هەستمەند، گوێی شەیدایی بۆ شل کەین و بەتەنگییەوە بێین. ئاخر لەم چەپەکی دونیایەدا، هەلاتووی بەرەی جەنگ، لە حەشارگەی خۆیدا شێلگیر و سەرسەختانە پەرە بەئەزموونی ڕەنگ و جوانکارییەکانی دەدا».

***

دایکی ئارام، خێرا خێرا سەرقاڵی بەخێرهاتنی ئاپۆ ڕەشید بوو.

– پێ و قدومی فەڕ و بەرەکەتت هێنا، سەرچاوان هاتی.

ئارام، ئێستێکی کرد.

– ئەرێ بۆ مامزی هاوسەرت لە تەکدا نییە؟!

ئاپۆ ڕەشید، وەکو لە خەوندا مووچرکە ڕایپسکێنێت یان، دەستێک بەلەز ڕایوەشێنێت، سەراسیمانە پێڵووەکانی لەراند و چاوەکانی گەشانەوە.

– قوربان خۆ تۆ لە کاروباری دەشتەکییان بەڵەدیت.

پشت بەپەنای خوا دەیهێڵمەوە بۆ جاری داهاتوو.

– ئەمە کاری نەکردەیە ئاپۆ گیان دەبوایە بتهێنابایە بۆ لای دایکم کە هەندەم لەلا باس کردووە یەکڕاست دەیناسێتەوە.



یاخوا جلوبەرگەکانتان موبارەک بێت. ئەرێ جلەکەی بە دڵ بوو کە دایکم بۆی هەڵبژاردبوو؟

ئاپۆ گوتی: ئەی چۆن. کەوا و سەڵتەکەی منیش ئەوا لەبەرمایە و لێل باوکت چووینە لای بەرگدرووەکەی ناو قەیسەری. خۆ لە بیرتە لەبەر خاتری باوکت، مەلا مەجید بۆ پاش نوێژی نیمە ڕۆژە تەواویانی کرد و منیش هەر لە ناو دوکانەکەیدا لەبەرم کرد. ها ها ها.

ئارام دەیزانی کە، نرخی دوڕ و گەوهەر لەکن دوڕ و گەوهەر ناسە، دەنا زەلامی هاکەزایی لای ئەوتۆی لێ ناکەنەوە و ڕەنگە، بریق و باق و ڕەنگی بەردەکەش سەرنجیان گلێنەداتەوە وەلێ، ئەوەی مێشکی لەمەڕ تەلیسمی بەردە پیرۆزەکانەوە بۆ میوانەکەی شی نەکردەوە چونکە، لەکنی کارێکی ناوازەی وا بوو کە، عەردی ڕەقەن و بەردەلان بکێڵێ بۆیە لە بریی ئەوە ئاماژەی بۆ ئامادە نەبوونی باوکی کرد.

– حاجیی باوکم دوێنێ، لەگەڵ سروەی بەیاندا چووە بۆ لای خزمانی دەرەوەمان بۆ سەردانی و هەم بۆ خڕکردنەوەی بڕێ قەرد و قۆڵە.

– وایە... وایە. (هەوساری گوتنی لە ئارام وەرگرت) لە پاش خەلە و خەرمان هەڵگرتن، وەرزێر و جووتیار تەنانەت شوان و گاوانیش دەبووژێنەوە. لە خوا بەزیاد بێت کاکە ئارام ساڵەکەمان بەپیت و بەرێژ بوو. کوڕی خۆم دەستە قەرد دوو ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە. ئەی تۆ...

ئارام کە چاوی لە دەم و دووی بڕیبوو، ئەو نیمچە ڕستە پرسیار ئامێزەی ژنەوت، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، دەستێکی بۆ چەقی هەنیەی برد چوون کەسێک خوناوکەی بسڕێتەوە. بەر دیدەی لێڵ و تاریک بوو. خۆی لە ئاستەنگێکی دژواردا بینی کە، گوزارشت لێکردنی هەر نەبێ لەو کاتە ناسکەدا، ناچیز بوو لە لای ئەوە و «لە سونگەی چی باس لە پڕۆژەکانم بکەم، باوەجوو لەکن کەسێک، ئاسمان و ڕێسمان لە دونیاکەی من

جیاناکاتەوە! خۆ ناشێ حەز و مەراقەکەم لە کۆکردنەوەی بەرد و شمەکی مێژینە و بەهاداری لە لا هەڵڕێژم یان، هەوەسبازیی خۆم لە ڕەنگ و هێڵدا باس بکەم چ جای گرفتاری کام ستایلی هونەریم. هەروەها ساچۆنەکی گیرۆدەی ئەڵهایەک بوومە کە هەرچی زووە ڕوو لە هەندەران بکەم بەڵکو پەرە بەڕێبازی ڕەسمکردنەکەم بدەم و لەوێ هزرم قاڵتر بکاتەوە و، کەڵک لە ئەزموونی هەمەجۆر وەربگرم» هەستی ئاوها و دەیان خوستی لەو شێوەیە، مێشکیان تەنیبوو. ئەوانە مەگەر لەگەڵ کەسێکی گیانی بەگیانی و هۆش گوشاد تاوتوێ بکات، هەر نەبێت کەسێکی وابێت، لایەنی کەم لە زاراوەکانی سەر دەربکات و، هەستوەرانە لە واتای ڕاستەقینەی سروشانی هونەری بزانێ بۆیە، تووشی دڵە خورپە هات و، مکووم و سەختگیرانە؛ لە دیوێکەوە ئەو بارە ناخییە ناسرەوتەی داپۆشێ و، هەم بەسانایی بەشداریی لە دەمودووی مێوانە هێژاکەی بکات لە دیوەکەی ترەوە.

– ئاپۆ گیان، ئالاومەتە دونیاوە و، لەگەڵ پێچەلپێچی ڕۆژگاردا دەخولێمەوە.

ئاپۆ ڕەشید، حەکیمانە لێوی ترازاند.

– یان دونیاکە گێژت دەدا و دەتخولێنێتەوە، هۆ هۆ هۆ.

ئەو پێکەنینە کورتەی ئاپۆ مەغزادار و دەرهاوێژی تەمەنی بوو. لە لای ئارامیش فریاد ڕەس بوو چونکی؛ کۆکراو و خەستەی تەمەنێکی کەنەفتی سەرووی حەفتاوە بوو، لە چرکەیەکدا دەراندی! ڕستە خەستەکەی ئاپۆ بۆ ئارام ئێکسیرێک بوو گیانی لاواندەوە. دەرفەتی پێشەوە چوونی بۆ لواند بۆیە، هەر بەپەیتیی پەیڤەکانی ئاپۆ، بەشێنەیی ڕووی زاری لێنا.

– هەردووکی بەڵام...

لە پاش ئەو بەڵامە ئێستێکی کرد و، ویستی بەشی خۆی بهاوێتە سەر ژیانەکەی...



– بەڵام؛ بۆ دەستەمۆکردنی چارەنووسم، هەنگاوی نەگۆڕ دەنێم.

ئاپۆ ڕەشید، لە بێژەکانی ئارام تێدەفکرا کاتێک دایکی ئارام دوو چای پڕ ڕەنگی لەپێش دانان لەگەڵ کولیچە و گاڵگاڵیی خۆماڵی. ئاپۆ، بەو بۆچوونەی ئارام قەڵس و شپرزە نەبوو کە، هەتا ئێستای سەری چووبێت – خۆی گوتەنی – نوێژی نەچواندووە چونکی؛ لە لای کەسانی وەک ئەم و حاجی عەلی و هاوسەرەکەی و هەزارانی دی «ئەوا لە ڕۆژی ئەزەلەوە، لە لەوحی مەحفوزدا چارەنووسی هەریەک لەوان بەڵکو، چارەنووسی سەر لەبەر گیانداران، مار و مێرووان، درەخت و با و گڵ و ئاو و ئاگریش لەو لەوحە گەوهەرینەدا تۆمارە و هەرگیز گۆڕانی بۆ نییە! ئەوسای کاتی مەردمێک تەواو دەبێ؛ مەرگ دەیگرێتە خۆی، بەچرکەش پاش و پێشی بۆ نییە» لەهەر شوێنێکدا بووبێت عیزرایلی ئەمین، ڕۆحی لە بەدەنی دادەبڕێ و دەیباتەوە بۆ حەوت نهۆمی مەلەکوتی خواوەندی کردگار کەچی؛ لەم ڕۆژنەدا سام دایدەگرێ کە شتگەلی ئاوهالانە دەبیسێ! بەتایبەتی لە گەنجە سەر چەورەکانی شار!! ئاپۆی بێستانەوانی چەپەک نشین، لەم بارەوە ئەستێرە خوشانی ناکاو، بەنیشانە و مەرگی گیانلەبەرێک دەزانێ ئارام، ئەگەرچی نەیخواست، دەلاقەیەک لە بیری ئاپۆ بکاتەوە کە؛ تووشی دڵەڕاوکە و گیرمە و کێشەی بکات لەگەڵ خۆیدا یان، گۆمی مەندی باوەڕی بشلەقێنێ کەچی، ئاپۆ خۆی حەزی بەتەمەتەقێ و ورووژاندنی ئەو دۆزە هەبوو، هەر نەبێ لە بۆچوونی ساکاری خۆی هەم بۆ تامکردنی دەمی بەرامبەرەکەی. ئەوەی بەلادان و ستەم نەزانی یان، خۆ لە کاروباری خودا گلاندن و، پەنجە لە نەشیاو وەردان چونکە؛ لە مەلای ئاواییەوە بیستبووی «خودا عەقڵی بەخەڵقندەکانی خۆی داوە بۆ ئەوەی تێفکرن و، خودانی ئەو حەمکە ئاوایی و، ئەو گشت زەوی و زارە زۆرانە و، خاوەندی کانی و ڕۆخانە و ڕووبار و ئاسمان و ئەستێرە و خۆر و مانگ و مێروولەی پێ بدۆزنەوە» ئەو دوو لایەنە لە مێشکی ئاپۆدا تەواو جێگیر ببوون

یەکەمیان: هەرچی لەنێو چاواندا نووسرابێت، هەر ئەوە ڕوو دەدات و بەس. دووەمیان: مەلا گوتەنی، مافی بیرکردنەوە و هۆش بەگەڕخستنیان هەبێت. ئەم جووتە فاکتەرە جاروبار دەبوونە توولە مار و، ئاپۆیان تووشی دڵەڕاوکە و مێشک گوشین دەکرد. چەند گلەتێک ڕووی دەمی لە خۆی نابوو.

«لە سونگەی چی دروست بووین؟! ئەی کێ دروستی کردووینە!؟

هەر بۆ تەماشاکردن و سەیرانی خۆی مەلا گوتەنی و بەهەفتەیەک!!

ئەی بۆ مامز، بەحەوت ڕۆژ و بەحەوت شەو تەونکارییەکەی بۆ تەواو ناکرێ! یان بەحەوتوویەک تەندوورەکەی وشک نابێتەوە!

ناشێ وابێت. ئەی ئەگەر هەندە بەزەبر و توانایە کە گوتی: «تیژ» گشت دڕک و پەیکوڵی گەرمەسێر تیژ دەبن ئیتر ئەوسا، حەوجەی بەمن و دەسنوێژ و فەرزی پێنج نوێژە چییە!؟ گیرام ئەوا گوتم: پیرێکی وەکو من یان باپیر و نەنکی ئارام کە، چەند سیپاڵ و کەوا و سەڵتە و فەرەنجیمان دڕاندووە. بەگوێرەی خۆشمان دونیا دیدەییمان کردووە، قەیناکات سەر بنێینەوە و دڵمان بەوەچەکانمان خۆش بووە. مردن، هەق و برا گەورەمانە، باشە، ساوا و کۆرپە، هێشتا گانگۆڵە دەکەن و بۆنی شیریان لە دەم دایە؛ بۆ بمرن؟! لە بەرچی ئەو خودایەی بان سەرمان دەیانمرێنێ؟! تۆزقاڵێک بەم ناهەقییە ڕازی نیم، نەوەڵڵا... ئاخر چ تاوانێکی کردبوو! خۆ ئەگەر تاوانی لەوەوبەری هەبووبێت و پێمان نەزانیبێ بۆچی لە زگی دایکییەوە دەریدەپەڕێنێتە دەرەوە!؟ ئەویش بداتە گریانێکی بە کوڵ و بپرمێنێ!! من، سەرم لەم مەتەڵە دەرناچێ!»

پاش ئەوەی لە تێڕامانەکەی بێدار بوو، بەخۆی گوت: «ڕاستە گندۆرە بە ڕەنگ نییە. ئەم ئارامە کەم تەمەنە، بەهۆی خوێندەوارییەوە لە ئێمە گەلی بێ سەواد بەڵەدتر و چاو ساقترە. بۆ سەر نەخەمە سەری بەڵکو



ڕۆشناییەکی لێ وەرگرم ئاخر سەرانسەری تەمەنم، بەتەک بڕکی تەماتە و کاڵەک و شامییەوە بەسەر بردووە. لە پاڵ چاڵ و لم و ساپی ڕۆخانەدا بردوومەتە سەر. زۆر دژوارە منێکی لادێیی پەی بەو حەمکە شتانە بەرم کە، لە پەڕەی نووسراواندا هەن یان، لە سنگی مەلا و فەقێ و سوختەی ئاواییەکاندا ئەوان لە ئێمە چاو و مێژک کراوەترن. ئەوان نەک کەلیمە بەکەلیمە بگرە خاڵی سەر و ژێرەکانیش دەخوێننەوە! پیاح... لە نەخوێندەواری، خۆ کوێرییەکە بۆخۆی!!»

ئارام. جگە لەوەی بڕێ لە بەردە دەستکرد و مێژینەکانی خستە بەر نیگای ئاپۆ ڕەشیدەوە. چەند کەڤاڵێکی خۆشی پێ نیشان دا.

– ئەم کیژەت دیوە، ئاپۆ لەم ڕەسمەدا تۆ چاک دیقەت لە سەر و قژی بدە.

ئەو کەڤاڵە ئاوییەی کە تازە کێشابووی لە چاوی ئاپۆ نزیک کردەوە نەبادا، لەبەر کزی، وردەکارییەکانی بەدی نەکات.

– ڕووی زەلامێک بەلێواری پرچی کیژەکەوە دەبینم مامۆستا ئارام.

– ئاپۆ گیان، تۆ چاو بگێڕە بەدەوران دەوری پرچەکەیدا، شەش سەر دەبینی.

دەرفەتی دایە ئاپۆ بۆ ئەوەی ورد بڕوانێ و، کەللە سەرەکان بژمێرێ.

– ئەوەیان یەک. ئەمەیان دوو، سێ... چوار... پێنج،... شەش.

بەڵێ ڕاستت فەرموو، شەش سەری نێرینەن ئەوجا، ڕێگە بەئاپۆی خۆت دەدەی کە بپرسێت.

– بۆ... نا. ئاپۆ گیان، تۆ و من و هەر کەسێک بە پرسین شت فێر دەبین.

ئاپۆ، وەرەی خستە بەر خۆی و پرسیارەکەی دڵی دەراند.

– کەواتا ئەم سەرە زەلامانە چین و، بۆ شەشن؟!

بەپرسیارە دوو فاقەکەی میوانەکەی کە، پێشتر بەردە تۆپازە سەوزەکەی بەخۆڕایی دابوویێ و، ئەویش لە لای زیوگەرێک کردبوویە ئەنگوستیلە و، خۆشنوود و کەیفسازی کردبوو، گەشایەوە.

– ئاپۆ گیان. لە کوردەوارییدا کەنیشک بەئارەزووی خۆی مێرد هەڵنابژێرێ، واتا باوکی و دایکی، برا و کەسوکاری ئەو شووەی بۆ دەدۆزنەوە! وایە؟ ئەوە چ جای تەمەنی جیاوازی هەردووکیان!!

ئاپۆ خۆی بۆ ڕانەگیرا. ئاخر لەو ناهەقییە چۆن دەتوانێ بێ دەنگ بێت بۆیە، بەشی خۆی خستە پاڵ بۆچوونەکەی ئارامی زرنگەوە. لێوی ئاوها ترازاند.

– ئەوە بێجگە لە ژن بەژن، گەورە بەگچکە، لە ناو بێشکە مارەکردن و... نازانم چی!!

– دەمخۆش ئاپۆ. ئەوجا دوێتەکە، لە نێوان ویستی باوکی و حەزی دایکیدا، لە نێوان خواستی ئامۆزا و پوورزایدا، لە نێوان بڕیاری براکانی و ئارەزووی خۆیدا، دەپەشۆکێ و، ناوێرێ دڵی خۆی بکاتەوە. خۆ ئەگەر بەڕاست و ڕەوانی ئارەزووی هەڵبخات و چی دەبێ بابێ. لەوەشەوە دەیان چورتم و کێشە دەکەوێتەوە.

دایکی ئارام دەمی کردەوە.

– ژیانی هەزاران کیژ بۆتە دۆزەق و ژەهرە مار.

ئاپۆ، بە چاو و برۆی لەگەڵ ئارامدا بوو وەلێ؛ دەمی لە دایکی ئارام کرد.

– ئەوە بۆیە، لە قژی کیژەکەدا شەش سەری ڕەسم کردووە!

ئارام بۆی تەواو کرد

– ئاپۆ، بۆ پەنجە نۆماکردنی ئەو ئارەزووانە. کەنیشکەکانمان خەسار بوونە. دەتۆ تەماشای چاوە لە مۆڵەق وەستاوەکانی بکە. ئەوها برۆکانی لە



کاغەزی ڕەسمەکەش چوونەتە دەرەوە!! سەراسیمانە ئاپۆ پرسیارێکی لە ئارام کردەوە.

– ئەوە مانای چی دەدات؛ ئارام گیان؟!

– کیژەکە وەڕس و ناقایلە و، هەڵچوونێک لە ژوورەوەیدا پەنگی خواردۆتەوە.

– ئەی ئەو حەمکە ناڵ و گوڵ و شتانەی ژوور سەری؟!

– ئەوانەم بۆ دەربڕینی کەمزانینی دەوروبەرەکەی کردووە.

– خۆ وابوو، جاران و ئێستاش، بۆ چاوەزار، ناڵ و مورووی گەورەی شین بەدیواری خانگ و باڵاخانەکانیانەوە هەڵدەواسن و... ئارامیش، بۆی تەواو کرد.

– یان لە ناو پێنج پەنجەیەکدا چاوزاری زەق دەکەن بۆ گێڕانەوەی تیری چاوانی نایار و ملۆزم و بەدکاران!!

چاوی ئاپۆ. گرڕاوی و نمناک بوون کە ڕووی دەمی لە ئارام نایەوە.

– لەوانەش بەدەر، باوک هەیە، کیژەکەی یان جووتێ کیژی دەکاتە قوربانیی خۆی! ژن بەسەر دایکیاندا تێرێ!! ئەی ئەمەیان چەندی بەچەندە؟!

دایکی ئارام، بەهەناسە ساردییەکەوە تێهەڵچوو.

– خوشکە زایەکی منیان لە جیاتی هەقە خوێن دایە کەوڵە کۆنێک کە بە باوکی دەشیا! خوا بیانگرێ.

ئارام، بەنیوە تۆسینی ڕوخسار و نیگای ئاو ڕەنگییەوە، پرسیاری لە ئاپۆ کرد.

– تو ئەو خودایەی کە ڕۆژی پێنج جار کڕنووشی بۆ دەبەی، دوێتی دایکێک هەیە ئەگەر بەتۆپزی نەبێت، مێرد بۆ باوکی بکات!؟ ژنان

گوتەنی، هەوێ بۆ دایکی و، زڕ دایک بۆ خۆی بخاتە ئەو گۆڕەوە!؟

ئاپۆ، لە توێیی قسە هاندەرەکانی ئارامەوە؛ وەکو ئەوەی لەسەر سەکۆیەکی بڵند و بەچیچکانەوە قەرسیلجارێکی ئاونگداری بەرین بەدی بکات وابوو چونکە؛ لە مێژ بوو ئەوانەی دەزانین و، بەچاوی خۆی ئەو دیاردە نالەبار و بێ ویژدانییانەی دیتبوون، ویستی لە کونە ئاشێکی ترەوە باراش بهاڕێ.

– شێخ نەجمەدینی لای «سەنگاو» پاش ئەوەی وازی لەسەرە ژنەکەی هێنا، چوار ژنی تەڕچکی لە خۆی مارە کرد، بەکەنیشکی خۆی دەشیان!!

ئارام، داڵدەی دایە قسەکانی ئاپۆ و، بەخەندەوە تێهەڵچوو.

– دیارە، هەر بەهارە و ژنێک!! ها... ها... ها...

– مامۆستا ئارام، هەر یەکەیان و، بەشێوەیەک یەکەمیان بەپارە و پووڵ و ماڵی دونیا. دووهەمیان بەژنبەژن کردن سێهەمیان و چوارەمیان بە پێشکێشکردنی دەرویش و موریدان!

نۆرە هاتە سەر ئارام بۆ ئەوەی پلاری خشکەیی خۆی بهاوێ.

– ئاپۆ گیان دەستم بەدامێنت و ئەو ریشەت ماچ دەکەم. پێم بڵێ؛ ئەو چوار ژنە نەشمیل و شەنگانەی چۆن بۆ ڕام دەکرا؟!

– برازای خۆم هەر چواریانی وەکو کوتاڵ و بوزگوڕ لە چەند ژووری یەک لە ناو یەکی پاڵ تەکیەکەدا پەستابوون.

بەرچاوی ئارام تەماوی بوو.

– دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم و، شەرم دامدەگرێ... ئاپۆ گیان...

بەڕووگەشییەوە، ئاپۆ هانی دا.

– تۆش مەبەرە هەتاوە شەرمنی پایزان کە، لە ناوەندە هەورەکانەوە سەرەتاتکێ دەکات.



ئەوەی گوت و، جگەرەیەکی قامیشی بەچەرخە نەوتییەکەی داگیرساند.

«لەو دەمەی کە سەردانی شاری دەکەم، ناپەرژێمە سەر کیسە تووتنە گوڵگوڵییەکە و سیغاری (بافرە) پێچانەوە و بەرد و ئەستێ و قاو. چاکم لە بیر ماوە لە سەردەمی باوکمدا، باوی سبیل و قلیان بوو. بۆیە لە لای حەمەدەمینی تووتنچی، لە پێش مزگەوتەکەی (نائیب) بایی درهەمێک جگەرەی قامیشی پڕکراوی لێ دەکڕم. ئەوجا بەکامی دڵ دەتوانم جگەرە ویری دۆستانم بکەم.» ئەو پرسیارەی لە ئارام چاوەڕێ دەکرد چونکە؛ ئەگەر ئەویش پرسیارەکەی لێ نەکردبایە، خۆی بەتەمابوو لە بنی کوولەکە بدات و، خۆی واتەنی «کلاشم لە ڕێی هەق گوتندا دڕاندووە.»

– نە برازای خۆم. ئەوە بۆ وا شەرمێون بوویتە!! لە کاتێکدا هەندێک لە ڕەسمەکانت، وەکو ئەوەی لە کانیی ژناندا کوڵ بکەن، ژنێلی ڕووت و قووتیان تێدایە! کوڕم، شەرم خەسڵەتی پیاو نییە.

نەپەشۆکا بەڵکو؛ بەو هاندانەی ئاپۆ، وزەیەکی نادیار چووە گیانی ئارامەوە. پاش ئەوەی داوای دوو دیشلەمەی لە دایکی کرد، دەمی کردە میوانە هێژاکەی.

– گشتمان خاوەنی ناموسین و، لاحەیائە فیشەرع.

کەمۆکەیەک وەستا.

باشە، مامە شێخ دەرەقەتی ئەو چوار ژنە تازە پشکووتوانە دەهات؟!

ئاپۆ، قاقایەکی درێژی کێشا کە، زایەڵەی تەمەنێکی شکۆمەندیی بوو. بەپشتا شکایەوە. ئاو زایە هەردوو چاوی و بەردیدی تەماوی بوون. دەستی بۆ فەقیانەکەی برد و، چاوەکانی پێ وشک کردنەوە. پاش ئەوەی ڕووی بۆ لای دایکی ئارام گوازتەوە، ئەوجا لەسەرخۆ گوتی:

– ئەمە دایکی تۆیە و، خوێشکی منیشە. پەرژینێکی ئەستووریش لە

دەوری قسەکانمدا بێت. برازای خۆم، ئەگەر لە من دەپرسی و ڕاستت گەرەکە، ئەوا پیاو، بە چاکی لە دەرەقەتی یەک ژن نایەت، ئەوەش ئەگەرەکو، هەردووکیان هاوتەمەن بوون. ئەی هاتوو مێردەکە چوار هەندەی تەمەنی ژنەکەی بوو!!

دایکی ئارام: بەخەندەوە بەشداریی لە بۆچوونەکەی ئاپۆ ڕەشید کرد بەوەی گوتی:

– مەگەر بە خەنە و کل و وەسمە خۆی بکاتە نۆفیلکە!!

هەرسێکیان دایانە پرمەی پێکەنینی جۆشدار و لە هیچ نەپرینگانەوە. ئەوجا ئارام، چاوەنۆڕی دوا گورزی ئاپۆی ڕاستبێژ بوو. سەر و فرێکیان لە چایەکانیان دا. دایکی ئارام دەمی ژەندە ئاپۆ ڕەشید کە سەری دانەواندبوو.

– ئاپۆ ڕەشید، بریا مامز لێرە دەبوو. سەرت لە قوڕ نەنێم، هیچت نەهێشتەوە!!

ئاپۆ، وەڵامی کاوەخۆی پێ بوو.

– خوێشکەکەم کە هەقت گوت، ئاو دەوەستێ. ئەمە قسەی پێشینانە، دە بڵێ وانییە دەی؟!

ئارام لە بریی دایکی وەڵامی لە مشت بوو. لە پرسیارەکەی سەری ڕاوەشاند.

– با... با... بەڵێ، ڕاستی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

ئەوجا ئاپۆ کۆتایی بە پاشکۆی دەمگۆیەکەی هێنا.

– دیسانەوە پەرژینێکی قایم بێت. ئۆباڵی بەئەستۆی گێڕایەوە.

نەختۆکەیەک وەستا و چاوی بۆ شتێکی نادیار گڕ دا.

– ئۆباڵی بەئەستۆی ئەو کەسەی بۆمی گێڕایەوە، گوایا دەمبزێوێک



هەمان ئەو پرسیارەی لە خزمێکی نزیکی شێخ کردبوو. ئەویش، بەبێ پەردە و خۆشاردنەوە، ڕاست و ڕەپ گوتبووی «ئەی ئێمەی سمێڵ بابڕ و ئەستوور کارمان چییە گەر کۆمەکی مامە شێخمان نەکەین!!»

لە خۆشییانا ئارام شوێن نەبوو بچێتێ. ئاپۆ بێجگە لەو قسە قوت و بێ پەردانەش، هەندێکی تری چپاندە گوێییەوە. چاوانی بەرە بەرە کرانەوە هەتا پەڕینە تەوقی سەری لەمەشەوە ئارام، دیاردەیەکی تافی لاویی خۆی هاتە بەرچاو. لەو سەر و بەندەدا، خوێندکارانی قوتابخانە مەگەر تاکوتەرا، دەنا گۆرەوییان نەبوو وەلێ؛ باوکی ئەو بەهۆی سەردانی موسڵ و بەغداوە، هەر زوو گۆرەوییە بەنە دەسچنەکانی نەنکی واز لێ هێنا و، ئاڵشتی کردن بەگۆرەویی لۆکە و نایلۆن. گۆرەوییەکانی باوکی وەکو لە بیری مابوو، شین و قاوەیی و بۆر بوون، هەر چەندەش، جاروبار سەر و میلێکی ڕەنگیان هەبوو یان، نیتک بوون. ئەڵبەتە گۆرەوییەکان بەزۆری لە لای پەنجە کەڵەوە کون دەبوون. ئیتر باوکی ببڕای ببڕ لە پێی هەڵنەکێشان بۆیە، دایکی بەگوێرەی پێی ئارام، لە لای کونەکەوە دەیبڕی و بۆی دەدروو. لە بارەی ئەو قەرسکردنانەدا، ئارامی وریا و بزێو بەدایکی ئێژێت.

– دایکە گیان، شتێکت فێر دەکەم زۆرت پێخۆش بێ. تۆش لە قەرەبووی ئەوەدا دوو فلسی سوورم پێ ڕەوا بدینێ!

دایکی، ئەوەی بەچاوکراوەیی و زرنگیی نۆبەرەکەی زانی. لە کامی دڵەوەش حەزی کرد ئەو شتە بزانی ئارام بەخۆشی خۆشی گوتییەوە:

– تۆ، لە پێشەکیدا یەک فلسم لە مست دانێ، ئەوسا بۆتی باس دەکەم.

ئەم پیلانەشی دیسان بەوریایی و بزێوی ئارامی سەرکێش لێکدایەوە.

– فەرموو، نەک فلسێکی سوور، ئەوە پێنج فلسێکی سپی، بابزانم چیت لە پریاسکەی دڵدا بۆ هاوردووم.

گلێنەی چاوەکانی ئارام، دوو قلە ترێی ناو جامە ئاوێک بوون و درەوشانەوە. مڕی لە نوقڵ و وردەواڵەی دوکانی حەمیدە مشکە خۆش کرد.

– دایکە. ئەوە بۆ بەمام حەمیدی دوکاندار ئەڵێن حەمیدە مشکە؟

– چونکە وەکو تۆ جوڕە و فێڵبازە. پارەکەت وەرگرت و مەرامی دڵیشتم نەزانی هەی ڕێوی زۆرزان!

لە دایکی چووە نواوە. بەکاوەخۆیی برژانگە سرکەکانی لەرزانەوە.

– لە قوتابخانەدا فێری بووم و، منیش تۆ فێر دەکەم، چۆن گۆرەوییە کۆنەکانی باوکم بۆ من کورت بکەیتەوە.

دایکی وەکو بیهاوانە ئاوێ تەزیوەوە بەسەرسامی دەمی تێکرد.

– هەیڕۆۆۆۆ!!

ئارام سەراسیمایی دایکی ڕەواندەوە.

– لە جیاتی ئەوەی بەقایچییەکەت ڕاست و ڕاست گۆرەوییەکە بقاچیت، وا چاکە هێلکەیی بیبڕی. دەق وەکو بازنگە شکاوێک.

دایکی سەری لە وردبینی و دانایی کوڕەکەی دۆش نەما؛ پەلاماری دا و، چاوەکانی تێر تێر ماچ کردن. ئارام هەستی بەسەرکەوتن و خۆشییەکی ئەوتۆ کرد کە، بۆتە ئەندامێکی خێزانەکەیان و، گوێی لێ دەگیرێ. دەمی لە دایکی نایەوە.

– پاش ئەوەی هێلکەیی بڕیت، گۆرەوییەکە ئەم دیو و ئەو دیو بکە و، بیدروو.

دایکی ئافەرینی لێ کرد. چاوە گەش و لا ڕوومەتەکانی بەماچ کردە ڕەنگی پەڕەی گوڵ.

– باشە. لەمەودوا، بەو جۆرەی فەرمووت گۆرەوییەکانی باوکت بۆ کورت و نەوەرد دەکەمەوە. سەرچاوانی دایەت.



دیار بوو ئارام، گۆرەوییە کورتکراوەکانی باوکی بۆ پێی بچووک، بەژنگەلی شێخ نەجمەدینەکە زانیبوون بەتایبەتی کە، دواییێ وتەی ئاپۆ ڕەشیدی بەسابات و (کەپرە شینە)ی مێرگێک تێگەیشت بۆ هزرە هەمیشە ڕاپەڕیوەکەی.

ئەو دیاردە ناجۆر و دزێوانەش، گەواڵەی ڕەش و سیخناخ بوون بەئاسمانی زێدەکەیەوە. لاوێکی وەکو ئەوی پێ تەفرە نەدەدرا. نەچاوی لە سەعاتدا دەنووقاند و، نەدزەی بۆ دەکرد.

لە کاتی ئەم گێڕانەوەیەمدا، تۆ تێبینی لە دیاردەی سایکۆلۆژی بکە. ئارام، ڕووی لە ناخی خۆی کرد.

«گەمژانێک هەن. ڕەخنە لە ڕووتایەتی «NUDE»ی هونەری دەگرن! گوایا خەلاعەتە و پەردەی شەرەف دەوڕووشێنێ!!»

دەتۆ وچان بگرە و بیرت بۆ خراپەکاری نەچێت. ئەڵبەتە ڕووی دەمی لە تۆی خوێنەر و منی گێڕەرەوەش بوو.

«ئەوانە، با گازندە و ڕەخنە لەو پیاوانە بگرن کە، خۆیان کردۆتە پارێزەری مافی ژنان و بەخۆڕایی لەسەریان بەدەنگ دێن! وەی چش. بەلامەوە، کاری ئاوهای پەردە پۆشی، خودی خەلاعەتە و... دەعارەیشە چونکە؛ پێشتر دەبوایە لە ماڵبات و خانەوادەی خۆیانەوە ئەو ڕێسایە دەست پێ بکەن و، بیسەپێنن نەک لەپێش بڵندگۆ و لە ژێر تیشکی شەوارەکەی پراجیکتەردا، هەڵەشەیی و دەمهاری بکەن!! بۆ ژن قەحاتە داکۆکی لە خۆیان بکەن! سەیرە! ئاوەکە گەیشتۆتە ژێر کادانی خۆیان و، خۆ لە گێلی دەدەن!!»

ئەمجا بەدەنگەوە گوتییە ئاپۆ.

– دەمەخۆش. لە کاتێکدا دەیان ژن خوێندەوارن و هاتوونەتە ناو کایەکەوە.

تۆی خوێنەر گوتت: ئەو جۆرە نێرینانەی کە باسی لێوەکردن، بەخۆیان گیرۆدەی ئاڵۆزیی هاتوون. منیش پاڵپشتی تۆم گرت.

– ئەی گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ناڵێین!!

ئارام، ئاماژەی بۆ کەسگەلێک کرد کە، لە ڕێچکەی ئاین و مەزهەبەوە دەیانتەوێ دژەکاریی پەیامی ئاینی دیکە بکەن گوایا سەکیۆلارن SEC-ULAR کەچی؛ بانگەشە و هاوار بۆ ئاینێکی دیسان نموونەیی دەکەن کە، هەمان تەرزە و هەمان بیری میسالی و نموونەیی هەیە!! بەواتا: ئەم ئاینی ئاسمانییە لە شوێنی ئەوی تردا دادەمەزرێنن!! لە کاتێکدا هیچیان بەکەڵکی دۆخی ئەمڕۆژیمانەوە نایەن و، هەرگیز فریاد ڕەسمان نین.

– باش گوێم لێ بگرە، ئەگەر سەرپاکی ناوەڕۆکە مرۆڤایەتییەکان کۆبکرێنەوە ئەوا لە سی چل بابەتی سەرەکی تێناپەڕێن وەلێ؛ لە ڕۆژی بوونمانەوە و، هەتا هەتایە گوزارشت لەو سی چل ناوەڕۆک و بابەتانە دەکەین.

تۆ خوێنەر، دەستپێشخەریت لە منی گێڕەرەوە کرد.

– ... بەڵام؛ لە گۆشەنیگای جودا جوداوە.

– ڕاستت فەرموو. واتا: چۆنی دەگێڕنەوە. لێرەدا، هونەری تەرح و تەکنیکەکان دێنە ئاراوە، بە چ ئاڕاستەیەک بەکار دەبرێن؟ لە گەڵمدای؟

تۆ، کۆمەکیت لێ کردم.

– لە سەتاسەت. هەی گێڕەرەوەی کارامە. وابزانم ئارامیش هەمان دیدی تۆی هەیە.

– هەیبێ و نەیبێ بەلامەوە چوونیەکە لێ؛ ئەو لە پێناوی ڕازێکی دڵیدا وردە سەرنج دەگرێ و، دەیەوێ هەرچی زووە بگاتە ئارامگەی ناخە ژاکاوەکەی.



– ئەگەر چیش لەو پێناوەدا ئازار بچێژێ.

گوتمەوە: ئازارەکەشی چێژدارە چونکە؛ بوونی خۆی بەسەر ڕۆژگاردا دەسەپێنێ

– ...

– ئاو بێرە و دەستەکانت بشۆرە.

– لە چی؟

– لە نالەباری و گێژەنگەی ناکاتی کۆمەڵ. لە پەرتبوونی زێد. لە مێشک پووتە ڕیش تەگەییەکان.

– خۆ وەخت بوو، بەهەڵەدا بچم! لە من وابوو دەڵێی: دەست لە چوونە هەندەرانی ئارام یان، دەست لە باهۆز و گڕگڕەی گەرمیان بشۆین. خۆشی لە خۆمان.

– وای، چەند ناخۆشە کە مرۆڤ درەنگ بەڕاستییەکان بزانێ.

– ئەی ئەگەر نەگەیشتە ڕاستی؟!

– ئەوسا هەژی بەسەر.

# پاری پێنجەم

دەبوایە خۆم بەکارێک مژوڵ بکەم بۆ ئەوەی لە دیوێکەوە، لە چاوانی ئەمن خۆم بشارمەوە، لە دیوەکەی ترەوە بیکەمە ڕێچکەی بژێویم بۆیە، لە بازاڕەکەی «ڕەحیماوا»دا دوکانۆکەیەکم بەهۆی هۆشیار دزەییەوە دەسگیر بوو. پڕم کرد لە دەفتەر و قەڵەمی ڕەنگ و پاسێل و ئاوی و قرتاسییە. دوای مانگێک کە ئیشەکەم پەرەی نەسەند، پەنام بردە بەر چەسپکردنی ناسنامە و لە بەرگ گرتنی دەفتەری خزمەتی سەربازی. کاتەکەی لەبار بوو بۆ ئەم کارەی دواییم چونکە؛ لە گەرمەی شەڕی ئێران و ئێراقدا گەنجانی کورد بۆ ئەوەی لە ئاگری هەڵایساوی جەنگە درێژ خایەنەکە هەڵاوێرن، چوونە داڵدەی موستەشار و ئامیر سرییەکانەوە. مانگانەکانیان بۆ ئەوان و



دەستوپەیوەندەکانیان جێ دەهێشت. بەزۆریش گەر پارەدار نەبوونایە، ئەوا مانگی هەفتەیەک لە پێگەیەکی سەر ڕێگە و قوللەکاندا – کەبە «ڕەبییە» ناو دەبرا – پاسەوانییان پێ دەکرا. دۆکانۆکەکەی من بەهۆی ئەو دیاردەیەوە – هەندێک بەچارەسەری کاتیی دەزانی و، بڕێکی دیش نەفرەتیان لێ دەکرد و، ڕێگەی شاخیان دەگرتەبەر – ڕۆژی دە دوازدە لەوانە چاوەڕوانی چەسپکردنی ناسنامە تازە و مۆڵەتی پشووەکانیان دەکرد. بۆ ئەوەش ئامێری جووت ڕۆڵی چەسپکردنم وەدەستهێنا. هەر زوو سێ چوارێکم پێکەوە چەسپ دەکرد. وەنەبێت کارەکەم بەوەوە بوەستێ و بەس. لەو دەمەدا کۆمپانیای دەوڵەتە سۆشیالەکان ڕژابوونە وڵات و، کامێرای «زینیت» ZNEETH یان بە سی دینارێک پێ دەفرۆشتم و، لە بریی ئەوەشدا مەکینەی BROTHER ی دوورمان و کەلەرمیان دەکڕی. منیش ئەگەر بۆم بلوابایە ئەوا کامێراکانم بەقازانج دەفرۆشتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، تابلۆی فۆتۆگرافی کەڤاڵە ناودارە جیهانییەکانم هەڵواسیبوون. بەتایبەتی ئەو تابلۆیە زۆرتر دەفرۆشرا کە، منداڵێکی جل شڕ بەسەرە تاتکێ دەیڕوانییە بڕێ خوێندکاری پۆشتەی پۆلێک یان، ئەو مێردمنداڵەی کە فرمێسکی بەخوڕ شۆڕ ببۆوە سەر گۆنا ئاڵەکانی.

بەجۆرێک کارەکەم گەشایەوە کە، بوێرم لە لای هەندێ کەس بڵێم، لەم دوکانەوە، زۆرینەم پەروەردەی ڕێگەی ڕاست و خزمەتی گەل دەکرد. لەوەش دڵنەواییم هەبوو کە، ئەوانەی هامشۆی دوکانەکەمیان دەکرد لەبەر چەند هۆکارێک بوو. یەکەمیان: نزیکە دەست بووم و ناچار نابوون ڕوو لە ناوەندی شار بکەن و لەوێ بەرەنگاری کێشمە کێشی مەفرەزە بن، ئاخر زۆرینەیان بەساختە ناسنامە و مۆڵەتی سەربازی و جاشایەتییان بۆ خۆیان دروست کردبوو، دووەمیان: دەیانکاری جۆرە کوردایەتییەک بنوێنن گوایا پارەکەیان دەچێتە گیرفانی کوردێکەوە، چاکترە لەوەی بیدەنە بێگانە و نەناسێک کە، هەوێنی گومان و شۆفارییان لێ دەکرا. سێیەمیان: وەکو لە

یەک دووانێکم ژنەوت، هەندێ ئامێر سرییە بۆ لای من هانیان دەدەن. تەنانەت کەسانێکم لێ دەناسین کەوا بارودۆخە نالەبارەکە، ئەو لادانەی بەسەریاندا هێنابوو دەنا لە ژوورەوەیاندا، هێشتاکە، خۆ فرۆشی و گەندەڵی گەرای دانەنابوو. بەهەر حاڵ، بەگوێرەی نشونماکردنی دوکانچەکەم، جامخانەی ئاسنم بۆ کرد، بەڕەنگی لیمۆییش بۆیاخم کرد. ئێواران لەگەڵ خۆمدا دوو سێ جۆر مێوەجاتم دەبردەوە. دەبوایە پێشتر ئەوەم گوتبا کە، باوکم لە ڕەحیماوای کۆندا لە نزیکی خانووەکەی کوێخا ڕەحیمی دامەزرێنەری گەڕەکەکە، خانوویەکی کڕی. لە پاش ساڵێک لەو خانووەدا کۆچی دوایی کرد. ماینەوە دایکم و خوشک و برایەکی لەخۆم خوارتر.

***

– ناوی خوشکەکەی بەفرین و براکەشی ئاراس بوو.

– ئەرێ بۆ ناوی بەفرینت پێشخست؟!

بەئاسپایی گوتم: بۆ ئەوەی ئەو نەریتە باوە بشکێنم کە کوڕان لە لای ئێمەی خاوەر نشین هەموو شتێکن! دوایی، با ڕێزی ئافرەت پێشێل نەکەین و، لە نواوە ناویان بێرین... چاکەکانی خوێنەر.

ئارامی حاجی عەلیی سۆفی بایز کە، مانگێک بەسەر مردنی باوکیدا تێنەپەڕیبوو، هێشتا ناسیاو و خزم و دۆستانی دەرەوەی شار بۆ پرسە و سەرەخۆشی پێیان لێ نەبڕیبوون، لەو کاتەدا یەکەم گەواڵەی توند و تەڵخ بەر دیدی گرت. ئەوە بوو، بەبزمارێکەوە، سێ کامێرای نوێ و کۆنی هەڵواسیبوو کە، غەوارەیەک خۆی پەستایە ناو دوکانەکەیەوە. هەر زوو پەلاماری سێ کامێراکەی دا و، ئاماژەی بۆ ئارام کرد «دوام بکەوە» کابراکە چوار شانە و کەتە بوو. لەسەر جادەکەدا ئۆتۆمبیلێکی ڕەش وەستا بوو. ئارام یەکسەر زانیی پیاوانی ئەمنی تێدایە، ئاخر بۆ کەسی ئاسایی



قەدەغە بوو ماشێنی ڕەش بەکاربێنێ! یەکڕاست بارەکەی هەڵسەنگاند «لەوانەیە گزیرییان لێ کردبم» هیچ بیم و بێ ئۆقرەیی نەدەراند. خۆی لە ئاونگی بەر بەیان پاقژتر دەزانی.

هەندەی زانی مەودایەک بەرەو ڕێگەی بەغدایان برد. لە خوار پارێزگەوە پێچیان بۆ ناو کۆڵانێک دایەوە. دایانبەزاند. بەقامک ئاماژەیان بۆ کرد زوو دوایان بکەوێ. ماوەی دوو سەعاتێک لە ژوورێکی بێ پەنجەرەی سەردابێکدا ڕایانگرت. پاشان ڕەشتاڵەیەکی ڕەقەڵەی سمێڵ شۆڕ بەتەنگی لێپێچانەوەی هات.

– ئیجازەی فرۆتنی کامێرات هەیە؟

– نەمزانیبوو کە کامیراش مۆڵەتی فرۆتنی دەوێ!!

– ئەدی ئیجازەی چەسپکردنت هەیە؟

– نەخێر خۆ من وێنەگر نیم!! من ئەو ناسنامە و مۆڵەتانە چەسپ دەکەم کە لە دەزگا ڕەسمییەکان و...

ئارام، جوداوازیی سمێڵی بەعسییانەی لە سمێڵی ستالینانە بەکلکەکانیانەوە دەزانی، جۆری یەکەمیان، چوون جەنگاڵێکی دوو نووک لە ناخی گیربێت ئاوها بەرەو خوارەوە شۆڕبوون. جۆری دووەم، چوون دوو باڵی پەڕەسێلکە بەرەو ئاسمان قیت دەوەستێندران. لە باوکی بیستبووی، ئەویش لە باوکییەوە، دەوڵەتی عوسمانی بۆ هەیبەت و شکۆی فەرماندارانی خۆی پارەی مانگانەی تەرخان کردبوو بۆ سمێڵ قیت ڕاگرتن بەمێوی هەنگوین!! ئەو جۆرە پرسیارانە تەنیا بۆ گێچەڵ و ترساندن بوون. هەندەی نەخایاند، تەنیا دوو کامێرایان دایەوە و، کامێرا زینیتە نوێیەکەیان بۆخۆیان بەمفت برد. ئەوجا، کەسێکی دیکەی لەبەر چاودا ڕووا، بەڕەنگ و ڕەفتاری ئارامی تێگەیاند گوایا لەو زەلامەی پێشوو پایەدارترە. سەرنجی ئەنگوستی دەستی ڕاستی دا. نقێمە تۆپازە سەوزە

کاڵەکە، ڕەنگی خۆی لەو سەردابەشدا دەراند. دەمی هەڕەشەی لە ئارام نا.

– سەوزیت و، پێمان نەزانیویت!!

ئارام، لە نواوە لە نیازی حاڵی نەبوو، بەڵام کە پەنجەی دۆشاو مژەی بۆ بڵندایی درێژکرد، گورج لە مەبەستی گەیشت کە ئاماژە بۆ شاخ دەکات.

– ئا دەی زوو لە پەنجەتی دەربێنە بابزانم.

ئارام، پەنجەی نایە ناو دەمی و بەتف لووسی کرد، ئەنگوستیلەکەی بەبێ متەقکردن بۆ درێژ کرد. ئەویش ئاخنییە گیرفانی و، بە پەنجەی فەرمانی بە یەکدووانێکی بە ردەرکەکەدا:

«مشووری بخۆن» ئارام، بەلەدەستدانی ئەنگوستیلەکەی بەر دیدی لێخن بوو. «هەست و خوستم وابوو، ئەوە کابوسێک بوو بەزەبر و زەنگی خۆی پارچەیەکی لە دڵم کردەوە یان، بەشێکی قەشەنگی لە نیشتمانم دابڕی.» بۆ ئەوەی سەرنگوومی نەکەن، داوای کامێرا و ئەنگوستیلەکەی نەکرد و تەنیا دەربازبوونی مەبەستی سەرەکی بوو چونکی؛ لە جێگەی وادا گرەو لە شەیتان دەبەنەوە و لە خۆڕایی تاوانت پێوە دەلکێنن. خۆ سەر و ملی بەشانییەوەیە، هەندە بەسە چاویشیان هەڵنەکۆڵیوە و نوخانیان دەرنەکێشاوە و، هەردووکیان بەزۆرەملێ دەخوارد دابێت! خۆ... خۆ... خۆ، دەیان دیمەنی ڕەچاو کراوی هێنانە بەر زەینەوە.

ئەوەیان یەکەم تەگەرەی بوو. نیوەڕۆیەکی گەرم و بەگۆڕینی دوو پاس، بەبڕست لێبڕاوی گەڕایەوە وەلێ؛ بڕوای ناکرد بەزیندوویەتی قوتاری بووە بۆیە، ناو بەناو دەستی بەسەر و گوێلاکی خۆیدا دەهێنا. ئەوەی باش بوو، لەو گڕڕەی تاوستانەدا، لە دوکانی سەعاتچییەکەی پشتەوەی، برا بچووکەکەیان دەلاقەیەکی بۆ کردبووەوە، لەوێوە بای فێنکی «ئێرکۆندیشنی» بۆ دەهات. لەو ڕۆژە فرە گەرمانەدا، سەر تاپێی خاو خاو دەبوونەوە و، مێشکی کاس دەبوو کەچی بایە فێنکەکە لانکەی هۆشی



ڕادەژاند و خەواڵووی دەکرد. دەیکاری وەنەوزێ بدا و سەری خەوێک بشکێنێ. پێڵووەکانی خاو و سست دەبوون. پرخەی لێوە دەهات کەچی؛ بەپرتاو دەنگێک لەو ئارامییەی دادەبڕی و، چاوە وێژنگەکانی پێ دەکردەوە، لە دۆخی بێ ئاگاییەوە، سەری ڕادەوەشاند و دەچووە دۆخی نیوە هۆشیارییەوە.

دراوسێی دوو برای کاتژمێرساز بوو. برای گەورەیان، دەمێک بوو لە ئێراندا دیل بوو. ئارام هەرچەندە نەیدیبوو بەڵام؛ بەلەیەکچوونی دوو براکە، شێوەی سێیەمیانی دەکرد. بێوەژن و کۆشی منداڵۆکەی بەسەردا جێهێشتبوون. حاجی هەرچەندە جلکی سوپای میللیی ناو بەناو دەپۆشی وەلێ؛ لەژێرەوە گوایا پەیوەندارە بەشاخەوە، بۆیە هەر کە بارودۆخی ناو بازاڕەکە دەشێوا، حاجی گورج و گۆڵ بەخشکەیی و چپەدو ئارامی ئاگادار دەکرد «هەرچی زووە لەم گوزەرە مەمێنە و هەندە نابات پشکنین دەست پێ دەکات» یان دەسڕێژ لە چەند لاوێک دەکرێ، گەواڵەی توند و تەڵخی دووەم، ژوور سەری دوکانەکەی گرتەوە پاش هەشت نۆ مانگی زەوتکردنی ئەنگوستیلە و کامێراکەی. تێکسمراوێکی کەتە زەلام بەخۆنوشتاندنەوە خۆی ئاودیوی جامخانە زەردەکەی کرد. لەبەرەوە وا خۆی هەڵخست کە مۆڵەتی ئاژاوتنی ماشێنی بۆ لەبەر بگرێت کەچی؛ کاغەزێکی لە بەرکی دەرهێنا و لە چاوی ئارامی نزیک کردەوە.

– ئەم ناوە دەناسیت؟

ئارام واقی وڕما لەوەی کە ناوی سێینەکەی خۆی بینی «ئارام عەلی بایز» چاوەکانی هەڵگلۆفت نەبادا فریویان دابێ. دڵنیا بوو لە ناوی خۆی وا بەدەستی کەتە زەلامەکەوە چوون ئاوێنە لە نوای نیگای ڕایگرتبوو. تووشی دوو ڕێیانێک بوو یەکراست بڵێ: «بەڵێ، ئەوە ناوی منە» یان، درۆیەکی سپی بکات و خۆی بە کێشەکە بدزێتەوە هەتاکو چارە سەرێک

دەدۆزێتەوە. بەخۆی گوت: «وێدەچێ، لە دەرەوەدا ناپاکێک ناومی دابێ و پەنجەشی بۆ دوکانەکەم ڕاداشتبێت. لەوانەیشە «حەمە لێفە»ی زۆڵ و دایک خۆگێ شەیتانانە لەو ئاقارەدا ماخۆلیانی بێت بۆیە، لایەنی ڕاستگۆیی پەسەند کرد. هەڵوێستی ئاوهالانەشی بەلاوە، یەکەم جار و نامۆش بوو بەنەرمی دەمودووی کردە کابرای نەناس.

– بەڵێ دەیناسم.

کابرا بەسەرسووڕمان و ڕوو گەشییەوە دەمی کردەوە.

– ئەوە چەند مانگە بۆی دەگەڕێم!!

ئارام، هەڵماتی چاوی لە دوڕ هەڵماتی چاوی نەناسەکە چەقاند و، دەمی پێ کردەوە.

– من، مفەوەز حەمەدم، بەرپرسی ئاسایشی ڕەحیماوا و ئەڵماس و ئەولاتریشم هەتا دەگاتە «تالم تەپە» و «عەرەفە».

هیچی لە ئارام نەبیست لە دەم و چاو داچەقاندن بەولاوە، گوتییەوە:

– وا دیارە کوردانی هاو ڕەگەزی خۆی ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیوە کە چۆتە ناو موخەڕڕیب و ئاژاوەچییەکان.

بیری ئارام لە قسەی قومسێرەکە ئالآبوو. سەرسام بوو! بۆیە کاکڵەی ناو مێشکی گەیاندە حەمەد و بەپێکەنینەوە دەمی لێنا.

– ها ها ها... دەبێ لە براکەم بگەڕێن! هێ هێ هێ!

حەمەد، بەکەیفسازییەوە بەپیری زانیارییەکەیەوە چوو پتری بۆ ئارام دەراند.

– گوایا لە ناو سوورەکانە.

دەرفەتێکی چاک بۆ ئارام گونجا. بینایی خستە سەر لێوە ئەستوور و قەسپییەکانی حەمەد و، بە بزەیەکی گاڵتە و تەوز ئامێزەوە، بەبێ ئەوەی



هەستی بورووشێنێ، وەڵامی دایەوە: دەبزانە مفەوەز حەمەد چەند ڕاپۆرتی هەڵە و پەڵەتان بۆ دەنێرن هۆ... هۆ... هۆ.

– چۆن!؟ ئەی براکەت لە ناو سوورەکان نەبێت (ئێستێکی کرد) ئەی لە کوێیە؟!

ئارام، فەرمووی دانیشتنی لە حەمەد کرد، سورفلێکی چاو کاڵ بوو کە سێبەرێکی سەوزباوی لێوە دیتن. نقێمە قەرسیلییکەی هاتە پێش چاو. ئاخر سوورەیەکی وەکو حەمەد دەگمەن بوو لە عارەباندا! زۆر نیگەران بوو بەڵام؛ لە پەلوپۆی نەخست بەڵکو، کەسەرییە پەنگخواردووەکەی ڕایچەناند و، بەهەڵمەتەوە بەقومیسەر حەمەدی گوت:

– براکەم... چۆتە ناو سەوزەکان. با دوو چای سەنگین بخۆینەوە.

«دیارە ئەم هەوێرە ئاو کێشە» بەخۆی گوت و، بەدەنگەوەش دەمی ژەندە حەمەد.

– چیت لێ بشارمەوە، داوای ژنی لە باوکم کرد. بەتووڕەیییەوە ملی بەچیاوە نا، گوایا لەوێشەوە دەچێتە خاریج. ئاو بێنە و دەست بشۆ.

ئەوانەی بەعارەبییەکەی خۆی بەحەمەد گوت و گەیشتە ڕستەی دوایی، جامێ ئاوی ساردی لە تەرمۆسە شینەکەیەوە بۆ حەمەد درێژ کرد. حەمەدیش لەو ئانەدا، تیلەی چاوە سرکەکانی بەناو دوکانەکەیدا دەخولاندەوە. لە ناکاو بەمۆنی و پەشێوییەکی ناکاوی ڕووی کردە ئارام.

– بەفەرمانی میری، دەبێ لە ناو دوکان و ماڵانیشدا وێنەی سەرۆکمان حەفیزەهوڵڵا هەڵبواسرێت کەچی تۆ...!!

ئارام، پوخت لە مەبەستی گەیشت. بەڕوویەکی گەش، وەڵامێکی پێشتر ئامادەی هەبوو، گوتی: ئەدی ئەوانە گشت وێنەی گەورە و بچووکی سەرۆک نین بەسەر بەرگی ئەو دەفتەرانەوە!! ها ها ها.

حەمەد لە وەڵامە زیرەکانەکەی، نەیزانی خۆی شێلوو بکات یان، دەست بهاوێتە سەر شانی بەتایبەتی پێشنیازی چای بانگکردنەکەی بەدۆستانە و هۆگری نرخاند. بەخۆی گوت «النجاةُ في الصدق» ڕووی گەشایەوە و، وای دانا، «ڕەنگە لەمەوەش بگەمە ئاڕاستەیەکی باش» چایەکانیان لەسەرخۆ خواردەوە. پاش چەسپکردنی ناسنامەیەک، حەمەد دەلاقەی گفتوگۆی بەرینتر کردەوە.

– باشە... کە... براکەت... ڕووی... لە شاخ... نا بۆ... وەکو... ئەو زەلامەی (بەسرە)... ئاگاداری میریت نەکرد؟ ها!

ئارام، چاوەنواڕی پاشماوەی پرسیارەکەی کرد.

– ... ئەو زەلامەی بەسرە، خەبەری لە کوڕەکەی خۆی دا. حەفیزە هوڵڵا وەڕەعاها، خەڵاتی کرد!

ئارام، تفەکەی ئەوکی قووت دا، هەندەش نەمابوو، تارمایی ترس و بیمێک بخزێتە نێو ماسولکەکانی لێ؛ خۆی لەو هەستیوەرە لەرزۆکە ڕاتەکاند. زانیی کە ماسییەکە کرمەکەی قووت داوە. ئەمێستاش کاتی گونجاوی ڕاکێشانی چڵە قامیشەکەیە، بۆیە ترسە ناکاوییەکەی ڕەوایەوە. بووە تین و وزە. بێباکانە دەمی بەش کرد.

– کاکە حەمەد، لەبەر دوو هۆ ئاگادارم نەکردن. قوربان، ئەو زەلامەی بەسرە کە سەییدوڕەئیس خەڵاتی کرد، دەبوایە لەبریی ئەوە، ڕەوانەی دکتۆری دەروونزانی بکردبایە.

بۆ ڕەنگدانەوەی قسەکەی لە ڕووی حەمەد دا، ئارام هەستی ڕاگرت.

– بۆ!؟ حەمەد گورج بێ پەروا پرسیاری کرد.

– چونکە؛ نەخۆش بوو. تو ویژدانت، باوک هەیە سیخوڕی بەسەر کوڕی خۆیەوە بکات؟! ئەمە لە کوێ ڕووی داوە... ها؟!



حەمەد، چاوەکانی نووقاند و کردییەوە. تووڕە و ئاڵۆز نەبوون بەڵکو ئارام جووتێ فرمێسکی قەتیسی تێدا بینین. پاش تۆزۆکەیەکی ڕامان، بەدڵنیاییەوە لێوە قەسپییەکانی بەتەنگەتاوی لەرانەوە.

– ڕاست دەکەی.

سەری بۆ ئەملا و ئەولای خۆی سووڕاند نەبادا کەسێک گوێی لێ بێت. دەستی سۆزناکی هاویشتە سەر شانی ئارام. بەئیکلامەوەش پرسییەوە.

– ئەدی هۆی دووەم؟

ئارام، هەستی بەسەرکەوتن و خۆشنوودی کرد چونکە؛ تەبایی لە ڕوخساریدا خوێندەوە.

– هۆکاری دووەمیش، برام نییە بەناوی ئارامەوە بەڵکو؛ من ئارامم و... وام لەبەر چاوتدا.

دەستی گورج بۆ بەرباخەڵی درێژ کرد و ناسنامەکەی دایە مفەوەز حەمەد. ئەویش حەپەسانی پێوە دیار بوو، نەخشەی ناو مێشکیشی پووکایەوە. تفێکی پەیت بەربینی گرت و بەدژواری بۆی قووت درا.

«دیارە کەسێکی بیژوو، بۆ گێرە شێوێنی ڕاپۆرتی بۆ بەرێخستووین!! یان، بەهەڵەدا چوومە، لەوانەیە ئارام عەلییەکی دیکە هەبێت»

لەو ڕۆژە بەولاوە، حەمەد بووە ئاشنای ئارام. لە بازاڕدا دەیبینی. دەستی بۆ ڕادەوەشاند. بەنەرمیش دەیپرسی «خۆ ماکو شی» هەتا ئەو ڕۆژەی کە جارێکی دی سەردانیی کردەوە.

– لەبیرتە جاری پێشوو، ڕاپۆرتەکەی دژتم دڕاند.

ئارام، سەری ئەرێی بۆ لەقاند.

– ئەوا هەمدیسانەوە ڕاپۆرتی دیکەت لەسەر نووسراوە! گوایا نەک بەخۆت بەڵکو؛ براکەشت پەلکێش کردۆتە شاخ!!

بەپێکەنینەوە گوتی: براکەم لە پۆلی دووەمی سەرەتاییدایە و گوێز و گونی لێک جودا ناکاتەوە!! ها... ها... ها.

– دەزانم، ئەمجارەش ڕاپۆرتەکە دەدڕێنم بەڵام...

بەتەواوی ترس و سامی ئارام ڕەوایەوە. ئاخر جاویدانی ، کەڵەمێردی بەڕەنگ و ڕەگەز و مەزەب و پلە و پایە نییە.

– بەڵام چی مفەوەز حەمەد!؟ ڕووکەشانە پرسیاری لێ کرد.

– مشووری خۆت بخۆ، خۆ هەتاکو قیامەت من لەم ناوە نامێنم. وانییە؟ ڕەنگە مفەوەزی پاش من، گرفتاری قەڵبەیەکت بکات.

ئارام ورەی خستە بەرخۆی بۆ ئەوەی دوایین پرسیاری خۆی لە حەمەد بکات.

– وەکو چی؟!

– وەکو ئەوەی بچیتە ناوچەی حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) یان...

تەواوی نەکرد وەلێ؛ لە ژوورەوەیدا بەخۆی گوت «ئارام، یان خۆت بپێچەوە... ڕوو لە هەندەران بکە. دەنا هەرێمی فێڵکردی ئۆتۆنۆمی دادت نادات».

***

– وادیارە، دیالۆگی ئارام و حەمەدی مفەوەزی ئەمن، بەعارەبی و، هۆگرانە بووە.

– جارێک منی خوێنەر ناسنامەی براکەم لە لای ئەو ئارامەدا چەسپ کرد. دوکانۆکەکەی کەوتبووە نێوان سێ چوار زێڕینگەرەوە.

– ئەوە لەمێژە، بەر لە ڕاپەڕین بوو، تۆ لەوە گەڕێ. خۆ دیت خۆشبەختانە، هەڵوێستی عارەبێکی (حەویجە)ی سەر بەدەزگای ئاسایش چۆن بوو!!



– لە کاتێکدا، کوردانێک بۆ خۆ بردنە بەر و ماستاو ساردکردنەوە، چونکووم خەبەر لە خۆیان درابوو یان لە ڕاهی خوا دەیانویست خەڵکانی تر ڕاپێچی ئاوارەیی «بنەسڵاوە» و «دارەتوو» و «بەحرکە» و «تۆپزاوا» بکەن!!

– شەمشون گوتەنی «عليٌّ و على أعدائي يا ربّ» واتا خودایە، بەسەر خۆم و دوژمنانیشمدا دەیڕمێنم.

تۆی خوێنەر پرسیارت لە منی گێڕەرەوە کرد.

– شەمشون! ئەو کێیە و کێندەرییە؟

– ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییە دۆستی دەلیلە بووە.

– ئێ!

– لەو دێرزەمانەی گریکدا، پاڵەوان نەبووە خۆی لە قەرەی ئەو یان، پشتی لە تەختی زەوی بدات. گوایا دەلیلە بەنهێنی هێزە لەڕادە بەدەرەکەی دەزانی. شەوێک سەرخۆش و مەستی دەکات.

– نهێنی! چۆن؟ دیارە ئەویش سەددام ئاسایی خۆی کردبووە گورز وەشێنی هەرە مەزن کەچی؛ لە چاڵێکدا، جرجە کوێرانە و بەڕیسوابوونەوە ڕاویان کرد.

– گوێ بگرە. ئەو شەمشونە تەنیا بەداوی تووکەسەری دەلیلە دەبەسترا بۆی ناپەسێندرا!

– جا کاکی گێڕەرەوەی هێژا. خۆ قسە باجی لەسەر نییە دیارە دۆستەکەی ئەو سرڕەی لەکن نایارانی شەمشون درکاندووە.

هەر واشبوو. بەدوو ستوونی دەرباری پاشای ئەوسا دەیبەستنەوە.

– ... !!

– ئەویش، سەرتۆپی توانا و هێزی خۆی لە بازووەکانیدا خڕ دەکاتەوە و

دەڵێ «خودایە، بەسەر خۆم و دوژمنەکانمدا دەیرمێنم» جووتە ستوونە مەرمەرە بڵندەکان دێنێتەوە یەک و...

– دەرمێت بەسەریاندا و، ئاو بێنە و دەستت بشۆ. ها ها ها.

ببەخشە، خۆ کفری کفر ئەحمەد نابێت ئەگەرەکو جارێک لە جاران من ئەوە بەتۆ بڵێم. هۆ. هۆ. هۆ. ئارام و جەنابت ، منی خوێنەر ئەوساکە، هاوسەنگ دەوەستین!

– بەڵێ، یەکانگیرمان لەوەدایە کە، هەریەکەمان ڕۆڵێکمان هەس لەسەر پێدەشتی داشماڵی گەمەی ژیاندا. دە بڵێ وانییە.

– واتا: داشی دامەیەکین بەڵام؛ بیهێنمەوە بیرت. ئەی نەتگوت گشتمان کەسێتی کاغەزینین!

– لەو گوتەیەم پەژیوان نیم، داشماڵەکەی ژێرمانیش دیسانەوە کاغەز نییە، ها. ها. ها. لە شەترەنجیشدا، ئا لە شەشڕەنگیشدا، خانەکان ڕەش و سپین. هۆ. هۆ. هۆ.

– ئەوە چیتە! قسە دەبزرکێنی!! جارێک سەترەنج و جارێک شەش ڕەنگ!!

– براله گیان، مەبەستم لە شەترەنج بوو. ئەوجا با بۆتی شی بکەمەوە.

... زاراوەکە، بەبۆچوونی من، لە شەش ڕەنگی جوودا جوودای بەردەکانییەوە هاتووە یان...

– ئا، شا و وەزیر، قەڵات و فیل، ئەسپ و سەرباز.

– ئافەرین یان، لە سەت ڕەنجەوە هاتووە بەواتای؛ دەیان و سەتان ڕەنجی تێدا دەدرێ بۆ بردنەوە. لە کۆتاییشدا کش لە شا و سەددام و دامودەزگای داپلۆسەرانیان.

– هەزار جار کش. قوربان، لە گەمەی دامەدا، داشەکان یەکسانن مەگەر



ئەو داشەی دەبێتە کوێخا و، دەسەڵاتی چوونە گشت لایەکی فراوان دەبێت کەچی؛ تۆ وتەنی لە شەش ڕەنگدا، سەربازان لەبەرەوە دەوەستن، خۆبەخت دەکەن، دەکوژرێن و نابنە عەریفیش نەوەک وەزیر و شا!!

منی گێڕەرەوە لە کورتی بڕیمەوە.

– سەرباز، جەنگاوەرە و خۆی دەکاتە قوربانیی نیشتمان.

***

نەمکاری دۆکانچەکەم بە سەرقفڵانە، بەکەرەستەکانی ناوییەوە بفرۆشم، لە لایەکەوە، بۆ ئەوەی بزربوونی کتوپڕیم نەبێتە مایەی پرسین و مقۆمقۆ بۆیە، برادەرێکی سەردەمی هەرزەکاریم لەسەر دانا. لە لایەکی ترەوە، دەرووی بژێوی دایکم و بەفرین و ئاراس کراوە بێت.

ئەو بەیانییە زووە هەندێ پارەی پێویستم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت و، ئەوەیشی مایەوە، خستمە ناو لەپی دایکم. پارە بەشەکەی خۆم لە دوو سێ جێگەدا تەقەت کرد. بەچاوی فرمێسکاوی، بەقورگی هەنسکاوی، تێر تێر دەستی دایکمم ماچ کرد. لەپیم بەڕوومدا هێنا و برد. ئەویش چاوەکانمی دوو سێ جار ماچ کرد و گوتی:

– وریای خۆت بە ئارام گیان نەبادا بکەویتە تەڵەی قاچاخچی و داوی قۆڵبڕانەوە.

چاوانی بەفرین و ئاراسیشم چەندین جار ڕاموسین. لە باوەشیانم گرت. بۆ ئەوەی نەبادا لە بڕیارەکەم پەژیوان ببمەوە، توند توند چاوم گوشی و فرمێسکەکانم دەرانده خوارەوە.

هەنگاوی دەسپێکی بەرینم بەرەو نادیار نا. جانتای سەرشانم پێداویستی تاشین، فانیلە و پۆشاکی یەدەگ و وردەواڵەمی تێدا بوو لەگەڵ هەندێ کولیچە و گاڵگاڵی کە دایکم وای حەز کرد، بۆ ماوەیەکیش بووبێت لە خۆراکی دەستی ئەو بێ بەش نەبم. وێنەیەکی ڕەش و سپیی

کۆنی دایک و باوکم لەتەک دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگی خوشک و براکەم لە جزدانی باخەڵمدا بوون. ئەگەرەکو جانتا شانییەکەم لەدەست بچێت، ئەوا وێنەکان، لەو ڕێگەی هاتونەهاتدا بەرەو ناکات و ناجێ، شایەتی بۆ دەرد و مەینەتییەکانم بدەن. بەپێ و بەماشێن، بەشەوڕۆیی و بەڕۆژ خۆ مەڵاسدان، بەبرسییێتی و ترس و تۆقانی ناو بەلەم، بەپەستانی ناو ترێلە، بەخۆتەختکردن لە چاڵ و قوڵتی قوڕینی نساراندا، بەسەرئێشە و سکچوون، بەدەم لەرز و تای جەنگەڵانی چڕ، بەشەونخوونیی سنوورە تەلبەندە مەترسیدارەکان، لە پێناوی ژیاندا، لە پێناوی ڕەنگ و خۆشەویستیدا، ملم پێوە نا. لە ناکاو، لەهەر ترپەیەکدا خۆمان لە ناو چیلکە و دار و دەوەن دەشاردەوە. بۆ ڕێ بزرکردنیش دەمەلاسکەی باڵندانمان دەکردەوە.

ڕۆژگارێک بوو ئەستەمە بەدەم بیگێڕمەوە. حەمەی لۆق درێژمان لەگەڵدا بوو، دەقاودەق دەنگی بولبولی دەدەراند بۆیە، ناوەکەیمان لە حەمە لۆق درێژەوە گۆڕییە حەمە بولبول. ڕزگاریش لاسایی نێرە کەوی دەکردەوە های نێرەکەو! هەردوو دەستی دەکردنە قەفەز و، لە دەمی نزیکی دەکردەوە. ئەویشمان ناونا ڕزگاری کەویار. ئەز، لە خۆشاردنەوەدا، پێشەنگ بووم. ناوی ئارامی درەختیان لێنام چونکو؛ بەچڵ و گەڵا و پووش و پەڵاش خۆم دەکردە درەختێکی ڕاگوزەر. دەستم نایە سەر ئەو شوێنانەی کە، پارەکانمی تێدا بوون لە گیرفانی قەمسەڵە و پانتۆڵە جێنزکەمدا بۆ هەر ڕێکەوت و ئیحتیمالێکی ڕەچاونەکراو. قۆناخی بەراییم بۆ «گەڵاڵە» بوو. ئەوساش لەوێوە پلانی دەربازبوونم لە مەرز دادەڕێژم، لەتەک برادەران بووبێت یان، بەڕێنوێنی مەرز بەڵەدان ئەوساکە هاسانتر دەبێت بۆم هەتا دەگەمە سنووری تورکیا. بۆ ئەوەش، زانیاری زۆرم لەبارەی بزنەڕێ و، خۆ لە ماین MINE و چاڵە کەویە و، بۆسەی پاسداران و جەندرمە پاراستن کەڵەکە ببوون، ئەوانەشم لە هامشۆکەرانی دوکان و کەسانی دیکە بیستبوو. لە سەرووی



هەموویانەوە ئەگەر هاتوو پارەی پەڕاندنەوەم دایە یەکێ لەو ڕێنوینانەی مەرزەکان، ئەوا کوتێکی دراوە کاغەزەکان لە لای خۆم گڵ بدەمەوە، پاش ئەوەی دەگەمە جێگەی دیاریکراو کوتە دراوەکان بدەمە هاوپشکەکانیان.

– دیارە مەبەستی ئارام ئەوە بوو کە، کاغەزی پارەکان بکاتە دوو لەتەوە بۆ ئەوەی هیچ کاملایان بەبێ ئاگایی ئەویدی نەتوانێ سوود لە پارەکە وەربگرێ. دەمزانی وا پرسیارێک بەڕووتەوە دیاربوو بۆیە چوومە تویی گێڕانەوەکەی ئارامەوە. داوای لێبوردنی لێ دەکەم.

قۆناخ بەقۆناخ، پێنج گەنج بووین کە قاچاخچییە تێر نەبووەکانی تورکیا دەستاو دەست ئێمەیان دەفرۆشت دەق وەکو ئەوانەی کە، دەیان ناوی جاشیان کۆدەکردەوە و بەئامیر سریەکانیان دەفرۆشتن. گەیشتینە ئیستامبۆڵ. لەوێڕا لە خانگێکی کۆندا سێ چوار شەو ڕاگیریان کردین هەتا شەوێک پێیانگوتین، زوو خۆمان بپەستینە ناو بەلەمە ڕزیوێک بەرەو یۆنانستان. ئەوەی پتر نەخشەی دەرچوونمی لە هۆشمدا جێگیر و مکووم کرد بگرە پەلەشی لێ کردم ئەوە بوو، دەمدی بە زۆرەملێ بووبێ یان بەپارە و هەڕەشەکردن وا پەیتا پەیتا گۆرانیبێژان بەبۆنەی حەوتی نیسان و جەژنی سوپا و لەدایکبوونی ملشکاوەکەی «عوجە» ڕادەکێشرێنە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە. ئاخر ئەو پێ خاوس و بەرەڵڵایە چۆنەکی ڕۆژی زایینی خۆی زانی چۆن!؟ ئەوە نییە دائیرەی نفووسی شاران، لەدایکبووانی زۆرینەی عیراقییەکانی ساڵانی پێشووی پەنجاکانی بەیەکی تەمموزی ناوەندی ساڵ تۆمار کردووە! بەوەشەوە نەوەستان. داوایان لە نیگارکێشان و پەیکەر تاشان کرد کەوا تابلۆی پان و پۆڕی سەرۆک بەجلوبەرگی سەربازی، عارەبی، شاڵ و شەپکی کوردی، بەشەپقەوە، بەسواری ئەسپ، بەمەلەکردن، بەتفەنگەوە بە... بە... وێنەکانی هەتا دەتوانن گەورە و گەورەتر بکەنەوە.

لەوە دەترسام، ڕۆژێک داواکارییەکی واش لە من بکەن و، ئەوجا ئالوودەی تۆڕەکەیان ببم یان، ئامبازی چەرمەسەریم بکەن بۆیە، بەر لەوان، هەنگاوی نەگۆڕم هاویشت.

– باشە، بۆ بەوردی باسی لەو ڕێگە و بانانەی نەکرد؟ بەڵکو بەرستەی بروسکەیەکی براندییەوە!!

– کوڕی باش، لەم چەمکەدا زۆر شتی سەیر و سەمەرەیان هەڵبەستووە.

– وایە، هەیە کردوونی بە فیلمی ڤیدیۆ.

– لەوانەشە کەسانی وا هەبن کە، ڕەخنە لە ئارام بگرن و بێژن: گوایا... ئەوها! کەڵکت لە دەرباز بوونی فلان و فیسار وەرگرتووە و کردووتە بە هی خۆت!!

– دەشێ. ئەی دوکانەکەی؟

– ئەم پرسیارەت بەجێیە. ئافەرین، بەو کەسەی سەر دوکانەکە و دایک و بەفرین و ئاراسی گوتبوو: ئەگەر کەسێک پرسیاری لێ کردم، بڵێین «چۆتە بەغدا و ئەو خوارەوە بۆ هێنانی کەرەستەی دوکان» یان دوای ماوەیەکی دی بڵێین «کەبابخانەی لە «حیللە» داناوە و کچە عارەبێکیشی مارە کردووە».

هەندەی باش بوو، سەر و گوێلاکی زمانی تورکمانیم دەشکاند، لە یەکدوو تەنگاوەییدا بەفریام کەوت بەتایبەتی لە نێوان «وان» و «ئامەد»دا کە بەیانییان زوو یان ئێوارەیەکی درەنگ، بۆ کڕینی نان و تەماتە و پەنیر و پیواز دەردەپەڕامە دەرەوە. لەو شوێنانەدا هەرگیز نەمدەویست بزانن کوردم نەبادا تووشی قەڵبە و پرسینەوە ببم. ئاخر تورکییەکەی ئەوێش لە شێوەزاری ئیستامبوولی ناچوو، ڕەگەزپەرستان بەتورکی شاخاوییان ناو دەبرد! ئەوەی ئێمەی هەراسان کردبوو، چاوچنۆکی قاچاخچییەکان بوو کە هەمیشە پەڵپ و بیانوویان بۆ پارە کێشان لێ دەدۆزینەوە. جارێکی گوایا



ڕێگە تەخت و هەموار نییە، جارێکی مەسرەف گرانە و بەرتیلی زۆریان لێ وەردەگرن، جارێکی میری و جەندرمە و قەرەقۆڵەکان گوشاری زۆریان بۆ هێناون بۆ سەرانەی زۆرتر. ئێمەش، لە دەومان دەگرتەوە و، لە ورگی ئەو نەهەنگ و قرشە برسییانەمان دەئاخنی. کۆچبەر بەدەستی خۆی نییە، کەی و لە کام شوێن کەشتییەکەی لەنگەر دەهاوی یان، هەر نەگات. لەوانەیشە ئەو جێگەیەی کە بەرنامەی بۆ کێشابوو، بەرێکەوت و یان بەویستی ئەو قاچاخچییانە، ڕووگەی ئاواتەکەی بۆ لایەکی ئەوتۆ وەرچەرخێنی کە هەرگیز بەخەونیش ئەوێکانەی نەدیتبوو! ئەز، وام بەسەردا هات. لەگەڵ گەنجێکی لای خۆمان ڕێککەوتم کە دەمێک بوو لە یۆنانستاندا سەرقاڵی دەربازکردنی پەنابەران بوو، بمگەیەنێتە هوڵاندە و بەتایبەتی ئەمستەردام. ئەگەر ئەوەی بۆ نەڕەخسا، ئەوا بەشارۆچکەی «هارلم»ی نزیکی پێتەخت قایل بووم کەچی؛ لە زەریای بەلتیکدا لەگەڵ دوو خێزاندا گیراین و چاومان لە گرتووخانەیەکی «هێلسنکی»دا کردەوە! تومەز فریویان داوین و بەرێگەیەکی تردا باریان کردووینە!! پاش چەند و چوونێکی وەکو: لە کوێوە هاتوون؟ کێ ئێوەی گەیاند و ناویان چییە؟ ئەڵبەتە ناومان دەگوت وەلێ؛ ئەو ناوانە بوو کە لە خۆمانیان ژنەوتبوو دەنا ناوی ساختە و خوازراوبوون. دوو ڕۆژێک لە کامپێک ماینەوە. پەنجەمۆریان وەرگرتین و، نوژدار سەردانیی کردین. بۆ ڕۆژی سێیەم بلیتی شەمەندەفەریان داینێ بۆ شارێکی باکوور کە، لەوێوەش شەش سەعات دوور بوو! ئەز بلیتەکەم وەرنەگرت و یاخی بووم. ئەوانەی خێزاندار بوون، بەهەڵپە و تامەزرۆیی بەچارەنووسی خۆیانەوە ناو، چوونە ناوچەی (لاپلاند) کە دواجار زانیم، جێگەی ئەسکیمۆییەکانە! بەتەنیا لە کامپەکەدا مامەوە. پۆلیسێکی ژن هات و بردمییە ژوورێکەوە. برێ وردە پرسیاری لێ کردم و گفتی دامێ کە، لەبەر ئەوەی هەرگیز ناکرێ لە هێلسنکیدا جێگیرم بکات بەڵام؛ دەمنێرێتە شارێکی گەورەی ڕۆخی زەریا کە پێشتر، لە سەردەمی

قەڵەمڕەویی سوێدییەکاندا پێتەخت بووە. ناوی «تورکو»یە، لەوانەیە سەت و شەست کیلۆمەترێک لە باکووری ڕۆژاوای هێلسنکی دووربێت بەناچاری ملکەچی بڕیارەکەی بووم و، بەقەیاسەی دوو سەعات کەمتر، لە کامپی TURKU دا، لەپێش «ئەننا»ی بەرپرسدا، بۆ کاروباری ناونووسین وەستاندیانم. لە ڕۆژی یەکەمدا سێ چوار کوردی کامپەکە بەپیرمەوە هاتن. کێک و چایان بۆ هێنام. بەڕێوەبەری کامپەکەش، لەبەر ئەوەی ئاگادارم کرد کە خەریکی ڕەسمکردن دەبم، ژوورێکی چکۆلانەی بۆ دابین کردم ئەگەر وانەبوایە، دەبوایە یەکێکی تر هاوژوورم بێت. دەستوبرد ناسنامەی چەسپکراوی کامپەکەی دامێ لەگەڵ بڕێ پارەدا، کەرەستەی چێشت لێنان و چاپەستی بۆ ناردم. دڵی خۆم بەوە دایەوە کە، لەوانەی ئەوێ بیستم، ئەگەر وەکو ئەو نۆ سەرگەردانەم لێبهاتبایە چۆن دەکەوتەوە! لە ناو ترێلەکەدا برسێتی و ترس گەمارۆی دابوون و، هەندە هێڵنجیان دابووەوە و ڕشابوونەوە، بەکەلاک و ئێسکبەند دەچوون. یەکێکیان نەبێت کە ئۆکرانی بووە، هەشتەکەیان منداڵ و ژن و پیاوی کوردی سۆرانی بوونە، یان چۆن ئەو چل خێزانەی ناو گەمییە کۆنێکی ئەندەنۆسی لە زەریای وەحشەتناکی (هێمن) دا بەرەو ئوستورالیا سەرەونخوون بوونەوە. خدری زیندە و پێغەمبەران و تەنانەت نەهەنگەکەی یۆنس پێغەمبەریش بەهانایانەوە نەچوون، ئەگەر بەشداریی لە شاییلۆغانی پەلاماردانەکە نەکردبێت لەتەک شارک و نەهەنگ و ماسییەکاندا ئەدی لە ناو تانکەری بەتاڵدا بووایام چوون سێ ئاوارەکەی «غەسسان کەنەفانی» لە سنووری پشکنین دەرباز دەبن وەلێ؛ خنکاو و بێ گیان!! بۆیانگێڕامەوە خاوەندە فنلاندییەکەی ترێلەکە دەیان جار پەنابەری کوردی بەخۆڕایی لە چنگی قاچاخچییان ڕزگارکردبوو کەچی؛ جوامێر ناوێک کە خودی خۆشی هێنابووە فنلاندە، ناجوامێرانە خەبەری لێ دەدات! «کیمۆ» دەدرێتە دادگە بەڵام؛ لەبەر ئەوەی تەنیا بۆ کاری مرۆڤ دۆستانە بەبێ پاداشت، بەخۆراک و بەنزین و ترێلەی



خۆی ئەوەی ئەنجام دابوو، دادگە دەسبەرداری دەبێت «کیمۆ» دوو شتی گرنگی لە دەست دان، یەکەمیان: ئەو ڕێگە هەڵاتنەی پەنابەرانی لێ دادەخرێ. دووەمیان: متمانەی پەرلەمانتاریی لێ دەسەننەوە بۆیە گشت کوردانی فنلاند بەو کارە دزێوەی جوامێریان زانی و کەللەیی بوون، هەرچەندەش نکوولیی لەو کارە قێزەوەنەی دەکرد و سوێندی بەکاکەحمەدی شێخ و کوردستان دەخوارد کەچی؛ زۆرینە پەیوەندییان لەگەڵدا پساند و، بەمەلا (خەتێ)ی فنلاندی ناویان دەهێنا. دەشیانزانی کە ناوی ڕاستینەی جوامێر نییە، دەنا ئەو و جوامێری! دیوی ڕەش هیساوییی دەرەوە و، دیوی پاقژ و سپیکراوی ئەو مەنجەڵە مسە بوو کە دایکم بەهاوینان بۆ ساوەری زستان، گەنمەڕەشگوڵی تێدا دەکوڵاند. ئێمەی منداڵە وردکەی چەتوونی کوچە و کۆڵانەکان، جام بەدەستێ و، نمەک بەدەستەکەی تر چاوەڕێی دانوولەی گەرم بووین.

***

ئارام، دەستی بۆ جزدانە مۆرەکەی ناو گیرفانی برد کە وێنەی حوشترێکی زەردی لە سەر بوو، لە ژێرەوەش نووسرابوو CAMEL. سێ وێنەکەی، بەوریایی لێوە دەرهانین، وێنەیەکی پۆستکارتی ڕەش و سپیی پێکەوەی دایک و باوکی بوو. دوو وێنە نیو پۆستکارتە ڕەنگینەکانیش هی بەفرین و ئاراس بوون. تێر تێر بەچاوی پڕ شەوقی خوناوی ڕوانییە بیلبیلەی چاویان بەشکو ڕۆحییان لێ بخوازێت بۆ تاراندنی خێوی تەنیایی جەرگبڕ و گیانمرێن. بارتەقای ئەوەش نووچەی بشێویی وڵات هەراسانی کردبوو. لە ژوورەکەیدا، ڕستەیەکی چڕ و پڕ واتای باوکی لە گوێیەکانیدا زرنگایەوە. چەند پاتی کردەوە «دونیا کوڕم پێچی مێزەرێکە» بەخەندەوە بەخۆی گوت: «ئەمێستا لە چ قوژبنێکی ئەو مێزەرەدام؟!» «ئەدی مێزەرەکە، کەشیدەی حاجێتیی باوکمە کە لە کەمەری خۆی دەئاڵاند». پانتایی ژوورەکەی، سێ هەنگاو بەرین و دوو هەندەش درێژایی بوو. لەسەر مێزێکی چوارگۆشەی

چکۆلانەدا، سێ پەرتووکی شێوەکاری و کاغەزی ڕەسمکردنی «A4»ی دانابوو کە، تازە لە سوپەرمارکتەکەی خوارینی کامپەکەوە کڕیبوونی. پاش کەڤاڵە منیاتۆرەکەی «وەلی دێوانە» کە لە شێوەی شوانێکی مەڕ و بزن پەرتبوو کردبووی، ئارام بڕیاری دا، بەنۆرە پۆرترێتی خانەوادەکەی بکێشێت و، لە نواوەش لە بەفرینی ژێکەڵەوە دەست پێ بکات. ئارام، لە پێشدا هێڵی دەرەوەی فیگەرەکانی بەپێنووسی کاڵی ئاسایی سنوور بەند دەکرد بۆ ئەوەی ئەگەرەکو هەڵەیەکی بکردبایە یان گۆشەی نیگای بگۆڕیبایە، ئەوا بەسانایی بیسڕیبایەوە. یەک لەو سێ پەرتووکانە، لە ژیننامەی «پۆل سێزان» CEZANE و کەڤاڵەکانی دەکۆڵییەوە. ئەوی دی لەبارەی «گۆگان» و، سێیەمیان لەسەر نیگارکێشێک بوو، یەکەم جاری بوو ئاشنای بێت بەناوی «ئیگۆن سچیلی» یەوە. ئەو پەرتووکانەی بەدڵەوە چوون لەبەر ئەوەی نووسەرەکانیان بەراوردیان لە نێوان کەڤاڵی نیگارکێشەکە و ئەو تابلۆیانەدا دەکرد کە، کاردانەوەیان بەسەر یەکەوە هەبووە. سەرەڕای ئەوەش سەرجەمی کەڤاڵەکان، تەڵخ و تەماوی نەبوون بەڵکو؛ بێگەرد و ڕۆشن بوون بەشێوەیەک بینەر هەستی بەشەفافییەتی ڕەنگ و تۆنەکان دەکرد، قووڵایی و بەرینایی تێدا دەبینین، بەتایبەتیش لە کەڤاڵەکانی (سێزان)دا کاردانەوەی دیلاکروا «DELACROI»، ئینگرز «INGRIS»، دیگا «DEGA»، رینوار «RENOIR»، کۆربێ «CORBET»، مانێ «MANET» و مونێی MONET هەڵێخستبوون.

– مەگەر ئەو ناوانە، خۆت و ئارام سەری لێ دەرکەن!

– گرنگ ناو نییە جەناب وەلێ؛ ئەگەر کەڤاڵە بەراوردکراوەکانت خرایە بەر دیدەوە، تۆش بەباشی درک بەو کار و کاردانەوەیە بکەی.

– وەکو؟

– های لە تۆی خوێنەر! تۆ فانۆسی سیحریم بۆ بێنە هەتا کەڤاڵەکانت پێ نیشان بدەم.



– جا ئەوە لە کوێ بێرم جەنابی گێڕەڕەوەی بەڕێز...

– لەوانەش بەدەر، لەو پەرتووکانەدا چەندین فۆتۆگرافی دەگمەن و دانسقە و نایابی هونەرمەندانی تێدا بوون کە لەمەوبەر نەیدیبوون.

– وەکو؟

– وەکو وێنەی ئەو بلیمەتانە لە تافی لاوییاندا، لە کاتی ڕەسمکردنیاندا وێنەی دۆست و هاوچەرخەکانیان هەر وەسا وێنەی شار و خانەوادەکانیان، دیمەنی ئەو شوێنانەی کە، لە گۆشەنیگای خۆیانەوە کێشابوویان، ئەو تابلۆیانەی بۆ مەشق و خۆڕاهێنانیان دوو بارە و چەند بارە ڕەسمیان کردبوون.

–ئیتر...

– لەوەپاش، پەرتووکی زۆری بەئینگلیزی لەسەر ڕابەرە نوێخوازەکان، وەکو: ڤانکوخ، پیکاسۆ، براک شاگاڵ، سیسلی و سوڕا و کێ و... کێ. لە پەرتووکخانەی گشتی دەیخواستن و دەیانیخوێندەوە. تەنانەت لای لە هونەری شێوەکاریی کۆن و نوێی فنلاندیش کردەوە. تەنانەت پەرتووکی لە هێلسنکییەش دەخواست و بۆیان پۆست دەکرد.

– ئیتر...

– هەموو جارێک، ئارامی کەمدوو، کەفوکوڵی دەروونیی خۆی بە تەماشاکردنی وێنەی ناو جزدانەکەی دادەمرکاندەوە.

ئاو بێنە و دەستت بشۆ. ها ها ها..

# پاری شەشەم

جووتێ دەستاری بەگوژم کاسەی سەرمی کردبووە سوورگەی خۆی و دەیهاڕی. سەرم کێل کرد. پێڵووەکانم قورس و خەواڵووی ژێر ڕێژنەی شەستە باران بوون. کەوتمە هەڵپە کە، ساردییەک خزایە نێو گیانمەوە. دەستم بۆ گوێزانە کۆنێک برد و، مارکەی «جیلیت»م لەسەر خوێندەوە. بیرم هاتەوە ئەوەم بەر لە داهێنانی گوێزانی دوو تیغ و سێ تیغی «MACH 3» بەکارهێنابوو. لێوارەکانی ژەنگن ببوون. موچڕکە لەشمی ڕاتەکاند کە، پەنجەیەکم بەلێوارێکیدا بەئاستەم خشاند. دامنایەوە لەتەک پاکەتێ ڕەنگە ئاوییەکان. تەوژمێکی بۆنی سارد بەمەلاشوومدا هەڵزنا، تومەز هاوسێی ژوورەکەم ماسیی وردیلەی لە ناو تاوەدا. بەسەر و کلک و پەڕ و هەناو و



چاوە زیتەکانیانەوە برژاند بوو. پێشتر دیتبووم چۆن ئەو ماسییە لە پەنجە تووتە باریکترانەیان دەکرۆژت. لیکاوێک زایە دەوم، هەرچەندەش ئەو وردە ماسییانە، خەڵکی ئێرە لە بۆنەکاندا، لە ناو سێلی دوو مەتر تیرەییدا چاوەڕوانی کڕینیان دەکرد کەچی؛ ئەز قێزم لێ دەهاتەوە، نەک لە گۆشتی ماسی بەڵکو لە هەناو و سەر و کلکەکانیان. سەر و سیمام لێیان دەگرژا و لۆچی تێ دەکەوت، بۆیە لە بری ئەوە، «ماکارە»ی قەلەموونم دەکڕی. چوست دەرگەکەم پێوەدا. سەرنجم گرتەوە گوێزانە مۆرەکە و، بیرم گەشایەوە «بۆ نەیکەمە کۆلاژی کەڤاڵێکم» بەخۆمم گوت ئەو کاتە، نیازم وابوو، نیگاری بەندکراوێکی سیاسی بکێشم. لە ژوورسەری بەندکراوەکەدا چوار گۆشەیەکی بچکۆلانەی ئاسنبەندم بەقەڵەمی ڕەش دیاری کردبوو، ڕوانیمە گوێزانەکە. هەڵمگرت. لە سۆمای چاوم نزیکم کردەوە. لە توێی شەقی ناوەندەکەیەوە چاوم بەژوورەکەمدا گێڕا. ئەڵبەتە بڕگەیەکی درێژکۆلانەم دیت. ئەوەم بەپەنجەرەیەک زانی چوون پەنجەرەی ژوور سەری زیندانییەکە، کە سپیندارانە یان وەکو کەشتییە درێژکۆڵەکانی «مۆدلیانی» هەڵکشابوو. هەردوو دەستی کردبووە چوارچێوە. هەنووکە جووتێ پەنجەرەی تەنگەبەرم لەپێش چاودایە، پەنجەرە چوارگۆشە بۆیاخ نەکراوەکەی کەڤاڵەکە و، ئەم پەنجەرە باریک و درێژەی گوێزانە جیلیتە کۆنەکەم کەوا، لەم لا و ئەولا و ناوەندییەوە، سێ کونی بازنەیی و چوار کونی دیکەی گچکەی ستوونیی کورتیش هەن بەسەر ئەو شەقە درێژەدا و، بەگشتیان مەودای بینایییم بەرینتر دەکەن. دەی بایەخی زۆرتر بەم گوێزانە بدەم و، بزانم چیی لەسەردا نووسراوە «BLUE Gillette BLADE» لە خوارەوە دیسان بە شینێکی کاڵ نووسراوە «EXTRA» ، گەیشتمە ئەو شتەی کە لە مێشکمدا جینگڵی دەخواردەوە.

هەر ئێستا گوێزانەکە لەژێر پێی ئەو زیندانییەدا چەسپ دەکەم و وەکو ئەوەی بکارێ لەسەر تیغی تیژ و چەقۆش بوو بێت و، ئەگەر هەناسەشی لە

گەروودا وەستابێت، بگاتە ڕووناکیی تاکە پەنجەرە و بای ئازادی هەڵمژێ. کەوابوو، دەبێ جەستەی ئەم زیندانییەم بەدەر لە یاسای ئەناتۆمی «ANATOMY» بکێشم و هەڵیشاخێنم. هەروەها شینێکی دیودەری ئاسمانی بەکاربێنم. لە پەنجەرەکەشدا ڕەنگی کوژەکەیی بۆ پەڵە ئاسمانە دیارەکە دادەنێم. بریا توانام دەبوو ئەوسا دەمکردە کەناری و لە کونی ئاسنبەندەکە ڕەهام دەکرد. ئافریدەکاریی منیش لەوەدایە کە، قەدی سپینداری بدەمێ و، ئارەزووە هەڵچووە ناکاوییەکەی بهێنمەدی. شەوێک، نەمزانی لە خەودام یان، لە زیندەخەو کە، ئەو زیندانییە لە ژوورەکەمدا بوو گوێم لە دەنگی بوو.

– ئەگەر تۆ، توانستی سەرفرازیمت نییە، ئیتر بۆ گەمەی زارۆکانە بەلەشمەوە دەکەی!؟

ڕەنگە ئەو دەم و ساتە و، هەنووکەش وەڵامی ئەو زیندانییەم لەلا نەبێت یان، نەخشەسازیم هەبێت لە مێشکدا بۆ سەرفرازکردنی نەشمەزانی، ئایا زوگورتییە؟ ژن و ماڵدارە؟ لەسەرچی بەندکراوە؟ سەر بەکام گرووپ و لایەنە؟! لە سەنگەردا گیراوە یان بەنامە و بڵاوکراوەی سیاسییەوە؟ هەرچۆنێک بێت، لە نیازی ڕەسمکردنی پێم داگرت و نەلەقیم. چون پێی ئەوم لەسەر تیغی گوێزانە مۆرە ژەنگنەکە داناوە، ئاوهاش لە کەڤاڵەکەدا تەقەللا دەدەم ڕاوچییانە چۆن دوای نێچیرێکی زامدار دەکەوی کە پێکابێتی ئاوهالانە کەمتەرخەمی و بێ موبالاتیی دەرهەق نەکەم چونکە؛ بەچمکێکی نۆژەنی دەزانم لە ڕەوتی هونەریمدا. نا، هەرگیز پاشەکشەی سەنکەر چۆلکردنی لێ ناکەم بەڵکو خۆم بەو بەندکراوە دەزانم خێراتر و تۆکمەتر، بەشەیدایی مەم بۆ زین و، لاس بۆ خەزاڵ یان، بەتامەزرۆیی ئاو بۆ زەوی، بەئەڤینی دووبارە و چەند بارەی قەقنەس بۆ زیندووبوونەوە، لە هەمووی باڵاتر بەشکۆیی و خۆشەویستیم بۆ کەرکووکی زاینگەم، ئەوها



سوورم لەسەر تەواوکردنی ئەم کەڤاڵە بەقەبارە بچووک و بەناوەڕۆک مەزن و هێژا و پیرۆزە. هەرگیز هێور نابمەوە. دەیکەمە بڕستی ستایلێکی جودا لە کەڤاڵانی دیکەم، ئەگەر نا، تووشی پەلە قاژە و فێی دەمارگرژی دەبم، ئەگەر عەشق و ئەڤین نەبێت، ئەی چییە؟! «ڤانکوخ» گوێیەکی نەبڕی و ناردی بۆ دۆستە سۆزانییەکەی!! گوایا دەمارگیری و شێتۆکەیی وا ڕەفتاراندبێت!! ئەز، بەپێچەوانەوە ئێژم: نا عەشقێکی لە ڕادە بەدەر بەرچاو و گشت هەستەوەرەکانی داپۆشیبوو، تەنیا گوێیستی ئەو داواکارییە گاڵتە جاڕانەی دۆستە گەمژەکەی بوو کە، وەکو تەلیسمێ پەردەی ناخی بسمێ گوایا گەر داواکارییەکەی جێبەجێ نەکات ئەوا دەبێتە باڵندەیەکی سەربڕاوی بەسەزمان!! کوڕێژگە بووم، بەدارلاستیک پاساری و ڕیشۆڵانم لەسەر دار تووەکەماندا و، لەسەر دار ئەلیکتریکەکاندا دەخستنە خوارەوە، بەمردوویی و زیندوویی ملیانم هەڵدەکێشا. دایکم دەینەڕاندە سەرم.

«هەی سەرشێت! هەی بێ بەزەیی بیسمیللا بکە، بیسمیللا»

منیش بەترس و لەرزەوە دەمگوت: بیسمیللاهی ڕەحمانی ڕەحیم».

هاوار لە دایکمەوە بەرز دەبۆوە. «گەوجە، ڕەحمان و ڕەحیمەکە مەڵێ.»

لە منیش وابوو کە، ناوی دوو کەسی جودان وەکو ئەو مام ڕەحمانەی دێتە بەر دەرگامان، بەبنێشت و نوقڵ شووشەی بەتاڵ دەکڕی. جاری واشبووە شووشەکان جۆرێ دەرمانیان تێدا مابوون و، لە پێناو شەکرۆکەیەکدا دەمانڕشت، پاشان ئەو لە مستەوسەفەکە دەیانیفرۆشت گوایا بەئاوی گەرم خاوێنی کردوونەتەوە یان، وەکو ئەو کاک ڕەحیمەی کە دۆستی باوکم بوو، بەهاران لەگەڵ هاتنی بۆ ناو شار قاپە ماستی بۆمان دەهێنا، خۆ ئەگەر باری گران نەبووایە ئەوا کنگر و هەپڵۆک و پیشۆکی بۆ دەهێناین. «تێگەیشتی ئارام، لە سەربڕیندا نابێ ئەو دوو ناوە بێری...

دەزانی بۆ؟» سیلەی چاوێکی تووڕەم لێ دەگرت و دەمگوت: «بۆۆۆ... دایکە؟» بەنەرمی وەڵامی دەدامەوە «ئەوانە ناوی خودای تەعالان. ئەگەر هاتنە سەر زمانت، ئەوسا دەبێ ڕەحم بەو پەلەوەرە بکەی، دەنا...» دەمپرسییەوە «دەنا... چی؟!»... «دەنا حەرام دەبێ کوڕی شیرینم» ڕووم لە دایکم دەکردەوە. «بۆ دایە گیان، خودا دوو ناوی هەیە؟! ڕەحمان و ڕەحیم؟!» ئەو چەپۆکێکی نەرمی بەسەرما دەدا و دەنگی بەرز دەکردەوە «هەی لم و چەوی خاسەت بە سەر هەی. کوڕم ئەو خودایە گەورەیەی ژوور سەرمان زیاتر لە سەت ناوی هەیە» سەرم بڵند دەکرد و چاوم لە ژووری سەرم دەگرت و لێم دەبووە شارە مێرووله، باوکیشم لە بەرایی خۆراکەکانمدا هەنێ بیسمیللا گوتنی دەدام بۆ ئەوەی شەیتان و مەیتان، جنۆکە و منۆکە بەشداری خواردنەکەم نەکەن!! بە حەپەساوی لێم دەپرسی «ئەوجا بابە بەکامە ناوی گازی بکەم؟» یان دەمگوت: «خودا چۆن ئەو حەمکە ناوانەی خۆی لە بیر ناچێ!» باوکم، بەدەنگی زوڵاڵ وەڵامی دەدامەوە «ئەی چۆن خودایەکە گەر دەیان ناوی خۆی لەبیر نەمێنێ!» ئەوسا بەپێکەنینەوە دەمم تێدەژەندەوە «ئەی چۆن نووکی ئەو گشت دڕکی دەشت و دەرانەی تیژ کردووە؟!» پاش وەستانێک دەمگوتەوە «کەچی من، بەشەو و ڕۆژێک ئەوجا پێنج شەش دێڕە شیعر و مەحفوزاتم بۆ ئەزبەر دەکرێ!» وەڵامی کورتی دەدامەوە «ئەی چۆن خواوەندێکە ئەگەر هەموو بەشەر و حەیوانی دروست نەکردبێ و بەکون فەیەکونێک، عارد و ئاسمانی دانەمەزراندبێت!!» چاوێکی لە دایکم دەبڕی و دەیگوتەوە: «کوڕم خۆ تۆ خودا نیت. ئەو کە گوتی: تیژ هەموو دڕکان تیژ دەبن. ئەستەغفیروڵڵا لە دەست منداڵی ئەم زەمانە!!» من لەو دڕکە تیژانەوە، دڕکی ژووژکم هاتە پێش چاو. ڕۆژی جومعانان ڕووم لە تیماری «خاسە» دەکرد. لەو شیناوەردانەی ئەو ڕۆخانەدا، ژووژکم دەگرت و، لە ناو تەلیسم دادەنا بۆ باجی «هەمین» گوایا وەکو دایکم دەیگوت: «گۆشت و ڕۆنەکەی بۆ باداری



یەکاویەکە» باوکم دەیگوتەوە: «ڕۆڵەکەم، خودا بەکەلیمەیەک دونیایەک دروست دەکا و، دونیایەکیش خاپوور دەکات. من، ترسم لێ دەنیشت و، دڵم دادەخورپا و خاو و خلیچک هەناسەم سوار دەبوو، متەقم لەخۆ دەبڕی نەبادا بەکەلیمەیەک نغرۆم بکاتە ژێر زەمین یان، شێت و لاڵ و کەڕ و نابینام بکات. زوانم لە گۆ دەچوو. لەشم دادەهێزرا. بەچاوی تۆقاویشەوە کە، هەریەکەیانم دەکردە دە چاو، سۆسەی بۆشایی ئاسمانم دەکرد. لەو ڕۆژەوە، دار لاستیکەکەم سووتاند و، منداڵانی گەڕەکیشم هان دەدان بۆ وازلێهێنانی بەرد سرەواندنە مەلانی گوێسەبانان و دار تەلەکان. ڕقیشم لەو کەسانە هەڵدەستا کە، لە بازاڕدا کار و پیشەیان سەربڕینی قەل و مریشک و کاوڕ بوو، تەنانەت قەسابەکانیش لەبەر چاوم، ڕەزا قورس، ئێسک گران و تووک تاڵ بوون.

– ئەو هەموو وشانە لە قوتووی کام عەتارەوە دەردێنێ؟!

– نەقوتووی عەتاری هەیە ئارام و، نەدەرهاوێژی گیرفانی خۆیەتی، ئەوە نەبێت کە، خزم و میوانی دەشتەکییان زۆرە، لەوانەوە زمانەکەی بەربڵاو بۆتەوە. با سەرە داوی گێڕانەوەکەی لێ نەئاڵۆزێنین.

گەشکە گرتمی کەوا دەمەدی زیندانییەکە دەیەوێ خۆی لە دیلێتی ڕاپسکێنێ. لە هێکڕا هاتە سەر کاغەزە سپییەکەمەوە پشتی لە من بوو. ئاخر منیش هاوکاریی ئەو زوو ئامادەبوونەیم قۆزتەوە بەوەی لە بریی پەڕەمووچ، ئیسفەنج بەکاربێنم. ئەوەم بەجۆرە تەکنیکێک دانا لەگەڵ کۆلاژی گوێزانە مۆرەکەدا. پارچەیەک ئیسفەنجی خرپلەم ئامادەکرد و بەنووکی پەڕەمووچێکەوە بەندم کرد. پێشەکی دیواری زیندانەکەم بەڕەنگی چویتیی سپات کرد کە، قازاخی بەچاوم دا. شوێنی دانانی ئیسفەنجەکە چوون خشت لەسەر خشت دەردەکەوت. لە نێوان ئەو دیوارە خشتییە و گازەرەی پشتی زیندانییەکەدا، لە نێوان دیمەنی ستوونیی پەنجەرە تەنگەکە

و گوێزانە مۆرە ژەنگنەکەی ژێر پێی ئەودا، هەندەم زانی، ڕووی خۆی ئەم دیو و ئەو دیو کرد! بەرامبەرم وەستا! چاوم نووقاند و کردمەوە. ئەو هەنگاوی بۆ بەرەوەتر نا. دەستەکانی کە پێشتر لە ڕەسمەکەدا کردبوومنە چێوەی پەنجەرەکە، لەژێر سینەی خۆیدا جێگیری کردن! لەو دەمە هەژێن و فرە ناسکەدا، پەیکەری ناتەواوی دیلێکی «میکلانجۆ»م بەبەر تۆڕی چاودا تێپەڕی. دەنگی ئەو پەیکەر تاشە بلیمەتە پەردەی گوێمی لەراندەوە.

«ئەز، چەند جارێکم گوتووە، ئەو کەسانەی هەڵمکۆڵێن، بەخۆیان لە ناوگاشە بەرد و تاوێرە مەڕمەڕەکاندا هەبوون. ئەرکی من تەنیا تاشین و لابردن و داماڵینی وردە خاشاک ، خۆڵی دەوروبەریانە.»

دەشێ زیندانییەکەی بەندەش ڕۆحی هاتبێتە بەر و، لیم زیندوو بێتەوە!! نەپەشۆکام. نەترسام. مرۆڤ چۆن لە خەڵقندەی دەستکردی خۆی دەپرینگێتەوە!! هەستم ڕاگرت بەڵکو؛ لێوانی ببزوێن. ئەو دانووشتایەوە! بەبێ ئەوەی ئیزنم لێ بخوازێ. بێ ورتە و هێدی لەسەر پێخەفەکەم هەلاژیا! دەستەکانی ڕاست بەگوێرەی لاقەکانی ڕاکێشان. پێڵووەکانی دانەوین. نەمویست نارەزایی یان جووڵەیەکی وا بنوێنم ئەو ڕابێت. ئەوەی لە توێی چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانییەوە بەدیم کرد، ئەوە بوو کە، حەوتەیەک و پتر بوو خەو نەچووبووە چاوانی. پتریش لە ساتێک بوو قژە کۆڵکنەکەی نەتاشرابوو، لە تەوقی سەرییەوە تێکەڵاوی ڕیشە ماش و برنجەکەی ببوو! لێگەڕام هەتا پرخەپرخەکەی بووە هەناسەیەکی ئاسایی. چاوم داخست و هاکا خەو منیشی لە ئامێزی دەهندەیی خۆی پێچایەوە. ئێوارەکەمان بەشەوەکەوە گرێدا. لە کازیوەدا وەکو ئەوەی دەستێ ڕامژەنێت زوو بەئاگا هاتم و، یەکڕاست چاوم بۆ زیندانییەکەی تەنیشتم گێڕا. لە خۆم بەولاوە کەس لە ژوورەکە نەبوو!! دەبێ لیم گۆڕرابێت و، خۆم وەکو زیندانیی کەڤاڵەکەم هاتبمە بەر نیگای خۆم!! ڕەنگبێ چاوم هەتەر و



ڕەشکە و پێشکەی کردبێت یان، بنهەستم ئەوی هێنابێتە بەر بینایی شەکەتمەوە! هەر چۆنێ لێکبدەمەوە، تۆزقاڵێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە، هەردووکمان؛ ئەوی زیندانیی ناو کەڤاڵەکەم و منی ئارامی کوڕی حاجی عەلیی کوڕی سۆفی بایز چاومان لە یەکدی بڕی. پێکەوە ڕاکشاین. ئەمەم بەلاوە هەند نییە کە، تۆی گێرەڕەوە و جەنابی خوێنەر، سەرتان لێ بشێوێ. شاگەشکە بن و، پاشەکی باوەڕتان لە ئاستی مندا جێلەق ببێت. ئەمەش نا بەڵکو؛ ئەوەم گەرەک بوو، لەبارەی هۆی گیران و شتی دیکەی خێزانی و لە ئابووری و ڕامیاری نیشتمان پرسیاری لێ بکەم. مخابن! ناشبوو لەو دەمەدا گورج ڕاپیچڵەکێنم و، بەرەو ڕووی ڕێژنەی پرسیار و توێژینەوە و ژانەسەری بکەم. ئەی بهاتبایە ئێوە لە شوێنی مندا بوونایە، ئەو چەند و چوونە ناچیزە و، ئەو دەمەوەرییە ناجۆرەتان لێلدا دەکرد؟ ها!؟ بڕواناکەم دەبوێرن و بەدرۆم بخەنەوە دەی... چونکە؛ هەڵوێستەکە، هەستیار و ئاڵۆز بوو. سەرسووڕێنەریش بوو! بەهەر حاڵ، بەختەوەرییەکی لە ڕادە بەدەر بەگیانمدا هەڵگەڕا، بەناو قوڵنج و بڕبڕەی پشتم و تەنانەت بەناو سیێڵ و شانە و، دەمار و خوێنبەر و مووەکانیشمدا، لە شێوەی موچڕکێکی تەزێنەر سووڕایەوە و سووڕایەوە! شەویلاکم بەیەکدا هاتن. کەوتمە ددانە چەقێ. ئەژنۆکانم تەنگیان پێ هەڵچنیم و لەوەدا بوون بەدەمدا تلم بکەنەوە! یان چۆکم پێدانەوێنن! لە ئاکامیشدا ئەو موچڕکە تەزیوە، لە کەڵەموست و تەوقی سەرمەوە، پاش ئەوەی لەرزاندمی، دەرپەڕی. ئۆخەی، ئەو موچڕکە ناکاوییە هەژێنەرە، جەستەمی کردە پەڕێکی ڕەنگین و سووکی «مەلەک تاوس» بۆیە بیرم بۆ ئەوە چوو کە، لە پاش ئەو کەڤاڵەی بەردەستم، نیگاری سەمەندەر بکێشم، هەرچەندەش بەچاوی دەرەکی نەمدیبێت، خۆ چاوی ناخ و پەری و فریشتانیش دەکەن، نەیانبینیون! ها. ها. ها. سەری منداڵێکی جوان و جووتێ باڵی سپی... لەو موچڕکەیەوە، بێدار بوومەوە. بۆنی ساردیی ماسی برژاندنەکە بەکەپوومدا هەڵگژا. گورج

پەلاماری قوتوویەکی «تونا»م داو لەگەڵ هێلکەیەکدا بۆ ناشتاکەم سوورم کردەوە.

– گوتی: سەمەندەر و... تاوس مەلەک! ئەوا تاوس تاوسە. ئەی مەلەک و سەمەندەر چین؟!

– هەمدیس خۆ تێوەردانەکەیە! مەبەستی ئارام لە مەلەک تاوسی ئێزیدییانە. مایەوە سەمەندەرەکە. ئەویش باڵندەیەکی خەیاڵکردی شاعیرانە، لای ئێمە بەقەقنەس و تەیری عەنقاش ناوی دەبەن.

– ئا... بیرم هاتەوە «سێ ئیسمی بێ موسەمما»کەیە.

– کەوابوو، تەواوی بکە، با دڵی مامە شێخ ڕەزامان ئاو بخواتەوە.

– «تەیری عەنقا، شاری جابلەقا و... پلاوی خانەقا»

بەکاوەخۆیی خۆم گۆڕی. لە کامپی «تورکو» بۆ چەقی شار بەپیاسە چووم. لە لایەکەوە دوورێکی وانەبوو، لە لایەکی تریشەوە حەزم بەپیادەڕۆیی کرد و سڕی پێیەکانم بڕەوێنمەوە ڕاستییەکەی، مەبەستێکی دیکەشم هەبوو لەو دەرچوونەم بەڵکو ئەمە ڕێکەوتە، بینایی‌یم لە ڕووی ئەو زیندانییەدا بگیرسێتەوە. ڕەنگبێ دەرفەتی لە خەوە قورسەکەم وەرگرتبێ و، لووس و باریک دەربازبووبێت بۆیە، لەگەڵ هەنگاوەکانمدا، سەرنجی کرپارانەم لە ڕوخساری ئەوانگەلی پێشی خۆم دەدا. ئەوانەشم نابوارد کە بەلاتەکمەوە پڕتاو تێدەپەڕین. ئەگەر بۆشم نەلوایە ئەوا لە پشتەوە دەمڕوانییە کاسەی سەریان و، لەگەڵ کاسەی سەری زیندانییەکە بەراوردم دەکردن. قاچەکانم شل و شەکەت بوون. لەسەر سەکۆیەکی تاجە گوڵینەی شەقامی گشتیدا، منیش بوومە ئینجانەیەکی گەڕۆک، چاوم کردە هەڵۆیەکی ئازاد. ئەم دوخەم، ڕۆژانی ڕێرەوە درێژەکەمی هێنایە بەرچاوم کە، چڵە درەختم لە بەژنی خۆم دەئاڵاند و، دەبوومە دەوەنێکی گەڕۆک و هێدی هێدی دەبزوام. بێهوودە، کەسێکی وام نەدی کە شێوەی لەو



قەلەندەر و زەبوونەی کەڤاڵەکەم بچێت! ئەمێستا، هاتوو بابایەک لەم گۆڕەپانەدا خۆی بەگەڵا و چڵ و چێو پۆشی، دروست بە شێت و لەیستۆک یان، بەدەرۆزەکەرێکی هونەریی تێدەگەن پارە و پوولی بۆ دەهاون ئەگەر کڵاوەکەی یان کیفی ئامێرێکی مۆسیقای لەوێدا کردبێتەوە. ئەوەتانێ ئەو گولیلکە جوانکیلەیەی تەنیشتم سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و، پەپوولەی خەندە لەسەر لێوانم ئۆقرە دەگرێ. دەنوارمە ئەو درەختە سەرنج ڕاکێشە. لە کۆتایی هەر چڵێکیدا یان لە بنهەنگڵی پەلکە باریک و درێژەکانیدا، هێشووی گولیلکەی سپیی هەڵواسیون! با گولیلکەی ئەم هێشووەیان بژمێرم یەک دوو سێ چوار، پێنج و شەش، حەوت و هەشت! با ئەو هێشووەی ئەو لاشەوە بژمێرم، سەیرە!! ئەویش هەشت گولیلکەی سپین!! سێ چوارێکی دیکەشم لێ ژماردن. هەمان ژمارەی هەشتیان دامێ!! لەوەش سەیرتر، لە ناوەندی گولیلکە پێنج پەڕە سپییەکاندا، گولیلکەیەکی دیکەی پێنج پەڕی گچکەی پەمەیی قیت ببوونەوە!! ناوەندەکانیشیان سەر و خاڵێکی زەردیان تێدا بوو!! دەبێ کێ ئەم پاکیزەیییە ڕەنگ گونجاندنە ئەندازەیییەی دامەزراندبێت؟! گەڵای کەسک و پەڕی سپی، پەمەیی و زەرد پێکەوەڕا، بە هەشت کیژی پاکیزە دەچوون. بریا بۆم لوابایە ڤانکۆخانە ئەم هێشووە گولیلکانەم بکردایەتە کەڤاڵێکی هاوشانی کەڤاڵی گوڵە بەڕۆژەکەی ئەو زاتە مەزنە!!

بەخۆم گوت: ئاخر ئارام، بەندییەکی کلۆڵ و بەدبەختی تەقەتکراوی ژوورێکی نسرم و تاکە پەنجەرەیەکی ئاسنبەند، ماڵئاوەدان لەم کەشوهەوای سەرفرازییەدا چی دەکات؟! کەواتا، ڕەنگبێ قفڵی زیندانەکەی شکاندبێت یان، بەهەر تەرحێک قوتار بووە و، من ئاسایی خۆی گەیاندۆتە «تورکو» باشە، بۆ ئەویش بەرەنگاری هەمان ڕووگەی بەندە بووبێت؟! چۆن بۆ کامپەکەی من هاتووە؟! ئەگەر وابێت ئەوا ڕۆژگار زۆری بەبەرەوە ماوە. ئێوارانێک لە کەناری زەریای بەلتیکدا. شەوێک لە قاوەخانە و

ديسكۆيەكـدا، نيگاى شـادى ئاڵوگـۆڕ دەكـەين. جـا ئەويش، وەكـو هەردووكـتـان و من مـرۆڤ نيـيـە! كـوڕى دايك و باوكى خـۆى نەبووە!! خـەباتى نەكـردووە! زووخـاوى نەچەشتـووە!! ئيـتـر بۆ نەيەتە قـاوەخـانە و ديسكۆ و شوێنانى دى؟! نا... نا... نا... وامـەيەژن. ئەوەتان لێ وەرناگـرم، نە لە تۆى خوێنەر و لە تۆى گێڕەرەوە، قبووليشم نييە دووپاتى بكەنەوە. ئەگەر هەرزەكار بوو باشتر دەنا ئەگەر ژندار و كۆشێ مندالًى هەبوو، ئەوا پاش سـاڵ و هەندێك نامـە دەنێرێ بۆ ئەوەى بێنە لاى، ئەگـەر چاويشى بەرايى نەدا، ئەوا خۆى لە ڕێگەى فەرمى و ئاشكرا، لە شامەوە دەيانهێنێ نەك وەكو من كە، بەهەزار پەتپەتى و گۆبەندى مـافيـاكـانەوە، بەدەر لەو نەخشەيەى كێشابووم بۆ هۆلاندە، لێرەم توند بكەن. با دووبارە نەگەڕێمەوە باسكردنى ئەو بێدەرەتانانەى كە، خنكێندران و كـرانە بابۆڵەى گـەدەى چلێسى نەهەنگ و جلە و دەعبا ژێرئاوييەكان. ئا... خۆ سەددام و خێو و درنجە نەگريسەكانى لەسەر زەويدا، هەزاران نەهەنگ و تيمساحى برسى و هار و بەرەڵلا نەبوون!؟ ئەدى حـەوزى تێـزاب! ئەدى پڵـنگ و سـەگـە برسييەكانى كوڕە چاو لەدەرەكانى!! ئەدى درێلى كارەبايى، ئەدى بەهەڕە چوارپەتكردنى مرۆڤ! ئەدى كۆ گۆڕى ئەنفالكراوەكان!!

– ديارە ئەم نۆڤلێتە بەشى پێڕستكردنى فرمێسكى هەڵەبجەيى و باليسانى و زاوێ چەمبييەكان ناكات و... خەو دەزڕێنێ!

ئەدى زەكەر بڕين و دەرخواردنى بەخاوەنەكەى! ئەدى!! ئەوا كون بەكونى شار هەتا ئاوى پێم دايەت، ڕۆژانە بەدوايدا عەودالًم. خۆ كلاوى سەخرى جنى لە كلۆرى دارێكدا يان، لە بوخچەى داپيرەيدا نەدۆزيوەتەوە! نەشبۆتە خدرى زيندە!! ئەوا گـريمان پەرجـوويەك ئەو زيندانيـيـەى گـەياندبێـتـە ئەم شارە، ئەوا بەديمانەى يەكدى دەگەين. لە شوێنێكدا داناكەسرێم وەكو ئەوەى پولووم لە ژێردا بێت جـێگۆڕكێ دەكـەم، دەچمـە پەرتووكـخـانەى گـشـتى.



دەچمە ساونا و شوێنى وەرزش و مەلەوانى. دەچمە «كەوپەهاڵى»ى بازاڕى دێرينى شار. لە نهۆمى بالاخانەى سوپەرماركـتەكاندا، لە ناو كەشتيى گـەشـتـوگـوزارييـەكـاندا دەگـەڕێم. بەجـۆرێك دەيانپـشكنم كـە، ترسم لێ نيشـتبێ لەو چاو داچەقـاندن و سەرەتاتكێيـانەم گومـان بكەن. لەوانەشە ژنان بەچاو باشقاڵ و، پياوان بەكێوى يان شازم تێبگەن!! ئەوەشى سەربار بێت كە، ئەوان لە بنەڕەتەوە پاش پازدەى سێپتەمبەر بەچاوى گوماناوى و تەڵخ دەڕواننە سەر ڕەشەكان و، خواخواشيانە پێ خوارييەكـيان لێ بەدى بكەن و، بەزوويى كـارمەندانيـان لێ ڕاپەڕێنن! ئەوساكـە، كام پۆليسى ژن يان پيـاو بڕوام پێ دەكـات كـە بەچاوى ديقـقـەت و سيـمـۆرانەوە بەدواى زيندانييەكدا وێڵ و سەرگەردانم!

تەنانەت نـاويشى نازانم!! ئەوجا يان بەندم دەكەن يان، ئەوەتا سكێچى كەڤاڵەكەيان پێ نيشان بدەم. ئەوانيش گوماناويتر بێژن: «كامەتا!! ڕووى كەسەكە ديار نييە؟! ئەدى چۆن بيناسين! ئەى تۆ چۆنەكى دەيناسيتەوە!؟» ئەو دەمەش لەو پێودانگەدا، ئەگەر ئێوەش بن، ئەوا شانم بۆ هەڵدەتەكێنن و بەمـرۆيەكى نائاسـايى ، ناتەواوم دەزانن. ئەوسـا بەڕێوەبەرى كـامپـەكـە بەئاگادارييى پۆليس وەكو مام عەزيز، هامشۆى حەفتانەى دكتۆرى دەروونيم پێ دەكات.

– ئەوە كام مام عەزيزە؟

– پرسيـارەكەت دەخەمە بان سەرم چونكە لە جێگەى شيـاودا كردت. ئەو زەلامـە بەدرۆ خـۆ ى كـردبووە كـوڕى بەگـزادەيەكى جـاف! بەڵـكو تۆپەڵە درۆيەك بوو لەو گۆڕەدا.

وەكـو بۆيانگێـڕامـەوە، ئەو مـام عـەزيزەيان مـانگى چوار جـار ڕەوانەى پێتەخت كردووە!!

– چاكە . ئەو هەموو دەرامەتەى لە كوێ بوو بۆ هاتوچۆكردن؟

هێشتاکە زۆرمان لە کاروباری پەناهەندە و هەندەران بەڵەد نین. کارمەندی کامپەکە پسوولەی چوون و گەڕانەوەی شەمەندەفەری دەداینێ. کەسی وا هەبوون ئەو بلیتانەیان بەهەرزان دەفرۆشتەوە و ناچوونە هێلسنکی!!

– بۆ پەرژانە سەر ئەوەش!!

هەر ئەوە و بەس، نامەوێ باس لە هیرۆیین، لە کاری ڕەش، لە دزین و پەردە سمینی کچۆڵانی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵی بکەم کەوا بۆ ئەو کارەیان پارەشیان لێ وەردەگرتن! بەسە، دەوم مەکەنەوە نەبادا...

– نەبادا چی کاکە ئارام؟

– نەبادا دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکەم.

تووڵەک بووم. دایکم ماست و دۆشاوی خورمای لە چینییەکدا بۆم تێکەڵ دەکرد. ئای کە لە گشت خواردنەکانی ئێستام بەچێژتر بوو. باوکم بەتەنەکە لەو دۆشاوەی بۆ زستانان لە خوارووی بەغداوە دەهێنا، ئای کە پەیت و زەرد بوو! دایکم پەندیری لە کوپەڵەی پڕ ئاو و خوێ دەپەستا.

– ئارام لە ئاوارەییدا خۆی بە «روبنسون کرۆزو» دەزانێ کە، چۆن لە دوورگە وەحشەتناکەکەی دوور کەوتەوە، ئەمیش هەنگاوی بۆ دەرەوە نا بۆ ئەوەی مێژووی خۆی دووبارە بەڕەنگەکانی، بەهێڵەکانی بنووسێتەوە. دەیخوازی ئەزموونی تاکیی خۆی بەجیهانی ناوەوە و پەیوەندییە چڕەکانی دەرەوەی ببەستێت.

– وابزانم جارێک گوتت کە، لایەنی تاکی و گشتکی ڕەنگدانەوەی یەکترین بۆیە ژوورەکەی خۆی بەو زیندانە زانی. ئەرێ ناوی چی بوو؟

– ناو گرنگ نییە براله. گیرام ئەوا تۆ و من بووین. ئافەرین دەق زیندانەکە و دوورگەکەت، لە داخراویدا وەکوو دوو دیوی دراوێک بەیەکسانی بینی.



ئەز، لە کاتی گۆڕینی دراوەکانی ئەوروپا بۆ یۆرۆ، بەچاوی ناخم «سبیلوس»ی مۆسیقارم دیت کە، وێنەی بەسەر بیست مارکیدا بوو، هۆن هۆن فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوارەوە.

– دوا پرسیار ئەگەر دڵت فراوان بێت ئەمەیە: ئەوا زانیمان کە، نۆڤلێتی نوێ چییە، ئەی میتا نۆڤلێت؟!

منی گێڕەرەوە لەجیاتی کاکە ئارام دەوم لە تۆی خوێنەری هێژا نا.

– منیش ئەمە دواینێ وەڵامم دەبێت. میتا نۆڤلێت واتا:

نۆڤلێتی نا واقیعی لە بارەی خودی نۆڤلێتەوە. دەبا بۆتی ڕۆشنتر بکەمەوە. نۆڤلێتەکە لەمەڕ چۆنیەتی نووسینی نۆڤلێت و کۆڵەکەکانی، تەکنیک و جوانسازی و... تا دواکانی...

– ها، ها، ها. بەختەتای خۆتی دەزانم کە، لە وەڵامەکەتەوە بێچووە پرسیارێک سەرەدیقانێ بکات. ئەدی واقیعی چییە، هەتا نا واقیعییەکەی بزانم؟!

منی ئارامی حاجی عەلیی خۆم بەوان دەزانم، دەق لە گۆشەنیگای منەوە دەپەیڤن.

– کوڕی باوکم، تۆش بەو پرسیارە زێدە ڕۆییبیەت، جڵەوی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ لە ئارام و لە منیش زەوت دەکەی هۆ. هۆ. گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم قوربان، ئێمە چوونیەکین و ئەمەش چارەنووسمانە. جیابوونەوەمان، هەر نەبێ لەم تێکستەدا مەحاڵە. با گوێ لە ئارام بگرینەوە و، ئەو وەڵامت بداتەوە.

واقیعییەت لە هونەردا ئەوە نییە کە بوونی مادە «MATERIAL» هەیە و بەس بەڵکو؛ ئەو بوونەشە کە ئافریدەکارەکەی بە ڕەنگ، بە وشە، بە هێڵ، بە تەن و بۆشایی، بە جووڵە و سێبەر و ڕووناکی بنیاتی دەنێت و، لە جێگەی واقیعە لێخن و نەویستراوی دەرەوەی دادەنێ.

– تێگەیشتی؟

– ئەی چۆن خۆ بەزمانی جنۆکان قسەمان لەگەڵدا ناکات!

واتا: دەیەوێ لاسایی واقیع نەکاتەوە.

– ئافەرین بەڵکو؛ دروستی بکاتەوە. لە دەرفەتێکدا ئەگەر ئارام بەدەستێوەردانی نەزانێ، ئەوا پێکهاتە گرنگەکانی

نۆڤڵێتت بۆ دەژمێرم.

– داوای لێبوردنی لێ دەکەم، ئا دەی...

– بەزۆربلێیی نەزانیت ئەمانەن: تەکنیکەکانی گێڕانەوەی ڕاناوەکان، کەسێتی، ناوەڕۆک، جێ، تانوپۆ، کات، پشتەکی «BACKGROUND» هێما «SYMBOL» وێنە، زارگۆیی و... ناخگۆیی.

وابزانم یازدەم ژمارد، بەگۆشەنیگاوە دەبنە دوازدە. دەشێ هی تریش هەبن کە بەگوێرەی زەمان گرنگییان بگۆڕێت یان، فەرامۆش بکرێت.

دڵنیام لەوەی کە باوک و دایکم ئەو شەوەی پێکەوە دەست لە ملان بوون و نەیاندەزانی منیان لێ دەکەوێتەوە یان خەجە ناوێک. هەروەها ئاکامم بە چی دەگات؟ لە وڵاتدا سەر دەنێمەوە یان، گۆڕ غەریب دەبم؟ هەنووکە ئەم تێکۆشانەم لە پێناو ئەوەدایە کە، شتێک لە پاشی خۆم بهێڵمەوە و، بەخێرایی لە یادان نەچمەوە. هەر نەبێ ساڵانە لە بیری کەسێکی دڵسۆزدا بمێنمەوە... بژێمەوە...

لێرە و لەوێش، ژیانم ڕووبارێکی خاو و مەند نەبووە بەڵکو، لە میبیانەی ئەو جووتە دوخەدا، دەبوونە... دەبنە «دەچڵە»ی بەپیت و بەڕێژ. زەوییە دەمێک تینووەکانی هەست و نەست و ویستەکانمی پاراو کرد و دەکات. ئەگەر پێشتر شەرمنانە، بنبەست و گیرخواردووانە نیگارم دەکێشا، ئێستا بەبێ سانسۆر و سەمتێکی داڕێژراو، بەگوێرەی خواستەکانی ناوەوەم



دەڕووتێم، دەنیگارێنم. بەرەڤانی لە خۆم و بەرهەمەکانم دەکەم. ڕەخنە لە ئەنترۆپۆلۆژیا پیرۆزەکان دەگرم، پەرپووتیان دەکەم. دیاردە دزێوەکان ڕیسوا دەکەم. ئەم ڕابووانەی ئێرۆکانەم هەمدیسان بیرۆکەی نیگارکێشانی قەقنەسەکەی هاویشتە هۆشمەوە بۆیە دەبێ بەدوو شێوە و ستایل بیکەم. جارێکیان بەکۆلاژی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، جارێکی دی بەڕەنگی ئاوی و سەرنجکێش بۆ ئەوەی هارمۆنیی و کۆنتراستی ڕەنگەکەم بنوێنم لە کەڤاڵەکەدا. لە هاوشانی ئەوەشدا بیرم لە هەندێ بڕگەی قورئان کردۆتەوە کە بەڕەنگی خاوەر نشینانە بیانکەمە ئەبستراکت، وەکو: «ن والقلم» و «مِن كُلِّ فجٍ عميق» هێلکارییەکانیانم لە مێشکدا چەسپاون بۆ کاتی ئەنجامدانیان. ئەگەر پێشوو... ئێستاش، نە نیشتمانپەروەری تەنگبین بوومە و نەڕەگەز پەرستی شۆڤینی. مرۆڤم بەلامەوە هەموو شتێک بووە، لە هەر کوێیەکدا بووبێت. لایەنە گەشەکانی پەسند دەکەم و چەپڵەی بۆ دەکوتم. نەفرەتیش لە لایەنە تاریکەکانی دەکەم و بەردە بارانی دەکەم، ئەو دوو ئاکارەی چەپڵە لێدان و بەردە باران کردنە، ئیرسی ڕابردووە و بەئاسانی بەرۆکمان بەرنادەن.

– خۆم پێناگیرێ و بەرۆکت بەرنادەم. براڵە، ئەگەر منی خوێنەر و جەنابی تۆی گێڕەرەوە لەتەک ئارامدا ڕوومان لە نادیار نەکردبایە، چۆن ئەم حەمکە شتەمان لە بارەی ئەو و هونەرەکەی دەزانی... ها!؟

– ئەوە بۆ خۆت بەئانقەست لە گێلی دەدەی! ئاخر چەند پاتم کردۆتەوە کە، هەردووکمان دەستکردی پەڕەمووچ و قەڵەمی ئەوین. لە کوێ بیەوێ، لەوێدا دەرفەتمان دەداتێ چیی بوێ و، چۆنی بوێ ئاوها دەمانخاتە سەر کاغەز.

– چاکە، ئەوسای کوردانی کامپەکە، کێک و چایان بۆ هێنا.

– برسیی بوویان لەبەر دڵی ئەوان خواردی؟

- توخوا ئەمە پرسیارە!!

هیچ ڕۆژێک هەندەی ئەو ڕۆژە شەکەت و بڕست و لێبڕاو و برسی نەبووم کە، کەڤاڵی قەقنەسە کۆلاژەکەم تەواو کرد. ئاخر دەبوایە پارچە کاغەزە ڕەنگەکان ببڕم بۆ: سەر، دەنووک، لەش، دوو باڵ و کلکەکەی، هەریەکەیان بە سێ ڕەنگی هاوتۆنی شیاو بەگوێرەی ئەو سکێچەی بەدوو دانە بۆم کێشابوو، دانەیەک بۆ لەسەر بڕینی پارچەکان و، دانەکەی دی بۆ ڕوانینی گشتیم و هەڵەنەکردن لە دانانی ئەو پارچانە و چەسپکردنیان. بۆ ئەوەی لێم تێکنەچن ژمارەم لەو پارچانە دەدا چونکە؛ سی چل کوتە کاغەزی بچکۆلانە، ئاڵۆزیی بۆ دەنامەوە. نەمزانی چۆن ئەو کوتانە بیرمیان هەڵگەڕاندەوە بۆ «درەختی» بنەماڵەکەمان، لە سۆفی بایزەوە بۆ حاجی عەلی و... بەندە! دەشێ باپیری باوکم بەدەروێش عەبدوڵلایان ناوبردبێت. دەشێ باوکی ئەویش فەقێ و مەلا بووبێت، لە دەروێشییەوە بۆ سۆفێتی! لەویشەوە بۆ حاجێتی و دواتر بۆ.. وەستام. لە ئاست خۆمدا سیفەتێکی دەرەکیم نەدۆزییەوە وەکو درێژپێدانی تووکە سەر بۆ زیکری تەکیە، یان، تەزبیحی لائیلاهە ئیلڵلا و، کەشیدەی زەرد و سپیی حاجییان کە باوکم لە کەمەری دەبەست هەموو جارێکیش دەیگوت: «بەچەقۆیی دەچنە حەج و بەگوێزانی دەگەڕێنەوە!!» وەستام. مەگەر پەڕەمووچ و کاغەز و پاکەتی ڕەنگ بەهانامەوە بێن. دیارە ئەوەی لە ئاکامدا دەستی لێشاوی ڕووداو دەیهێنێ، ئەوە گرنگ و مەبەستە کە، هەڵوێستی تۆ لەئاستیا چدەبێ.

ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەی عەبدوڵلا ناوێکی ئێرە سەردانیی وڵات دەکات. نامەیەکم بۆ دایکم نووسی لەتەک چەند وێنەیەکی خۆمدا، لەگەڵ دوو سەت یۆرۆدا پێچامەوە، ماچی زۆریشم بۆ بەفرین و ئاراس نارد نامەکەم لەپێش هەشت چاو دایە دەستی عەبدوڵلا. لەو بڕوایەدام کە وێنەکان و نامەکەم ڕۆڵی هێور کردنەوەی ناخی دایکم دەبینن. ڕاستە مرۆڤ چۆن بجێیێ هەر مرۆڤە. ئەمەم بەلاوە جێیاندنی کات و... کاتاندنی جێیە.

# پاری حەوتەم

ئارام نۆبەرەی زیندوومانە بەر لەویش کچێک و دواییش کوڕێکم بوو. یەکەمیان بەحەوت مانگی لەبارم چوو، کوڕەکەش بە هەراشی بەسورێژە سەری نایەوە. شوکرانە بژێرتم خودایە. لە هەراکەی جەیشولشەعبی باوکی منداڵان چووە حەج. ئاخر حاجی زۆر لەمن گەورەتر بوو. قەرتە پیاو بوو کە شووم پێ کرد. لە «ڕەحمە»ی ژنی پێشووی وەچی نەخستەوە. چونکە زوو دەیبەنە شەڕی فەڵەستین کە بەشەپڕێوی و هەناسە ساردی گەڕابووەوە، وەکو پاشتر گێڕایەوە. دژوێنی زۆری بەحکومەتانی عارەب دەدا لەبەر ئەوەی سلاحی چرووک و ئەمری چەواشەیان دەدانێ. هەر کە جێگەیەکی باشیان دەگرت، خێرا لە ئامیرانەوە ئەمری گەڕانەوە و پاشەکشەیان پێ دەگەیشت!



دوکانێکی لە نزیکی قەیسەری گرت بۆ کوتاڵ فرۆشی بەلای دەرکەی منارە نەخشینەوە، لە خوارووی خۆمچییەکانەوە بوو. دوایە چووە دوکانەکەی ناو قەیسەری. بەلای دەرکەی دارتاشان و نزیکی حەمامی شۆڕەوە بوو. ئیتر نازانم بۆ بەشۆڕ ناویان دەبرد، دەشێ ئاوەکەی شۆڕ بووبێت!! لەپاش مەلیکە بچکۆلە و کەریم قاسم، کابرای دەمگیر لێمان پەیدا بوو، خوا ملی بشکێنێ. مانگی خۆم بوو کە، بێزووم بەهەنارەوە کرد. حاجی لە بەقاڵێکی بن قەڵا لەو ناوەختەدا بۆی پەیدا کردم و، ئارام هاتە دونیاوە. خوا بێوەی بکات. جگە لەویش منداڵێکم کەوتە بیری دراوسێکەمانەوە. خۆ سەرەڕای دوعا و نوشتەی شێخ فەیزوڵلاش، تووشی ئەو کۆستانە بووم!! ئاخر ئەو شێخ فەیزوڵلایە سەری لە هار و مار دەردەچوو! دەرمانی نەزۆکی دەگرتەوە. دڵانی لە یەکدی دادەبڕی یان لێکیانی گرێ دەدا! بەقسەی خۆی و ئەوانەی لێیان دەگێڕایەوە گوایا دەیان جنۆکە و منۆکەی بۆ کاروباری خۆی تەسخیر کردوون! لە ئەستێرەکانەوە بەختی دەخوێندەوە!! لە خوا بەزیاد بێت، دوو کوڕ و کچێ سەر و زیادمانە. حاجی ئارامی نایە بەر خوێندن و دەبوایە بە عەسرانیش لە لای مەلا نوری جزمی قورعانی بخوێندبایە. هەتاکو سنفی چواریش بەهاوینان لە لای ئەو مەلایەی منارە نەخشینە دەیخوێند و پاشان دەچووە دوکان حاجی گوتەنی: «بەڕەڵلا نابێت وەکو منداڵە خوێڕی کۆڵانان و، هەم شتێکی لە دینەکەمانەوە دەسدەکەوێ» «مەنیجە»ی ئەو سەری کۆڵانەکەمان کە لە «ئاخر حوسێن» بووین، زۆرتری لەو شێخ فەیزوڵلایە دەوتەوە گوایا خواردنی دوپشک و توولە مارە و، شەوان بەسواری خەڕەک بەحەواوە دەگەڕێ!! کەچی وەکو دەروێشان تووکە سەری بەردابۆوە بەڵام؛ لەژێر مێزەرەکەیدا دەیشاردەوە، هەی سەری بەتاشین بچێت وەکو «گوڵە»ی خولە کەوشدروو ئێژێت: «ژنی لە جنۆکە و لە ئێمە چاکترانی هێناوە بۆیە ژنی بنیادەمی ناوێ!» ڕووم ڕەش بێت و هەژم بەسەر خۆمن تەنیا قسەی ئەمو

گوتەی ئەو دەگێڕمەوە گوایا هەتیو بازە! خوایە لێم نەگری، من نەبووم سەگە ڕەش بوو. بەرگوێشم کەوتووە کە، نێرەمووکە و پیاوەتیی نییە. ئەمە چەندی بەچەند!! بەوە بڕواناکەم ئەگەر وابوایە، فەرتەنەی ئەو ساڵە ڕووی نادا کە، دەستی بۆ ژنە تورکمانێک بردبوو!! ئەو ژنە گوایا منداڵی نابوو. بێ شەرم و حەیشوو، ئەو عەییارە لێی کردە هەرا و هەیبەڵێیەک، حەوت گەڕەکی لێ ئاگادار کرد. وەکی تر، ئەوانەی بڕوایان بەژنەکە کرد هەر هەندەی پەنجەکانم بوون چونکە؛ مامە شێخ زۆرینە گوتەنی: «سەری تێچووبایە، نوێژی ناچوو» یان «شەو و ڕۆژ، دەم بەویرد و دوعای چاکان بوو.» وەکو چۆن کلیش لە چاوە سرکەکانی نابووەوە!! هەی سەری تاشن بۆ خۆی و ئەو ئیمانداریيەی دەیکرد. بەخوای بەخوای سەر و سەکوتی بەکۆسەوەوی نەبووایە بەهیچی تری ناکرد. هەی ڕەزای ئەو خلە ژنانییە خواتەوە کە، ئاو لە ئاش ببڕایە، ژنگەل لە خانگەکەی نابڕان!! ڕاستە خوای بانسەر رزقی کوندە بەبووش دەدا. دەڵێن: لە ڕۆژی هەور و هەڵا و زریاندا، ڕۆژانە، خوا بەچکە چۆلەکەیەکی بۆ دەنێرێتە دەرووی کونەکەی! قوربانی ئەو خوایە بم بۆ خۆی و کردەوەکانی، گوایا هەزار ساڵ عوزێر پێغەمبەری لەگەڵ گوێدرێژەکەیدا مراندوون و، لەپاش ئەو حەمکە ساڵەدا، زیندوویانی کردۆتەوە!! ئەگەر یەکێ لە منداڵان لەرزوتایان هەبوایە، لەسەر قسەی باوکی ئارام ئیتر نامبردنە لای کەس بۆ دوعا و نوشتەی مەچەک و سەرشان. حاجی دەمی لێدەنام «کچێ عەقڵت هەبێ، چۆن بەئاڵاندنی پەتێکی سەوز یان بەدوعایەکی حەلەق و بەلەقی سێ قوڕنەی لە مێو و پەڕۆ گیراوی، مەچەک و لاشان، نەخۆش و بیمار چاک دەبنەوە!!» درێژەی دەدایێ «ئافرەت، مردن هەر مردنە، خوای تەبارەکو تەعالا چی لەنێو چاوانماندا نووسیبێت هەر ئەوە ڕوودەدات» حاجی هەموو جارێک ئەوانەی دەوتەوە و پاشان بە «ئامەنتوبیللا» کۆتایی پێ دەهێنا.

ڕۆژێک ئارام لە مەدرەسە گەڕایەوە. ڕووی مۆن بوو چونکە؛ مامۆستای



وەرزش داوای لێ کردبوو کە ناوی خۆی بۆ (تەلیعە) بنووسێت. حاجی هەڕەشەی لێ کردوو پێی گوت: «هەر ئەمەمان نوقسان بوو! بەو بەردە ڕەشەی کابە کە دەستم پێوەناوە، خۆت لەو شتانە ناونووس بکەی، پاش دارکاری و حەسیر مەیدان، دەبێ لەو مەکتەبە پێ ببڕیت و بەقیروسان. خۆ منداڵم ناردۆتە بەر خوێندن نەک بۆ شتی نالەبار و تەلایع و مەلایع!!»

سەریان بەقوڕاچێت بۆ کار و کردەوەیان. هەی تووناوتوون چن و ناویان ڕۆچێتە کوناوی ئاش و بەرداشی زبر مێشکیان بهاڕێ خودایە. لە ئیفتیدائی جلکی خاکییان دەدەنێ و، لە موتەوەسیتەش بەرگی قەوزەییيان پێ لەبەر دەکەن!! ئەمە کەی بووە مەکتەب! کە ئەو جلک قەوزەییيانە دەبینم، قێزم دێتەوە، خۆ بەبۆقی ناو گۆلاوی قەوزە گرتوو نەبێت بەهیچ جانەوەرێکی تر ناچن!

– دیارە مەبەستی دایکی ئارام لەو بۆقە سەوزانەی ناویان نازانێ و هەردەم حەواڵەی ژێر بەرداشیان دەکات.

(تەلائیع) و (فتوە) و ((برادەرانی سەرۆک) بوون و لەوە پاش دەیانکردن بەجەیشولشەعبی و، ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی هەشت ساڵەیان دەکردن.

– ئا... بۆ ئەوەی ببنە سووتەمەنیی جەنگێک لە جەنگەکانی سەرۆکی حەفیزەهولڵلایان! دایکی ئارام بەو زمانە ساکار و ڕۆژانەییيەی خۆ ی گوزارشت لە گەواڵە ڕەشەکەی بەعسییان دەکات ساڵی وا هەبوو. دابەستوویەکمان لەتوپەت دەکرد. بەڕۆنی خۆی سوورمان دەکردەوە هەتا دەبووە قاورمە و لە کووپە شینە بریقەدارەکانمان دەپەستا. چێشتەنگاوان ئەگەر ئارام نەوسی بۆ نەگیرابایە، دەستە چکۆلەکانی دەئاخنییە یەکێک لەو کووپانەوە، سەلکە پەنیری گچکە یان لوولە ئێسقانێکی بەچنگەوە دەهات. لەوەش سەیرتر، جارێک چلێسانە چنگی بۆ ناو تەنەکە دۆشاوە

زەردەکە درێژ کردبوو، خێرا ڕایکێشابووەوە لەبەر ئەوەی توێژی دۆشاوی خورماکە پەنجەکانی شاردبووەوە! ها، ها، ها پێمگوت: «ڕۆڵە دەی زوو پەنجەکانت بمژە نەبادا بتکێتە سەر زەوی و، مێش و مەگەز و زەردەواڵەمان لێ بوورووژێن. ئەویش کەوتە لێستنەوە و مژینی پەنجەکانی تووتە و برای تووتە، باڵا بەرزە و دۆشاو مژەی خۆی ها، ها، ها. ئەسپێ کوژەشی مژی. لە دوای ئەو کەتنەی پێمگوت: «ڕۆڵەکەم، ئەگەر دڵت لە قاورمە و دۆشاو چوو، وڕک مەگرە و مەنووزێنە بەدایکت بێژە. ئەگەر وا نەکەی دەبیتە پشیلەی پەنیر دزە» ئارام، ئەوساکە بەڕوونی لە مەعنای دزی ناگەیشت، کارەکەی خۆی بەئاسایی دەزانی، ئیتر لەوە بەولاوە بۆ ئەوەی نەبێتە کتکی پەنیر و قاورمە دز، داوێنی دەگرتم و بەباڵامدا هەڵدەزنا «توخوا دایە توخوا» خۆی بەگەردنمدا هەڵدەواسی و جاڕسی دەکردم. منیش بەپێکەنینەوە پێمدەگوت: «بەعارەب مەڵێ مەرحەبا» ئارام دەیپرسی «بۆ؟» دەمگوتەوە: «چونکە هەم دەخوا و هەم دەبا.» ئەویش بۆ ئەوەی نەبێتە ئەو عارەبە، بەهەشتاوی لەبەر هەیوانەکەدا، کولێرە و دۆشاوەکەی دەخوارد و نایبردە دەرەوە. هەنگین تروسکەی خۆشی سەر تا پێمی دەگرتەوە.

یەکەمین جار و ئاخرین جارم بوو، بچمە لای ئەو شێخە جادووکارە، ئەویش بەپاڵ پێوەنانی خزم و دراوسێ. باوەشێنێکی نوێی قەراغ لە قوماش و گوڵینگە گیراوی بەدەستەوە گرتبوو، ڕایدەوەشاند بۆ خۆفێنکردنەوە و قاودانی مێش و پەخشەی هاوینە گەرمەکە. لەبیرمە، بۆ نیوەڕۆ ڕاکشانی حاجی دۆشەکەڵەیەکی تەنکمان بەبنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسیبوو. تەڕم دەکرد و، دەبووایە یەکێک لە منداڵەکان بەنۆرە پەتی ئەو دۆشەکەڵەیە هەڵواسراوە ڕاژەنن بۆ ساڵی دواتر، حاجی لە دراوسێیەکی تەقاویتمانەوە فێر بوو کە، بەتەختەدار و کۆڵێ دڕک بەتاکە پەنجەرەیەکەوە قایم بکات. ئاوڕشێنی دەکرد بەوەش هەم مێش و مێشوولەی دوور



دەخستەوە و هەم ژوورەکەی دەکردە سارداو. کاتێ بەفرینم بوو، خوا دەست دەعومرییەوە بگرێ و، گشتیان لە بەڵای ناگەهان بپارێزێ، حاجی پانکەی سەر مێزی کڕی بەڵام؛ لە ترسی ئەوەی نەبادا پەنجەی منداڵان بەر پەروانەکانی بکەوێ، خێرا بردییەوە و پانکەی هەڵواسراوی لە هەمان جێگەی دۆشەکەڵە شۆڕ کردەوە. ئا... هەر ئەو جارەم بوو بچمە لای شێخ فەیزوڵڵا و هیچی تر، وەک لەبیرم مابێت بۆ ئەوە بوو کە، تاکە گوارەم، بۆ بدۆزێتەوە یان، کێ لەکاتی کەوتنی بۆخۆی بردوویەتی. ساڵگارێکی دوور و درێژە وابزانم گوتی: «ژنێکی خڕکەڵەی گەنم ڕەنگی چاو ڕەش بۆ خۆی گلی داوەتەوە» ئەوە بوو سەرە قەڵەمانەکەم لەکیس چوو، بەدەستبەتاڵی گەڕامەوە، ئەو کۆڵان و گەڕەکەمان پڕ لە ژنی گەنمڕەنگ و چاوڕەش و خڕکەڵە بوو، جا کەی ڕەوایە من دامێنی کەراسی یەکێکیان بگرم لە ختوخۆڕاییی!!

ئارام لەبەر ئەوەی زۆر مەراقی دابووە ڕەسمکردن و، حەزی لێبوو بچێتە بەغدا و لەوێ لە مەکتەبی ڕەسم بخوێنێ. وەختێ گەڕایەوە ماڵ، دڵم لە مشتا بوو گوایا داوای دوو ڕەسمیان لێ کردووە بۆ ئەوەی بیکەنە بەحسی ئەوجا لەو مەکتەبە وەریدەگرن. لە دەوری گەڕێم، زەرد زەرد ببووە لیمۆی شارەبان. نەخۆی بەو ڕیسواییییە ڕازی بوو نەباوکی. بۆیە لە ماڵەوە بۆ خۆی ڕەسمی دەکرد و، ناو بەناویش یارمەتیی حاجیی باوکی دەدا. مەراقی ڕەسم و کۆکردنەوەی شتی عەنتیکەی لە منداڵییەوە هەبوو، کە ئەو کاتانەی دەچووە سەربان بەکۆلارە هەڵدان، لەژێر باڵی کۆلارەکەدا، کوێراییم دایەت ڕەسمی جوان جوانی دەکرد. جاری واش هەبوو، فەنەری بەکاغەز و تەلیزمە قامیش دروست دەکرد و مۆمی تێدا دەسووتاند. پەتی کۆلارەکەی ڕادەوەشاند، وردە وردە فەنەرەکە دەچووە ئاسمان و لە لای گرێیەکی گەورەی دووری کۆلارەکەوە دەوەستا، بەقوربانی بم دەیگوت «بۆ ئەوەی لە کۆلارەکە نزیک نەبێتەوە و بیسووتێنێ» ئەمەی بەشەوان دەکرد. ماشەڵڵا

لەخوا بەزیاد بێت مێشکی کراوە بوو، هۆشی بە سەر شتی وادا دەشکا کە، منداڵانی لەخۆی هەراشتر و منی نەخوێندەوار تەقـقـەی سەرمـان لێـوە دەهات، لەوانە: بۆ ئەوەی داوی کۆلارەکەی نەپسێ، بەرۆژ پیاڵە شکاوی بەچەکوش ورد ورد دەهاڕی و، بەکەتیرەش لە داوەکەی خۆی دەیسوی و، لێدەگەڕا وشک بێتەوە. دەیگوت: «ئەگەر داوی کۆلارەی دی بئالۆسکێتە داوی کۆلارەکەی منەوە ئەوا قایمە و داوەکانی تر دەپچڕێن»

ئاپۆ ڕەشـیـد، لەو مـاوەیەی کـە ئارام ملی بەرێگەوە نابوو جـارێک سەردانیمان کرد. لەگەڵ خۆیدا «مامز»و دوو شووتیی گەورەی ڕۆخانەی هێنابوو. جارێکی تریش، کە تازە نامەکەی ئارام گەیشتبوو سەردانیمان کرد و گوتی: «ئەگەر نامەتان بۆ نووسی توخوا سڵاوی من و مامزی تێدا بنووسن و زۆر زۆر چاوی ماچ دەکەین و پێی بێژن بەردۆکەیەکی ڕەنگ هەنگوینی جـوانم بۆ هەڵگرتووە» ئەو ڕەسـمـانەم پێ نیـشـان دان کـە ناردبوونی، زۆر پێی گەشانەوە و خێریان بۆ کرد. بەهەمان کاک عەبدوڵلا نامەم بۆ ڕەوانە کرد لەگەڵ ڕەسمێکی ئاراس و بەفرین پێکەوە گرتبوویان. لەو نامەیەدا کە ئاراس بەخەتە پشینەکەی خۆی نووسی، بەئارامم گوتبوو «ئەگـەر نیـازی ژن هێنانت کـەوتە سـەر، ئەوا زوو بگەڕێوە کـچـێکی لای خۆمانت بۆ دەدۆزمەوە و مارەی بکە، نەک وەکو کوڕەکەی پوورە عەیشێ کـچـەتیـوێکی قژ زەردی چاوشین بهـێنێ و، لەپاش چەند مـانگێ لە ناو ماڵەکەی دەرت بکاتە دەرەوە.» ئێمە و ئەوانیان نەگوتووە «دە ئاراس بۆی بنووسە دوێنێ مشکێکم بەفاقە کۆنەکەمان گرت، خۆزگە لێرە دەبووی و، وەکو منداڵیت ڕەسـمت دەکرد.» لە کـۆتایی مەکـتووبەکـەدا بۆم دووبارە کردەوە «نەکەی قسـەی دایکت بشکێنی ها.» بەقـوربانی بم زۆر وریا و وردەکار بوو. زۆریش لەسەر ژنان دەهاتە جەواب و داکۆکیی لێ دەکردن، دەیگوت: «گەرەکە ژن لە بەرایی هەموو شتێک، ماڵی خۆی ڕێک بخات. منداڵەکانی پوختـە بەخێو بکات. ژن و مێرد نابێ بەبەر چاوی ئەوانەوە



شەڕ و بەزم بنێنەوە.» ئەوجا بەپەرۆشەوە دەیگوتەوە: «کاریگەریی گەورەی ژن لە دەرەوەی دەرکەی ماڵە» من لەمەیان حاڵی نابووم، گوێم بۆ دەتەکاند و خۆزگـەم دەخـواست کـە، ژیان و دوارۆژی بەفرینی کچم لە ژیانی من و پوورەکانی چاکتر هەڵبسووڕێ. قسەیەکی دایکمم دێتە یاد کە دەیگوت: «کوێت ئێشا ڕوح لەوێیە» ئینشاڵلای جێگەی بەهەشتی پیاو خاسانە و، دەبێ ئەورۆ دەسـتـەیێ نانی بۆ بکەمـە خـێـر. ڕاسـتـە ڕوح تەیرێکە و، بەئازاری لەشماندا دەگەڕێ. ئەوجا لەکوێوە زەبرەی کوشندەی بەرکەوت، ئا لەوێوە دەفڕێتە دەرەوە. ئەی نایەژن، ڕوحی کۆرپە و منداڵانی ددانی حەوت ساڵان نەکەوتوو دەبنە مەل و لە عەرشی خواشدا دەبنەوە بە پەری! ڕوحم سەدەقەی سەرت بێت ئارام، لەبەر هەیوانەکەی خانگی پێشوومان کە، نیوەڕۆژە خۆرەتاو دەگەیشتە لایەکی، تۆ سەبەتەیەکی ماڵەوەت بەچیلکە دارێکەوە، ڕادەوەستان. پێشتریش دانە خۆرت لەژێردا پەرش دەکردەوە بۆ تەیر و تواڵ گرتن. چیلکە دارەکەت بەداوێکی درێژەوە دەبەستا، ئەوسەری داوەکەت بەدەستەوە دەگرت، لە پەنای تەندوورەکەدا خۆت مەڵاس دەدا و هەناسـەت لەخۆ دەبڕی! دەمدی دوو سێ چۆلەکە و ڕیشـۆڵەت ڕاو دەکرد بەڵام؛ وەکـو منداڵانی گـەڕەک داوات لێ ناکـردم مـەلەکـانت بۆ ڕووت بکەمەوە و بەکولاوی بۆتی لەسەر پلاوی ساوەری دابنێم بەسەرسامییەوە لێتم دەپرسی.

– ئەوە بۆ یەک بەیەکیانت بەرەڵلا کرد؟!

تۆش بەچوستی وەڵامت دەدامەوە.

– ئاخر دایکە...

بەربینت دەگیرا. دەمپرسییەوە.

– ئەی لە پای چی ئەو سەبەتە و داوەت دامەزراندبوو؟!

زمانی خۆت دەدۆزییەوە و بەچوستی دەهاتیتە گۆ:

- دەزانی بۆ گرتیانم دایکە! بەڕەڵلاشم کردن؟

تاس دەمبردەوە لەو گیانبازییەی تۆ! کە بێ دەنگ دەبووم و تۆش حەپەسانیت بەتەوێڵمەوە دەدیت، دەهاتیە بەر و بەدەنگی بڵند وەکو بتەوێ قەیرەکانیش گوێ لە قسەکانت بگرن، دەتگوت:

- دایە گیان، بۆ ئەوەی ئاگادار بن و، جارێکی تر بەسەبەتە و دانە خۆرەی منداڵان هەڵنەخەڵەتێن.

کوڵمە ئاڵەکانتم ماچ کرد و، بەخەندەوە پێمگوتی:

- کوڕی باش، جا کەی ئەو پاساری و ڕیشۆڵانە عەقڵی تۆیان هەیە! دیارە وەکو مامۆستاکانت ئیمتیحانیان دەکەی!!

ئەی ئەگەر جارێکی تر بەداو و سەبەتەوە بوون؟!

لە پرسیارەکەم چاوت کردەوە و تۆش بەزەردەکەیەوە هاتیتە وەڵام دانەوەم.

- ئەوسا... خەتای خۆیانە.

لە منداڵییەوە ، لەو ڕۆژەوە، دار لاستیک و قەڵماسنگەکەی تووڕ هەڵدان و ئیتر قەت بەلای سەبەتە نانەوە و ئازاری مەلاندا نەچوو . هەڵەشەیی ناکرد و، خولکی دایە ڕەنگ و ڕەسمکردن. لە خڕی (خاسە)وەش بەردۆکەی خاڵخاڵ و جوانی هەڵدەچنی و خڕی دەکردنەوە.

- دایکی ئارام، ئەوانەی لە کانیلەی بیرەوەرییەکانییەوە هەڵگۆزت!

- دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە لای تۆ من و ئارامیش، ڕابردوو درێژەی خۆی لە ئێستاماندا هەیە و، ئازووقەی ڕێگەی دووریشمانە، کاکی خوێنەر بەرەو داهاتوو.

- ها ، ها ، ها. وەکو توێشە بەرەی شوان و گاوانان کاکی گێڕەڕەوە.

جارێک لە هێلانەی دار تووەکەی حەوشەکەمانەوە، زەرنەقوتەیەک



بەربووە خوارەوە، ئارام خێرا خێرا بەچاوی فرمێسکاوی فووی بەناو دەنووکیا کرد! پاش ئەوەی بەهێواشی هەڵیگرت لۆچی پەژارەیی و خەمم بەڕوویەوە دی بەڵام حەیف دەمێک بوو گەرمایی تێدا نەمابوو.

گوایا بۆ ئەوەی ڕوح بێتە بەری تەیر و تواڵ، منداڵان چەند جارێک فوو بەناو دەنووکیا دەکەن!!

- کوڕی شیرینم ئارام گیان هیچ پێویست ناکات هەڵبگڕێیتەوە سەر دارەکە چونکە ئەو زەرنەقوتەی ناو لەپت دەمێکە سارد بۆتەوە.

ئەو، بەخاکەڕایی و کەمۆکەیەک شپرزەییەوە پرسیاری لێ کردم.

- بۆ ئەوەی بمرێت، سارد دەبێتەوە دایکە؟!

نەیزانی چ لە زەرنەقوتەکەی ناو لەپی بکات. من گوتمەوە:

- لەوانەیە دایکی فڕێی دابێتە خوارەوە کوڕم لەژێر تووەکەدا قوڵتێکی بۆ هەڵکەنە و، بەخۆڵەکەش داپیۆشە، خێرت دەگات.

لە هێکڕا ئارام گوتی:

- لەوانەشە کەوتبێتە خوارەوە. دایکی بۆ بەریدەداتەوە!؟

- چونکە، بەوە زانیویە مردووە وەکو براکانی، بۆ خواردن دەنووکی نەکردۆتەوە.

لە وەڵامەکەم تێفکرا. ماشاڵلا و دوور بێت لە چاوی بەدکاران، وریا و زرنگ بوو، هەرچەندەش جاروبار سەرەڕۆیی هەبوو. بەهاران بە شووشەیەکی بۆیاغ یان قوتووی مەعجونی تەماتە جۆگە ئاوەکەی هاوشانی خڕی (خاسە)ی بەرنادا. بەتەمەنی ئەو نییە، لەوێوە خەتی سکەی شەمەندەفەر دەچووە هەولێر. ئەوجا یان وردە ماسی دەگرت یان پەپوولەی هەمەڕەنگ. دەمی گازندەم لێدەنا «ئارام گیان گوناحن» ئەو دەیگوت: «خۆ نایانکوژم دایە گیان! عەزیەتیانیش نادەم زۆر زۆر جوانن. ڕەسمیان دەکەم

و هەر زوو دەیانبەمەوە بۆ ئەو جێگەیەی لێوەی هێناومن» دەفتەر ڕەسمی لە دوای دەفتەر ڕەسم پڕ دەکردەوە لە پەپوولە و ماسی و مشک و مەل و مێوەجات. ڕەسمی من و باوکی دەکرد. ڕەسمی هاوڕێکانی... نیوەی پارەی ڕۆژانەکەی بۆ جەژن پاشەکەوت دەکرد و، نیوەکەی دیکەی بۆ قەڵەم ڕەنگ و ئەو دەفتەرە پانانە خەرج دەکرد. سەرەڕای ئەوەش حاجی لە بەغدا و لە موسڵەوە قەڵەم بۆیاغی بۆ دەهێنا و دەیگوتە من: «لێگەڕێ با هۆگری ئەوانە بێت، لە چوونە دەرەوەی کۆڵانان و شەڕە شەق و ڕاکەڕاکە باشترە. توخمی سەگانە، شیریان دەدەن و تەربییەتیان نادەن!» لە دەورت گەڕێم ئارام گیان، شەوانە بەحەقایەتی کۆن و مەتەڵۆکە دەمخەواندیت، حەقایەتەکانی «دەنکە هەنار» و «باڵا بستەی چل گز ڕیشە» و «گوڕنەتەڵە» هەروەها وەکو بێتەوە بیرم حەقایەتی «کوڕە کەچەڵە و کەنیشکی شای پەرییان» و «گوێچکە کەر و دێوەکان» و «پاشای نەزۆک و دەروێش» ئارام گیان لە هەموویان زیاتر حەزت بەحەقایەتی «گوڵمەحەمەد و قەڵای گەوهەرین» دەکرد چونکە؛ کوڕەکە حەوت زێ و حەوت دارستان و حەوت عەردی شای مارانی دەبڕی و، دەگەیشتە لای کیژی بەندکراوی ناو قەڵاتەکە، شای ماران لە ژوورێکی تەنگدا حەپسی کردبوو، بۆ ئەوەی مل دانەوێنی و شووی پێ بکات، ئەویش ناقایل بوو هەتا گوڵمەحەمەدی گیانباز ڕزگاری دەکات . ئەو ڕۆژەی لە بەندایەتی قوتاری کرد، سێ ڕۆژ بوو نە ناشتای کردبوو نە فراوین. ئای کە، حەقایەتەکانم تەواو دەبوون و هیچم لە زەینا ناما، بۆتم دووبارە دەکردنەوە. ئەگەر پێڵووەکانت هێشتا دانەخرابوونایە ئەوا بەدەنگی خەواڵوو، خاو خاو دەتگوت:

– ئەو حەقایەتە نا... ئەوەش نا... مەتەڵۆکەیەکی نەبیستراوم بۆ بگێڕەوە یان، گوڵمەحەمەدەکە.



منیش باسی پاساری و بێچووەکەیم بۆت کرد کە، چۆن ئامۆژگاریی کردووە لە خۆپاراستنی پلارە بەردی منداڵان.

«کوڕی شیرینم ئەگەر دیت وا کوڕێژگەیەک دادەچەمێتەوە، زوو هەڵفڕە چونکە؛ بۆ بەرد هەڵگرتن دەنووشتێتەوە.»

بێچووەکەش بەدایکی ئێژێ: «ئەی ئەگەر مشتێ بەردۆکەی لە گیرفاندا هەڵگرتبوو!!»

دایکەش ئێژێت: «ئیتر تۆ حەوجەت بەدایک و باب نییە بڕۆ خوات لەگەڵ.»

تۆش، ئارام گیان ملت بەو وێڵگردییەوە ناوە کە ئێمەی نەخوێندوار بەڕێگەی هاتو نەهاتی دەزانین. هەرچۆنێک بێت لە ترسی گیران و نووخان کێشان و چاو هەڵکۆڵین و پێست گروون سەرت هەڵگرت، ئۆغرت خێر بێت و، خوا بکات بەسەلامەتی بۆم بگەڕێیتەوە و هەتا سەرم نەناوەتەوە، ژنت بۆ بێرم و کوڕەزای خۆم بدینم.

ئەوا ڕۆیشتی و شوکر خەبەری بەسەلامەتی گەیشتنتم زانی بەڵام، بەخوای بەخوای دڵی دایک وا ناڵێ و ناکەسرێ. هەمیشە دڵەڕاوکێ ئامبازم دەبێ. لەبیرتە کە، حەقایەتی تەیر و خەڵقندەی خواوەندم بۆت دەکرد، دەتپرسی.

– ئەرێ دایە، تەیر و پشیلە و سەگ و مەڕ و مانگا زمانیان هەیە قسەی پێ بکەن؟!

– کوڕم، خودا زوانی بەگشت زیڕوحێک داوە. ئەی ئەوە نییە دەجووکێنن، دەمیاوێنن، دەحەپێنن و دەباڕێنن!

ئەوجا تۆی مەلا بەزێن خێرا ئەژنۆت لەسەر داگرت.

– ئەی بۆچی تێیان ناگەم؟!

بەپێکەنینەوە، گۆناتم گرت و چاوم لەدوڕ چاوت بڕی.

– ئارام گیان، کەی بوویتە کەو ئەوسا لە قاسپە قاسپیان تێدەگەی ها، ها، ها.

– هۆ، هۆ، هۆ. ئەی ئەگەرەکو بوومە هەسپ!؟

ئەوت گوت و داتە حیلکەی پێکەنین و، چاوە گەشەکانت پڕ لە ئاو بوون.

– ئەو دەمە، دەحیلکێنی هۆ، هۆ، هۆ. ئەسپە چاو گەشەکەم.

– نا... دایکە گیان، نامەوێ ببمە ئەسپ و هێستر و بارگیر. ئا دەبمە ئەم هەڵۆیە و بەرز بەرز دەفڕم.

ڕەسمێکی هەڵۆت کردبوو لەسەر بەردێکدا هەڵنیشتبوو، پێمت نیشان دا. ئافەرینم لێت کرد و چاوە قلە ترێیەکانم ماچ کرد. باش بوو، نامە و وێنەکانت سێبووریبیان دامێ. بەفرین و ئاراسیش بوونە جووتێ خونچەی پاراوی دەم گوێی ئاو. خوا پایەدارت بکات بۆ خاتری پیاو خاسانی وەکو غەوسەکەی بەغدا و ئۆمەر مەندانی لای خۆمان و کاکەحمەدی شێخەکەی سلێمانی. ئامین یاڕەبەلعالەمین. لە ئێوە بەولاوە دالّدە و پەناگەیەکم نییە. ئارام گیان، ئەگەر باوکت گوێی لەو دوعا و نزا و پاڕانەوانەم ببوایە چاوی ئەبلەق دەبوو دەیخوڕی «هەی بێ ئەقڵ خۆ دیارە ڕاست ئێژن ئێوە مانان ناقیسول ئەقلّن!! ئەوا ناقیسول ئیمانیشن!! کەچێ ئافرەت تەنیا و تەنیا هانا بۆ خودا بەرە و بەس. ئەوانەی ناوت بردن، وەکو من و تۆ چاوەڕێی مەرحەمەتن، بێ دەسەلاتن و هیچیان پێ ناکرێ. چەند جارم پێ گوتووی! ئەم سەرە پوتەت کای تێدایە یان مێژک!؟»

– دایکە... دایکە...

لە دەرەوە بووی کە، دەنگتم بەرگوێ کەوت. بەهەڵەداوان و پڕتاو هاتی.



جانتا قایشەکەی کتێبەکانت دانا. ڕووت سووری گوڵهەناری بوو.

– دایکە، ئەمڕۆ مامۆستا نەریمان سێ ڕەسمی منی بەتەختەی قوتابخانەوە هەڵواسین!!

تۆ وا کەیفخۆش بوویت و، مەفەرمت نەدا و بپرسم بۆچی؟ زوو گوتتەوە:

– بۆ ئەوەی قوتابیان بیدینن و چاو لە من بکەن.

لە خۆشییانا بەهەناسە سواری دەمت بەش کردەوە.

– مامۆستا گوتی ڕەسمەکانم دەخاتە پیشانگەی ساڵانەی گشتیی شارەوە! چاوەکانتم ماچ کرد.

– چی! چی! ئەو پیشانە چییە!؟

چاوێکی هەڵۆیانەت لە منی نەزان و نابەڵەد گرت.

– پیشانگە... پیشانگە یەعنی مەعرەز دایە گیان.

– قوربانت بم، ئەی مەعرەز چییە؟!

– زۆر برسیمە. مەعرەز ها مەعنا ساڵی جارێک ڕەسمە باشەکانی تێدا پیشانی خەڵکی دەدەن.

خۆزگەم بەتۆ خوازت کە ئەو حەمکە حەرف و نوقتانە دەخوێنیتەوە!! کوڕم نەخوێندەواری خەوشە، کوێرییە ئەگەر ڕاستت گەرەکە.

– من، ئێستا قسەی نێوان دێڕەکانی دایکی ئارام دەخوێنمەوە.

– ساویلکە مەبە. ئەگەر دێڕەکان نەبن تۆ ناتوانی نێوانیان بخوێنیتەوە. ئەوە وەکو خۆت و سێبەرەکەتە. دەبا ڕێسی دایکی ئارام نەقاچێن.

بەی برسێییەکەتەوە هاتم و، دەمی پرسیارم لێنای.

– هەر ئێستا، بەسەر چاو بۆت تێدەکەم، ئارام گیان خواردنێکم لێناوە

تۆ زۆر زۆر حەزی لێ دەکەی دە بزانم دەزانی چییە؟

تفـێکت قـووت دا. زمـانت بەلـێـواری دەمــتــەوە خـشــاند و، چاوەکـانت بوونەوە جووتێ قلە تریّی ڕەشمیری و بریسکانەوە.

– دەزانم. نسکێنەی بەپەلّپینەیە... نا!؟

– دەمخۆش، چۆنت زانی! نۆشی گیانت بێت؟

– لەبەر دەرگەوە بۆنم کرد. ها، ها، ها.

ئارام گیـان، ئەوەندە ڕەسمی ئەو هەڵۆیە و پەلەوەرانەت کرد، ئاخری تۆی بەسـەر باڵی خـۆیەوە هەڵگرت بۆ ئەو سـەری دونیـا و، لە منی کـەنەفـتی کردیت. کوڕم چاکت کرد. جێی مستەکۆڵە پێلەقەیە. ئەوەی مستێکی تێ سرەواندی و، تۆش وسکت بووی، ئەوا بەبێ هێزت دەزانی و، خێرا خێرا دەتداتە بەر شەپازللە و شـەق تێـهـەڵدان. دەبڕۆ و قـەت خـودا تەرازووت لەنگ نەکات.

ئامین یارەبەلعالەمین.

– ئەگەر بێتو کەسێتییەکانی ئەم تێکستە دابەش بکەینە دوو لایەنداری سەرەکی و... لاوەکی، ئەوا شەش ناومان بەرگوێ کەوتووە هەتاکو ئێستا، ئارام و دایکی و ئاپۆ ڕەشـیـد؛ سێ کـەسی سـەرەکین لە وڵاتدا بەرامبـەر بەساتوو پێککا و سارا، کەوا سێ کەسێتی سەرەکین لە هەندەراندا.

– دە ئەوجـا دەرفـەت بەمنی خـوێنەریش بدە کـە، ناوی کـەسـێـتـیـیـە لاوەکـیـیـەکـانت بۆ بژمـێـرم، مـامـز و بەفـرین و ئاراس لە زێد و، ئەدی سیانەکەی دیکە لە نامۆییدا!؟

– پەلەت نەبێ و پێش ڕووداو مـەکـەوە. چۆن ئەو سێ ناوەت زانی ئاوهاش ناوی دیکە دەژنەوی.

– ئەوە دانم بەخـۆمـدا گـرت. ئەدی ڕەخنە؟! گـرنگ ڕەخنەیە کـاکی



گـێـڕەڕەوەی بەئەمـەک... ڕەخنە، بەهانای بەرهەمـە نوێیـە ڕەسـەنەکـانەوە نایەت!!

– چونکە، ئالاوەتە کێشەی ئەکادیمی و شیکردنەوەی تیۆرەکان! ها، ها، ها.

براله، تیۆردان بەبێ هاتنە کردارەکیی ناو کایەکەوە چی دەگەنێ!!

# پاری هەشتەم

– لە قسەکانت و لە کەڤاڵەکانتەوە بۆم دەرکەوت کە جودای و لە گەنجانی دیکە ناکەی.

ئەوەم بەئارام گوت. هەردووکمان لە نزیکی باڵەخانەکەیدا دانیشتبووین. (ساتو)مان لەگەڵدا نەبوو کە داوای نیگارکێشانی سەگەکەی لێ کردبوو. ئەویش باسی لە سیاسەت کرد.

«سارا، سیاسەتمەدارانی وڵاتی ئێمە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی جێگەی خودا کۆنەکان بگرنەوە لەوانەی گریک! میر و شاکان لەوێ بوەستێن، سەرکۆمارەکانیش بێ شەرمانە کوڕەکانیان بۆ ماوەی پاش خۆیان تەیار دەکەن!!»



ئارام، ڕووی گرژ بوو. لە وتەکەی هەراسان بوو کە، گوتییەوە:

«دەزانی بۆ؟ بۆ ئەوەی ببنە سێبەری خودا لەسەر زەویدا!!

تۆ تەماشای جوگرافیا و مێژووی ناوچەکە بکە، ڕاستیی قسەکەمت بۆ دەردەکەوێ.»

منیش پێمگوت: «ئارتەر میلەر دەناسی؟»

گوتی: «ئەی چۆن! مێردی مارلین مۆنرۆ نەبوو ساراخان.»

لە دڵی خۆمدا وامدەزانی کە زۆرینەی سەر ڕەشەکان لە حوشتر سواری و ژن ڕفاندن بەولاوە هیچی تر نازانن کەچی؛ ئارام «میلەر» و «کۆنراد» و «پیکاسۆ» و «لۆتریک»یش دەناسێ. باس لە «سبیلیۆس»ی موسیقاری فنلاندی دەکاو سیمفۆنیایەکی بۆ لێداوم! بەلای پەیکەرەکەی «ئەلیکسی کیڤی» لەپێش پەرتووکخانەی کۆندا تێپەڕین، کورتەیەکی لە ژیانی بۆ باس کردم! لە هونەرمەندانی لای خۆشیان ئاماژەی بۆ «شەرەفخانی بەدلیسی» کرد کە چەندین سەتە لەمەوبەر نیگارکێش و مێژوونووس بووە. خۆیشی باڵادەستە وەکو لە وێنە ئاوییەکانییەوە دیتم.

ئەو میللەرە گوتوویەتی: «ڕووخان و نامۆیی مرۆڤ لەوەوەیە کە، زۆر لە پێویست دەبینێ. زۆریش لە پێویست دەزانێ کەچی؛ لە نێوان ئەو بینین و ڕۆشناییەدا بەناتوانایی، خۆی مجرۆ دەکات!»

دەمودەست وەڵامی دامەوە.

«ئەوە بۆچوونێکە لە بۆچوونەکانی خڵتەی پرۆلیتاریای ئەمریکا.»

نەمویست ڕەگاژووی تەنگژە سیاسی و فەلسەفییەکان ببن بۆیە سەرنجم بۆ ئاراستەیەکی تر ڕاکێشا.

«خۆ قاوەخانەی «کیڤی تاسکو» دەناسی. ئێوارە پاش سەعات نۆ لەوێ دەتوانی چاوەڕوانیم بکەیت و «ساتو»ش ئاگادار نەکەی. دەمهەوێ تەنیا

هەردووکمان بین، چاکە...»

لەوێ، ئارام بیرەی «کارهو»ی داواکرد. منیش کووپێکی «کاپەچینۆ». قومێکی درێژی لە بادەی بیرەکەی دا و نواڕییە دوڕ چاوم وەکو بیەوێ ڕۆچێتە قووڵایی ناخمەوە و هەرچی تێدایە دەریهاوێژێ. تابلۆ بەناوبانگەکەی «ڤانکوخ» ڕووبەڕووم بوو. گوڵەبەڕۆژەکان زەردەخەنەیان بۆ دەردەبڕیم بۆیە، زۆر جار لە نوای دادەنیشتم. بەلای چەپمانەوە، کیژێکی لە من بەتەمەنتر ناوە ناوە چاوی دەگرتە کاتژمێرەکەی دەستی و، مۆبایلەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو. لە تەک ئینجانە گوڵێکی دەستکردەوە ئاوێنەیەکی لە جانتا دەستییەکەی هێنایە دەرەوە و ماکیاژەکەی نوێ کردەوە. ژن و پیاوێک بەدەنگی مۆسیقا گەرمەکەوە چوون. چلچرا شۆڕەکەی ناوەندی هۆڵەکە، پەڵەی ڕەنگی بازنەیی و ئەستێرەیی دەپەخشاندەوە و، بەچەند ڕەنگێک ڕوخساری ئارامی نیشاندام. شینەکەیان لە ڕەنگەکانی تر هێمنتر و دڵگیرتر بوو. لەولاوە ژنە قەرەجێک و پیاوەکەی، تیلەی چاویان لە ئێمە دەگرت. لەوانە بوو قژە ڕەشەکەی ئارام وای لێ کردبن بەیەکێکی وەکو خۆیانی بزانن. چونکە بەڕێکەوت ئارام کراس و پانتۆڵی ڕەشی وەکو ئەو ڕۆمانییانەی پۆشیبوو. کراسە قۆڵکورت و قۆپچە ترازاوەکەی سەر سنگی و مووی چڕی بازووی بۆ چاوی ئێمەمانانی ئەوروپایی سەرنجکێش و نائاسایی بوو کەچی؛ لەژێر لێو و چەناگەیدا وەکو تەنکە ڕیشی سێگۆشەیی و چوارگۆشەیی و قەیتانی جێ نەهێشتبوو تەنانەت، سمێڵیشی پاک تاشیبوو.

دەمی کردەوە «پێم بلێ لەوە خۆشتر هەیە لەسەر ئەم ئەستێرەیەماندا، مرۆڤایەتیمان توند گرێبەست بکەین!!»

لاقەکانم گوازتنەوە، چەپەکەی سەر ڕاستەکەم خستە ژێرەوە. ئارام سەرنجی قژە سەرمی دا کە لە ناوەندەوە بەسوور و سەوز ڕەنگاندبووم.



– خۆ دەبیسی کە، من گێڕانەوەم بۆ خۆم قۆرخ نەکردووە کاکی برا.

– ها، ها، ها. تەنیا منی خوێنەر نەبم ڕێگەت نەداوم بەکامی دڵ بپەیڤم و هەڵوێستم لە شوێنی هەستیاردا بدەرێنم!!

– دڵ لە دڵ مەدە. ئەوەشت بۆ دەسازێ، با جارێ گوێ لە سارا بگرین. ڕووم کردە ئارام و بەنەرمی پرسیارم لێ کرد.

«لایەکی سەوز و لایەکی سوورە. ئارام دەڵێی تازە پرچم دەبینی!! وا بەوردی تێی دەڕوانیت!!»

گوتی: «بیر لە شتێک دەکەمەوە یان پڕۆژەیەک لەوانەیە بۆ کچێکی ئەوروپایی وەکو تۆ ئاسایی بێت»

بەپەرۆش بووم، بزانم چ پێشنیاز و پڕۆژەیەکی هەیە. ئەو دەمی کردەوە.

«سارا گیان، لێرەدا پرچ پلاتینییەکان بەزۆری دەیڕەنگێنن، منیش وەکو نیگارکێشێک ئەمەیە پڕۆژەکەم کە... هەڵوەستەی کرد، هەر زوو هانیم دا.»

«فەرموو...»

«پرچی سەرت لەجیاتی ئەوەی دوو ڕەنگی بکەیت، بیکەرە سێ ڕەنگ، مەبەستم لەوەیە بیکەیتە سێ بەشەوە تێمدەگەی؟»

بێ دەنگ بووم و سەر و برۆی ئەرێم بۆ جووڵاند.

«با ناوەندەکەی، وەکو خۆی سپی بمێنێتەوە و ئەملا و ئەو لای سوور و سەوز بکە.»

«هەر ئەوەندە!؟ پێشنیازەکەتم بەدڵە ئەگەر...»

«نا... هێشتا تەواوم نەکردووە. ئا... منیش لە ناوەندی بەشە سپییەکەدا خۆرێکی زەردی بیست و یەک تیشکی دەکێشم.»

بەخۆم گوت: «ئەوە خۆ خەریکە ئاڵوگۆڕ لەبیرکردنەوە و هزریشم دەکات!»

«ئەوسا چی؟!»

من بەسەرسامییەوە پرسیارم لێ کرد.

«ئەوسا دەبێتە ئالاّی کوردستانەکەم، سارا گیان.»

ئەوەی گوت و سەرتاپێی خەنایەوە. بەتایبەتی ڕووی بووە گوڵێکی تازە پشکووت. بەنەرمی پێکەنی. مژێکی لە بیرەکەی دا.

جێگەی شیاوی خۆیەتی کە، لە بنەڕەتەوە گورزە تیشکێ لە خۆرەکەی ئارام ئاڕاستە بکەمە سەر چەند لاپەڕەیەکی منداڵیم. باوکم لە دایکم جیابوۆوە و، ڕەدووی ژنێکی دی کەوت. دایکیشم مێردی بەپیاوێکی دۆستی کرد. دە ساڵان بووم کە، لە ڕێگەی قوتابخانەدا، کوڕێکی خورت و هەراش ئامبازم بوو، پاسکیلەکەی ڕاگرت بۆ ئەوەی لە پێشەوەیدا سواربم و، بمگەیێنێتە ماڵەوە. ماندوو بووم و بەقسەیم کرد. لە من وابوو دراوسێی باڵەخانەکەمانە کەچی؛ ڕۆیشت بەرەو خوار و، بەتوندی پایدەری لێدا. لە ناوەندی دارستانە چڕەکەی خوار ڕیزە باڵاخانەکانەوە وەستا. پاسکیلەکەی بەقەدی درەختێ دا هەڵپەسارد و، ئەوجا داوای لێ کردم، لە تەکیدا بەشداریی نەستەلە و کۆکاکەی بکەم. چونکە زۆر برسی بووم و لەوانەشبوو دایکم لە بازاڕ نەگەڕابێتەوە، لە تەنیشتی دانیشتم و، نەستەلەیەکی بچووکم هاویژتە دەممەوە. هەندەی نەبرد، دەستی ڕاکێشام و، لەسەر شتەکەی خۆی داینا و، ماچی کردم. لەو ڕۆژەوە نەفرینم لە کوڕان کرد. دەستی بۆ بردم و لە سەر پشت خستمی و هەندەی نەبرد، خوێن بەلاقەکانمەوە چۆڕەی کرد. زۆر ترسام. ئەو کلینکسێکی دامێ و ڕووی وەرچەرخاند. لەوەوە لە نێرینە بێزارم و جەستەم بنێسا و هەستی مێبوونم لە ئاست کوڕاندا چرووسایەوە. هاتمەوە خۆم و هێکرا سنگفراوانە گوتم:

«لەمەو دوا پرچم وەکو گوتت دەڕەنگێنم، ئەوسا چی؟!»

ئارام بەپەرۆشەوە دەمی ئاڕاستە کردم پاش ئەوەی نێوچاوانمی ماچ کرد.



«قژت تێر تێر ڕادەموو سم. پاشان چاو و گۆناکانت»

گیانم سپاردە ئارام و هەرگیز بۆ ئەوەم نەبوو کە لایەنی سێکسی هۆکاری بێت، بەڵکو لە کەسێکی دڵسۆز دەگەڕام کە بۆشایی ناخم پڕ بکاتەوە و، لە تەکیدا بسرەوم. ئەو دەستی سۆزناکی هاویشتە سەر دەستم، بەنەرم و نیانی لێوەکانی بزواند.

«سارا گیان، چاکە خوازی و گەندەڵکاری بەڕووناکی و تاریکی دەچن. بوون و ئامادەگییان، لە بنەمای نەژادی خۆیانەوەیە، ئەویش...»

هەندێ بێ دەنگ بوو بۆ ئەوەی کاردانەوەی هزری لە ڕوومدا بەدی بکات.

«ئەویش لەبەر هۆیەکی سانا و ساکار.»

گوتم: «دە بڵێ... چۆن؟!»

گوتی: «چونکە لە کێندەری چاکە و ڕووناکی هەبوون، ناکرێ بوونی تاریکی و گەندەڵی هەبێت.»

گوڵبژێری سەر و بەندی منداڵیم بۆ ئارام بەوردی گێڕایەوە. لە کاکڵەی سەربردەی سکاڵا ئامێزم ئەو شەوە بەوردی لەمەڕ دایکم و باوە پیارەکەمەوە ئاگادار کرد. ئەویش لە دەرفەتی نەبوونی دایکمدا، بەجلی جوان و پارە فریوی دام، لە خشتەی بردم و لەگەڵمدا جووت بوو. ئاخر لەو سەردەمانەدا، لە تەمەنی خۆم باڵا زراڤتر و پڕ و گۆشتن بووم. لە کاتی ئەنجامدانی کارە بێزەوەرەکەیدا هاوار و فیغانم کرد، کەس بەهانامەوە نەهات. ئەو بێ پەروا بوو. پفدانێکی لە هەرامەکەی ناو گەڵی هەڵکێشا و خۆی هاویشتە نێوان لنگ و بەرۆکمەوە. تازەش سنگم گەرای دانابوو. دایکم بەو کەتنەی باوە پیارەکەمی زانی بەچەقۆیەک، لە ژووری نووستنی خۆیدا، پاش ئەوەی دایدەخات، ماسولکەی مەچەکی خۆی دەبڕێ!! دەزگای سۆسیال منی گرتە خۆی و، دۆستەکەی دایکیشم نەمزانی چی بەسەر هات.

ئارام وەکو ئەوەی قوولایی ژنێکی شەرمن بدینێ، پەنهانەکانی بۆ خۆی گلدایەوە و، ئاوهالانە زاری کردەوە.

«لە هەموماندا غەریزەی مانەوە جێگیرە و بەرەو جەوهەرمان ڕۆچووە. ئا... لەوێشدا وشەیەکی جوان، پەڵەیەکی ڕەنگین و زایەڵەیەکی بەجۆش و خرۆش وامان لێدەکات کە، نەفرەت لە مەرگ و دژوونی بکەین و بەتاسەوە ژیانمان خۆشبوێ.»

من، پیچێک بێ دەنگ بووم. ئەو چاوێکی بەتابلۆی گوڵە بەرۆژەکەدا خشاند و هەستی لێ ڕاگرتم.

«مەرگ بەلای منەوە، بەربەستکردنی وشە جوانەکانە.

سڕینەوەی ڕەنگە قشتەکان و کپکردنی سۆز و ئاوازەکانە.»

لێرەدا ویستم بەپرسیارێک هاوبەشی لە لێکدانەوەکەی بکەم چونکە؛ یەکەم جارم بوو قسەی وا ببیەم و، هزری لەمەوبەرمی لنگە و ئاوەژوو کردبێت! یان گرێکوێرەی ناخمی هەڵوەشاندبێتەوە و، هزر کێشمی کردبێتە لای بیرکردنەوەکانی خۆی! چ لە ژیان و چ لە سێکسدا بەتایبەتی پەیوەندی مێ لەگەڵ مێدا لە لام پووچەڵ کردەوە.

«بۆ هەندێ بەربلاوتر بۆمی شی ناکەیتەوە ئارام؟»

«داواکارییەکەت زۆر دروستە و لە جێگەی خۆشیدا کردت. جا سەربەستیی من و تۆ لەوەدایە کەوا بوێرین و سڵ نەکەین لە ڕۆچوونە ژوورەکەی خۆمان بۆ خڵتە و خاشاک دەرهاوێژتنی. سارا گیان ئێمە بەو دان پێدانانەدا، لەوانەیە تۆ چاک هەستت پێ نەکردبێت، بارتەقای دەراندنی وشەیەکی ورشەدار و، لەنجەیەکی لەش و، ڕەنگ و هێڵی سەرفراز جوان و قەشەنگ بێت کە تۆ لە لای من بیدرکێنی».

ئەز، خێرا و بەچوستی گوتمە ئارام:

«بەلاتەوە، ئەمەیشە هونەرە!!»



«وەکو گوتم هونەر جوانییە نەک دژوونی یان، جوانیی هونەرەکە لە بوێری و جورئەتدایە بۆ هەڵڕژتنی نوێ.»

نیشانەی حەپەسانی و سەرسامی بەبەر و ڕوخسارمەوە سەرنجی ئەوی ڕاکێشا بۆیە گوتیەوە:

«چۆن من کەڤاڵی دەرەکی دەکێشم، ئاوهاش تۆ تابلۆی ژوورەکیت بۆ من وێناند.»

لەوە پاش پەشۆکاویی بەڕوومەوە نەدیت کە پاڵپشتی بۆچوونەکەیم گرت بەوەی...

«لە قوولاییمدا کەسێکی دیکە دەدۆزمەوە کەوا، بەناسنامەی نوێوە، چێژم بەرەو خۆشەویستی ڕاستینە چەشە پێ دەکات.»

دەستم نایە سەر دڵم. چاوم بەئارامی نووقاند. تەبایی لەش و گیانمی داپۆشی. ئەگەر هەستەکانمان هەر بۆ نموونە، سێگۆشەیی بن لە دەرەوەی دونیای چوار گۆشەییدا. لە وانەی فیزیکدا فێری ئەمە بووم بەلام؛ لە ڕووبەری ژیانمدا، خۆشەویستی بەچوارەم گۆشەی ئەو هەستە سێگۆشەیییەم تێدەگەم. ئەدی خۆشەویستیی زەمەنی هەستپێکراو تۆکمە نییە لە ژیانی گوزەرانیماندا! بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی خاوی ڕابردوو، تووشی هەراسانیی و دڵە خورپە و، نا دروستیی جەستەییمان دەکات و بەهەردوو لایان، گیانی و بەدەنی، مرۆڤ بەرەو لێژی تەمەن و چاڵی مەرگ شۆڕ دەکەنەوە! دەبێ لەوەو پاش بەر لەوەی ڕابردووە تاڵەکەم گەمارۆم بدا و نیازی ناشتنمی هەبێت، من خۆزیارم، خلۆری بکەمەوە و، لاپەڕەیەکی سپی بۆ تۆماری داهاتووم هەڵدەمەوە لەگەڵ ئارامدا. بەڕاستی ئەو لە تەنگژەی خۆ خواردنەوە و جوین، لە ڕەشبینی و لادان پەلی گرتم و فێری هەنووکە ژیانی کردم بەدەر لەوەی هەبووە و دێتە ڕووم. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە، داوای لێ کردبم یان داوام لێ کردبێت بۆ گرێدانی ژیانی

ئاساییمان. بیرێکی لەم جۆرە هەتاکو ئێستاکانێ لە هۆشمدا نییە وەلێ؛ جیابوونەوەم لە (ساتو) و (هورا) بەئومێدی ژیانێکی ئێرە و ئێستایی بەهەشتاوی و زوو بەزوو ئەنجام دەدەم. بەمن چی ئەگەر هێلکە لە مریشک بێت یان مریشک لە هێلکە. ژیانم بەرگەی زۆر بیرکردنەوە و فەلسەفەکاری ناگرێ یان، بەمن چی ئەگەر ئەم گەردوونەمان چێوەدار یان بێ سەرحەد و بێ کۆتایە، کراوەیە یان داخراو؟ ڕادەکێشێت یان گرژ دەبێتەوە؟! گرنگ منی لە ئامێز گرتووە و... دەبێ ئێستاکەو هەر لێرەدا بژیم.

– تۆ دەزانی ئەگەر (کافکا) مرۆڤی کردە دەعجانە و سیسارک، (بروست) نقوومی زیندە خەونی فانتازی و شاعیرانەی کرد و، (جۆیس) ئەوا تووشی گێژەنەی تەوژمی خۆخواردنەوەی گیوەیی کرد کەچی؛ لە سەردەمی پەراوێز کردنی مرۆڤدا، تۆ و ئارام و من، ڕووبەڕووی سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ژیان دەبینەوە! بەخۆمانیش ئاژوەری خۆمانین!!

منی خوێنەر گوتم: ئەڵبەتە دوور زۆر دوور لە تەمومژ و شەکڵبازی کاکی گێڕەڕەوەی ڕاستگۆ.

داوای سەمام لە ئارام کرد. هەڵوەستەی کرد و داما، بەمەرجێک قایل بوو کەوا ڕێنمایی هەنگاوە لەرزۆکەکانی بکەم لە نابەڵەدی و، فێری ڕیتمە جۆراوجۆرەکانی دانسی ڕۆژاوایی بێت. لە لای خۆیەوەش بەڵێنی دامێ کە لە گردبوونەوەکانی خۆیاندا بانگهێشتم بکات و، دەستم بگرێ لە مەشقکردنی شاییە میللییەکانی خۆیان.

بەر لە زەردەی خۆرنشین، لە ژوورەکەیدا کەڤاڵی نوێی خستە بەر دیدەم. لە یەکەمیاندا: پێنج گای بەشێوەی ئەبستراکت بەڵام؛ بەڕەنگی ورشەداری ڕۆژهەڵاتی، گایەکانی یەک لە ناو یەکدا کێشابوون وەکو کوتاڵی میلمیل و هەریەکە و بەدوو ڕەنگی کۆنتراست. لە وەڵامی پرسیارێکمدا گوتی: گوزارشت لە زلهێز و ملهوڕی ، ماف زەوتکردن دەکەن. گوتمێ: هەروا بووە



و هەرواش دەبێت. گەورە بچکە هەڵدەلووشێت. لە کەڤاڵی دووەمدا: لە دوورەوە دیمەنی ساکاری سروشت بوو. ئەمەیان لە کەڤاڵی یەکەم گچکەتر بوو. سێ درەخت و، پەڵە هەورێکی سپی و باڵندەیەکی ڕەش دیاربوون. ئەز باڵندەکەم بەپەڕەسێلکە زانی وەلێ؛ لە نزیکەوە کەڤاڵەکە پێکهاتەی چل سەرێک بوو!! ژن و پیاو و منداڵ! ئارام ناوی «یەکەی بوون PANTHEISM»ی لێنابوو!! لە کەڤاڵی سێیەمدا: لە ناو پەڵەی ڕەنگاو ڕەنگی شەفاف و مۆسیقا ئامێزدا، وێنەی مرۆڤێکی خورافیم دیت! خەریکی ڕاوکردنی پەلەوەرێکی هەندەی قەوارەی خۆی بوو! ئەویش ئەفسانەیی بوو! لە کەڤاڵی چوارەمدا: پرۆفایلی PROFILE کاسەی سەری گەنجێکی کێشابوو، ئەوەی سەرنجمی ڕاکێشا، ئەمیش لە هەشت کیژی ڕووت پێکهاتبوو!! دیمانەی پرسیار ئامێزی لە چاومدا خوێندەوە، زۆر بەسەللاری گوتی:

«گەنجی ئەوتۆ هەن، خەو و خۆراک و خودەیان تەنیا و تەنیا سێکسە و هیچی ترا!»

پرسیم: ئەدی ئەو ڕاوکەرە سەیرە؟ پەنجەم بۆ کەڤاڵەکە درێژ کرد.

«لەوەدا، مێژینەی مرۆڤم نیشان داوە کە، لە پێناوی مانەوەیدا، ئامبازی گیانەوەری لە خۆی زەبەللاحتر دەبێتەوە و بەگژی نادیاردا دەچێت، بەم جۆرە سارا گیان، چەمکی هەبوونی خۆی دەچەسپێنێ.»

لەو گۆشەنیگایەی پشت ئەستوورم کرد و نێو چاوانیم ماچ کرد.

«وایە... وایە مرۆڤ چەندە زانیاری پەیدا بکات و دانا بێت و لە خولگەی خۆیدا چاوکراو و بەڵەد بێت، ئەوەندە هەستی بەواتا و چەمکی ئەو بوونەوەرییەی خۆی جێگیرتر دەبێت.»

نیگای لە نێوان لێوم و چاومدا هێنا و برد کە، ئەو دەمە تەڕ و پاراو و گەش بوون.

«لەوەش گرنگتر و کاریگەرتر ساراخان، مرۆڤە کە تۆ ئاسایی پێشتر ناخی بەوردی بپشکنێ و خۆی بەچاکی بناسێ.»

ئا... بەو بیرە فراوان و مرۆڤانە گەشەی پەلی گرتم، لە هەژاریی و کلۆڵیی چولگەی ونبوونەوە بەرەو تەبایی مێشک و دڵ پەرتەوازەی گیان و لەشمی سارێژکرد. بەر دیدەمی ڕۆشن کردەوە بەرەو دەست لە ملانێی ڕۆح و جەستە و گونجاندنیان. بەتایبەتی ڕۆژێک هانی دام کە، خۆم ڕاهێنم لە تێکەڵکردنی ڕەنگ و، خۆ بسازێنم لەگەڵ لەنجەولاری هێڵدا. پێشنیازەکەیم بەدڵەوە چوو چونکی کاتی بۆشاییمی تژی دەکرد. هەنگاو بەهەنگاو ڕێنمایی کردم. وام لێهات منیش بتوانم هزری خۆم دارێژمە سەر پەڕە سپییەکانەوە. بەو بۆنەیەوە قوتییەکی ئاویی نایابی لەگەڵ برێ پەڕە مووچی لە ژمارە یەکەوە بۆ شەش پێشکەش کردم.

– ڕووداوەکان، لە هەمان کاتدا و، لێرە و لەوێش جووتێ هێڵی تەریبن و دەکشێن!

– واتا: لە هەمان دەمدا بەڵام؛ لە شوێنی جودا جودا، وانییە گێڕەڕەوەی هورد بین؟

– چۆنە ئیشەکە دابەش کەین. من ئاماژە بۆ لایەکی بکەم و تۆش ئاماژە بۆ لایەکەی دیکەی بکەی، بەدڵتە؟

– ئا... دەبێتە گێڕەڕەوەی کۆڵانەکانی زێد و هەم ئێرە.

(ڕەحیماوا) و ئەم گوزەرەی نزیکی (یوڤانکاتو)وە.

– دەمخۆش دەق ئەوەم نیاز بوو. لێرەدا ئارام ئالاوەتە ڕەنگ و نیگار کێشان و سارای تازە هاوڕێی لە دیوەکەی ترەوە، هۆشی وابەستەی دایکێتی.

پاش ئەوەی لە (ساتو) دابڕام ، لە ئەپارتمانە نوێیەکەمدا جێگیر بووم،



مۆمی ڕەنگاوڕەنگ و دیکۆری نوێم دامەزراند بۆ دیداری ئارام. بانگهێشتم کردە خواردنی کێکی دەستکردی خۆم و پوڵلە و قاوەی «JUHLA» کێکەکەم بەگوێرەی ڕێنمایی گۆڤاری هەفتانەی «SEURA» سێورا، ئامادە کردبوو. بۆ ئەو دواش، لیترێ ئایسکرێمی سێ ڕەنگی و سێ تامی مۆز و پرتەقاڵ و مانیسکام (شاتو) لە بەستەنییەکەدا دانابوو.

ئەو شەوە دانسقەیەم هەرگیز لە لا کاڵ نابێتەوە کە پەپوولەی ماچی لەسەر گۆنای چەپمدا نیشتەوە. ئای... کە چەند هەستم ورووژا و، بوونی خۆم بەڕاستەقینە زانی. چەند سروشتی بوو لە پاڵ نێرینەیەکدا کە بیر لە پەلاماردان و دڕندەیی ناکاتەوە خۆم بەدی بکەم. دەستم لە ملی ئالاند وەکو لاولاو چون بەقەدی درەختێکی لە خۆی تۆکمەتر هەڵدەگژێ. ئاخر قەد و بالای ئەو هەل و دەرفەتی ڕسکان و هەڵکشانی بەرەو ڕووناکیی بۆ سازاندم. پێڵووەکانم داخستن و بەخۆم گوت: «دەبێ ئەمە دڵداری بێت وا ژیانمی وەکو گۆڕەوی ئەم دیو و ئەو دیو کردووە؟!»

– دایکی ئارام لە نامەکەیدا کە ئاراس ورد ورد نووسیبووی، ئامۆژگاریی کردبوو کە، کیژێکی کوردی دەکاتە هاوسەر.

– ئارامیش دڵی چۆتە ساراوە!

– بۆیە دوودڵ و کەمێکیش هەراسانە.

– لەوانەیە بەرەنگاری بێداری و وەسواس بێت.

ئەم وەرچەرخانەی ژیانم بەو کەسە دەچوێنم کە، لەبەر نەخۆشیی شەکرە و لە تاوی ئێش ئۆقرەی لێ هەڵگیرابێت و، لە ناکاو دەستێکی نادیار بەدەرزییەکی ئەنسولین هێوری بکات. سەرەڕای ئەوەش، ئارام ڕایگەیاندم کە، گوێ ئەم ئەستێرەیەمان پڕە لە ئازار، برسییێتی لە جەنگ، لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و توندڕەوی. لێوا و لێو تژیە لە نەخۆشی، لە نەزانی، لە گێرەشێوێنی و نالەباری و یەکتر سڕینەوە! ئەدی... چارە؟!

بەبیرکردنەوەی چەند جارەی هەردووکمان گەیشتینە ئەو ئاکامەی دەبێ هاوپشک بین لە کەمکردنەوەی ئێشی بیماران. تیکەڵاوی ئەوانگەل بین کە، دژە ناهەمواری و ئایدز و مادە سڕکەرەکان تێدەکۆشن و ڕێپێوان دەکەن. کەمتەرخەم نەبین لە هاوکاریی کەنەفت و نەدارایانی دیاردە ترسناکەکانی سروشت و هێرشی ڕەگەز پەرستان و تازە نازییەکان، ئەگەر بمانەوێ ڕۆحی مرۆڤایەتیمان دژوون نەبێت. زۆری دی هەیە بیکەین. پەردەپۆشی لە چەوساندنی ژنان نەکەین بەبیانووی ئاینگەری. بەربەستی کەسانێک بوەستین کە، زارۆکان دەخەنە ژێر باری قورسی کارکردن یان، بۆ بازرگانیی هۆمۆ سێکسییانە! ئەوەتانێ سنووری هەڵاویێردن و دابڕان دروست بووە لە نێوان ململانێی ڕەگەزی و ئاینیدا. لە نێوان زۆرانبازیی نەتەوە و مەزەبەکاندا. پرسیارێکم لە ئارام قووت کردەوە.

«دەشێ ژیاری و زانست بخرێتە ناو سیمبەند و قفڵ بدرێ؟»

«نا... هەرگیز نا. ئەگەر بە گریمانەی کەوا مرۆڤ لە نەهامەتی و ئێشەکانی ڕزگاری بووە. ئەگەر سروشتیش وازی لە ئاگر پژاندن، لە زەمین لەرزە و، لە لێشاوی تەفر و تووناکەر هێنا. سارا گیان ئەمەیشە مەحاڵە گیانەکەم. با بە باڵی مێشوولە هەڵنەفڕین با دابەزینە سەر ڕەقەنیی زەوی.»

هەراسانی و سەرسامی کێڵگەی ڕوومیان کێلا چونکە؛ ئارام بەحەپەساوەیی دەمی کردەوە منی پەشۆکا و لەو دیمەنانەی ئاماژەی بۆ کردن بە سنگفراوانی گوتی:

«سارای هێژا. بنۆڕە ئەو تۆپە پلاستیکە لووسەی گەمەی پشیلەکەت. پەنجە لەسەر هەر خاڵێکی ڕووە قۆقزەکەیدا دابنێ. ئەوجا بیبزوێنە بۆ کام جێ دەتەوێ، هیچ پەنجەت دەگاتە ڕێگەی بنبەست یان کۆتایی!؟»

بیرم چووە لای پشیلە قشتیلانەکەم «کات» کە ئەو بە«پشی پشی»



بانگی دەکات و، سەری «هەرگیز نا»م بۆ ڕاوەشاند. ئەو درێژەی پێ دا.

«ئاوهالانەشە ڕەوتی زانیاری و ژیاریمان. سارا دەزانی بەردەبازی پەڕینەوەمان بەرەو زانست و شارستانی چییە؟!»

سەرم بەتاڵ بوو لە مەڕ وەڵامدانەوەی ئەو جووتە پرسیارەی کە، یەک لە پاش یەک دەریپەڕاندن متەقم نەکرد. ڕاستییەکەی وەڵامی یەکلایی و مکوومم پێ نەبوو. ئەو گزارەی کێشایەوە.

«دەزانی کلیلی کردنەوەی ڕاستییەکان چییە؟ مێشکی خۆت مەهەژێنە. با من پێتی بڵێم، گومانە گومان.»

ئەوەی لەو چرکەیەدا سەرنجی ڕاکێشام، ئارام هیچ لە کام کەڤاڵەکانی خۆی هەڵنەواسیبوو. نەمپرسی (بۆ؟) لەبەر ئەوەی کردەنییەکی کەسێتیی خۆی بوو. تەنیا کەڤاڵێکی هەڵواسیبوو، ئەویش: (مۆنالیزا)ی بەجلوبەرگ و خشڵی لای خۆیان وێنە کێشابوو!! بۆ ئێوارەکەی چووینە باخچەی ئاژەڵان. لەتەک (پاندا) و مەیموونەکان وێنەمان گرت. ئەوجا لامان لە حەوزی دۆلفینەکان کردەوە. لەوێندەریش وێنەی تاک و جووتمان گرت. مارێکی ئەمازۆنیمان دیت سەری لە تلۆفکی درەختێکدا بوو، کلکی لە خوارەوە دەلەرزاندەوە!! چاوەکانی دەبریسکانەوە! زیندەوەرمان دیت کە لە شێوە و ڕەنگدا بەگەڵا و درەخت دەچوون! بەتایبەتی کە ڕەق ڕادەوەستان! باڵندەی واشمان دیت کە هەرگیز لە تەمەنماندا بەرچاومان نەکەوتبوو. شەو، چوومە لای ئەو. مەعکەڕۆنی بۆ لێنام. چاوم لێبوو پاکەتی مەعکەڕۆنیی کوڵاند و پاشان ئاوەچۆڕی کرد. لە ناو تاوەشدا چارەکە کیلۆیەک قیمەی گۆشتی گوێرەکەی بەپیاز و تۆزی سیر و خوێ و بیبەر سوورکردەوە. ئەوجا لە ناو مەنجەڵێکی درێژکۆلانەدا بە سێ هێلکەوە تێکەڵی کردن و لێگەڕا کەمێک یەک بگرن، پاشان دوو گڵاس شیری بەسەردا کرد و تاوەکەی ڕاوەشاند و نایە ناو فڕنەکەوە کە پێشتر لەسەر

سەت و حەفتا و پێنج پلەی گەرما دانابوو. هەتا خۆی گوتەنی وەکو دەنووکی کەو سووربێتەوە. لەوە پاش پەرژایە سەر زەڵاتە ئامادەکردن. لەو کارانەیدا نەیهێشت دەستەوایی بکەم. ئاوی هەناری پەیتی بەسەر کاهوو و تەماتە و بیبەرە زەرد و ئارووەکەدا کرد. منیش پێشنیازم کرد کەوچکێ زەیتوونی بەسەردا بکات.

شەوەکە هەتا درەنگانێک لە لای مامەوە و، تامەزرۆی کاری سێکسی بووم. ماچی لێویم کرد. بناگوێ و کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕان. دیاربوو ئەویش حەزی بەجووتبوون هەبوو. تێکئاڵاین و کەوتینە گەردشێکی ئەوتۆ کە ئەو یەکدوو جار خۆی بەڕاست و چەپدا ڕاتەکاند وەک ئەوەی لەرزی لێ هاتبێت و ئەوجا بەدوو سێ تەکانی گیانی بەگیانی خۆمان بەتاڵ کرد. لەم ئانەدا، ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی نزیکی حەوزی دۆلفینەکان بەبەر تۆڕی چاومدا بریسکانەوە، هەندێکیان میلی ورشەداری شینیان بە لا تەکەوە بوو، بڕێکی دی میلی ورشەداری سوور!! هەشبوو دیودەر بوو!! لەو شەوەوە بۆم یەکالا بوو کە، چێژ وەرگرتن بەدرێژکردنەوەی کاتەکەی نییە بەڵکو؛ هەست گۆڕینەوە و توانەوەیە لە ناو یەکدیدا. دۆخە دەروونییەکەش ڕۆڵی سیحرامێز دەگێڕێ. ئارەقەی زۆرمان کردبوو بۆیە بەجووتە چووینە ژێر دۆشەکە و، پشتی یەکترمان شۆری. هەمدیسان ئارەزوومان گەشایەوە هەر لەوێ بەپێوە بەڵام ئەمجارە بەدرێژخایەنی، ڕانێکم خستە لای کەمەری و ئەویش شتە بتەو و توندەکەی چووە شوێنی مەبەست و لە ناکاو پڕی پیاکرد و لە ناوەندی خۆی توندی کردم. منیش خۆم بۆ ئەو بارە گونجاند و بەهەردوو دەستم شان و ملیم گرت. ئەویش کە ئەو خۆئامادەییەی دیتم، لەسەرخۆ دانەوی و پشتمی نووساند پلاستیکی خۆ شۆرگەکەوە کەوتە هەژان و بەجۆرێک داگیری کردم کە، هەناسەی لێ بڕیم!! ئەوەم بەتەمەنم نەدیبوو!! لەو شەوەوە بۆم دەرکەوت کە گەنجێکی کەم ئەزموون و شەرمنۆکە، بۆیە بە «ساتو»ی گوتبوو حەزی بەدیتنی من و ئەوی هەیە لە



دۆخی سێکسییانەی «69»دا!! ئەوجا بەڕاستی بووبێت یان گەمە وەلێ؛ دەبێ لە پرۆسەی جووتبووندا ڕێنمایی بکەم. شەممەی داهاتوو، بیرەی «کارهو» و ساردەمەنی و مێوەی بۆ ئامادە دەکەم. وانەی یەکەمی نمایشمان دەست پێ دەکات. ئەو شەوە ناهێڵم بگەڕێتەوە ئەپارتمانەکەی و «69»یەکی نێر و مێیانەی پوختە دەنوێنین. عەیبەکەی ئارام لەوەدایە کە زوو دەگاتە پۆپی هاوێژتن و خۆی بۆ ناگیرێ، ئەوسا دەبێ بەخێرایی خۆمی لەگەڵدا بگەیەنمە ترۆپکی چێژەکە. لەوانەیە لە ئاکامی مەتبوونی درێژخایەنی بێت لە تەک پەروەردە توندەکەی ڕۆژهەڵاتییان. لەوە پاش بووینە هۆگری یەکتری.

– ئەرێ لە چەقی دوو ڕێیانی هەڵبژاردندا، توانای ڕاگرتنی دوودڵی دەبێت!؟

– ئا... دڵی خۆی و، دڵی دایکی... بڕواناکەم کاکی خوێنەر.

– کەوا بوو، زۆر بەگرانی لەسەری دەوەستێ.

– دەی با دان بەخۆماندا بگرین و بزانین چۆن دەکەوێتەوە.

– هەڵبەتە چەندین جووتە هێڵی تەریبی ڕووداو، لە هەمان کاتدا دەکشێن!

– وەکو؟!

– وەکو دوو هێڵی تەریبی نێوان سارا و ساتو بەنموونە.

کەڤاڵەکانی دیکەی لەسەر کارتۆنی ڕەش چەسپ کردوون و، لەژێر مێزی تەلەفزیۆنەکەیدا لەسەر یەکدی دانابوون و،تەختە و پارچە بەردێکی گرانێتی قورسی لەسەر دانابوون بۆ ئەوەی دەق بگرن و نەژاکێن. لەتەک تەلەفزیۆنەکەدا، دوو نموونەی بچووککراوی پەیکەری (داڤید) و (ڤینوس)ی دانابوون. یەکەمیان لە توێژی تەنکی برۆنزی گیرا بوو، ئەوی

دی لە ماددەیەک داڕێژرابوو کە، ڕووالەتی مەڕمەڕی دەبەخشییە بینەر، ئارام گوتی کە هەردووکیانی بە سی یۆرۆ لە بازاڕە دووەمین دەستەکەی یومتۆڕی «JUMTORI» کڕیبوو. دوومەتریی لێ بوو. ڕووناکیی باشی دەدایێ و دەیڕوانییە پانتایی چیمەن و یاریگەی زارۆکان.

هەر لەوێ وەکو بۆی گێڕامەوە (ساتو) و هورای سەگی ناسیبوون. لەو ئاقارەدا پەرتووکخانەی گەڕەک، کۆڕەپانی داخراوی ئایسهۆکی، دوو بازاڕی سپار «SPAR» و ڤالینتەتالۆ «VALINTATALO»، پۆستخانە و لقی بانقی «NORDEA» و دەرمانخانەی لێ بوون. لە دامێنی گردەکەشدا خوێندنگەی دە پۆلی تێکەڵاو و، لە هەورازەکەشدا «CLINIC» «بیمارگە» لێ بوون. لەو مەڵبەندەدا دوو گۆل هەبوون، یەکە گەورەکەیان ڕۆخی مەلەوانیی هەبوو، ئەوی دی بۆ سەیرانگە، تەختی لێ دانرابوون بۆ تەماشاکردنی مراوییە کێوییەکان و نەورەس و باڵندەی جۆراوجۆر. ئەوانەی مەلەشیان نەکردایە ئەوا لەو سێ مانگەی هاویندا، لەشیان بۆ خۆرەتاوەکە هەڵدەخست. کەرەڤانی ساندویچ و ئایسکریم و قاوەی لێ بوو. لەوێدا پێکەوە نەستەلە و قاوەی بە شیرمان داوا دەکرد. ئەپارتمانەکەی ئارام لەوێوە کیلۆمەترێک دوور بوو، ئەوەکەی من پتر، وەکی دیکە، ئەپارتمانەکەی من لە ستی مارکت «CITYMARKET» نزیک بوو. بەسواری پاسکیل دەچووینە ئەو شوێنانە. شەوانەش هەتا شەنگ و بڕستمان لێ دەبڕا یەکترمان دەگەوزاندەوە.

– بەلای منەوە لێکترازانی ساتو و سارا، دژە تەریب بوونیان بوو.

– ئافەرین خوێنەری بەشداری بە ئەمەک. لە من وردبینتر بۆی چوویت! ئەوە بۆیە مەیانەیان پتر و پتر ترازا و فراوانتر و گوشادتر بووەوە.

– بەپێچەوانەش نێوانی سارا و ئارام نزیک و نزیکتر دەبێتەوە.

– مایەوە شتێکی دیکەی جیاواز. با لە دڵمدا پەنگ نەخواتەوە



ئەویش: بەشداریی ئێمەیە لە ڕووداوی ناو ئەم تێکستەدا، بەپاساوی نوێژەنکردنەوەی گێڕانەوە و، چەندین زاراوەی وەکو نۆڤلێتی نوێ و ئەزموونگەری، نۆڤلێتی ئایندە و میتا ڕۆمان و چی و... چی دێنە کایەوە.

– ئێ...

– لەگەڵ پەیدابوونی ئەو نوێکاری و ڕێبازانەدا و، پاش چەند ساڵێکی تر، هەست بەکۆنی و بەسەر چوونیان دەکەین چونکە؛ ڕۆژگار و تەوژمی گۆڕانکاری ئەوە دەخوازێ...

– ئێستا چاک لە مەبەستت حاڵی بووم. براله ئەو یاسای گۆڕڕانە. وابووە و هەرواش دەبێت «ئیل بەگی جاف» واتەنی. جا... لەمەش خەم بخۆین!! نوێی ئەمڕۆ کۆنی داهاتووە...

– نەخێر بەڵام؛ خەمی ئافریدەکارەکەمانە.

من وا هەست دەکەم، مرۆڤ تەنیا لەم خاکە سارد و سڕەی ئێمەدا، جووت پەنجەرە و جووت دەرگاکانی توند توند دادەخرێن وەکو ئەوەیە، لە تابووتی لەشی خۆیدا بەند کرابێت یان، تەنیاییەکە لەشی کردبێتە تابووتی خۆی. هەمان شتە. تەنیا لە ڕووی سەرەوە دەرکەی هەیە و، پاشان بزمار ڕێژ دەکرێت! چوار لا و ژێرەوەی پێشتر مکووم داکوتراون. ئارامیش بەهەمان شێوە ژوورە تەنگە تاک پەنجەرە ئاسنبەندی زیندانییەکەی کردۆتە تابووت!! ئەوەی هۆردووکمان لێک دەچوێنێ ئەوەیە کە ئەوتانێ من زیندووی لەش و خوێنم. ئەو زیندووی ڕەنگ و هێڵە. من لە ژیاندام ، ئەو لە کەڤاڵدایە. جارێک لێم پرسی.

«تۆ، منداڵدانی دایک بە جۆرە بەندیخانە و تابووتێک نابینی؟!»

بەخاکەڕایی و ڕوو بەخەندە، بەرپەرچمی دایەوە.

«نا... هەرگیز ئاوهای نابینم ساراخان. ئێمەمانان لەو پزدانەوە بەرەو

ڕووناکی و هامێزی ژیان دەردەپەڕین کەچی لە تابووتدا بەرەو ژێر و نەمان دەچین. تێبینی بکە: ڕووناکی – تاریکی – ژیان – مەرگ – دەر – ژوور – سەر – ژێر!

پرسیمەوە «ئەدی بەندییەکەت؟!»

هەڵوەستەی کرد و، بەزەردەخەنەوە وەڵامی پرسیارە ناکاوییەکەی دامەوە.

«نە ئەویانە و نەئەمیانە. تێمەدەگەی لە نێوان ژیان و مەرگدا وەستێندراوە»

گوتمەوە: «تۆش دەکاری بەڕەنگ و هێڵ سەرفراز یان، نەمر و جاویدی بکەی!!»

ڕووی کراوەتر و هێمادارتر نواندی کە ڕووی دەمی لێنامەوە

«لە داب و نەریتی ئێمەدا وەکی کن ئێوە نییە، لە بریی تابووتی دارین، تەرمەکە بەخامی سپی و بلوورییەوە دەنێژین. ڕاستە لە تابووتی سەر بەتاکدا دەبیەنە گۆڕستان بەڵام؛ لە تابووتەکە دەری دەهێنن و یەکڕاست بۆ چاڵی ئامادەکراو. سارا، ئەوسا بەتاوێری تەنک و پان، مردووەکە لە ژیان و ڕووناکیی سەر زەمینیی دادەبڕن.»

توێژی حەپەسانی بەدیمانەمەوە تێبینی کرد و درێژەی پێ دا.

«بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ تێکەڵی خاک و خۆڵ بێت.»

من خێرا دیمەنە پەیڤگۆیەکەیم هێنایە بەر نیگام و پرسیم.

«کەواتا، بۆ ئەو تەختە تاوێرانەی لەسەر دادەنێن ئەگەر مەبەست لە ئاوێتە بوونی زەوی بێت!؟»

بە گەشکەییەوە لە چاومی نواڕی و دەمی کردەوە.

«ئافەرین. پرسیارەکەت لۆجیکانەیە. سارا گیان. بۆ ئەوەی مار و خشۆکی وەکو بزمژەکی نەگاتێ، هەر بۆیەش، کەلەبەرەکان بەوردە بەرد



دەگرن و جوان سواخی دەدەن و، خاک و خۆڵی بانەوەشی بەپێلەقە دەکوتنەوە.»

وەستا بۆ پشوو ساندنێکی کاتی و لەسەری ڕۆیشت.

«تابووتە دارینە بزمار ڕێژەکەی ئێوە بەربەستی ئەو تێکەڵاو بوونەی سروشتە دەوەستێ. مەگەر تەرمەکە زۆر درەنگ پاش ڕزینی تەختەکان ئەوەی بۆ بلوێ، ئەوساکەش تەنیا ئێسکی پەرتەوازە و چەرمی چەقە!!»

پرسیمەوە: «بۆ؟!»

گوتییەوە: «چونکە لە گڵێن و دەچینەوە باوەشی گڵ. لە ئینجیلەکەی ئێوەش وا دەفەرمێ»

ئەوجا من هەڵوەستەم کرد و بەڕوویەکی کەچڵاو گوتم:

«دەوروبەرمان گشت بەتابووت و گۆڕ چندراوە!! تۆ ورد بەرەوە، ئەپارتمانەکەمان گۆڕگەلی هەڵچنراوی یەک لەسەر یەکن! شەمەندەفەر گۆڕی زنجیرەییە! فڕۆکە گۆڕی باڵدار و ماشێن گۆڕی خشۆکە!!»

ئەو، دەمی ئامۆژگاریی کردەوە.

«یەکجارەکی وا ڕەشبین مەبە. سارا گیان واز لەم گرژییەت بێنە.»

دەستێکی لە گەردنم ئاڵاند و بەدەستەکەی دی سەرمی ڕاوەشاند و پرچە ئاڵاکەمی ماچ کرد.

جیابوونەوەم لە (ساتو)، ئەو بیری تابووتەی لە هۆشمدا پەستاندبوو کەچی؛ دەستی ئارام، تەختەی تابووتی جومجومەی سەرمی لابرد و پەلی ڕاکێشامە «ناو چەقی ژیان» خۆی واتەنی.

– بەڵێ... دەقی ئەمڕۆمان سنووری چێژمەندی و کات بەسەربردنی تێپەڕاندووە بەرەو ڕەهەندەکانی فەلسەفە و دڵسۆزی بۆ ئیستاتیکا و...

– ئەڵبەتە دوور لە داڕشتەی زەقی ئایدیای وشک و برینگ.

– ئەوە نییە خۆمان لەو گەمەسازییە جوانە تێگلاندووە کاکی خوێنەر خـۆڕاگـری بە پشـوو. ئەوە نیـیـە بووینەتە گـەوی پەیوەندیی مـرۆڤ و واقیعەکەی.

– یان بووینە بە گرێدەری هەست و نەستیـان کاکی گێڕەڕەوەی لە بەندە خۆڕاگرتر و بەحەوسەڵەتر!!

– هەر ئەوەنـدە و بەس! بلـێ تـۆ و مـن بـووینـە بـە داوە ئاوریشـــــمی گرێبەستی دڵێکی تژیی غـوربەت و... دڵێکی تژیی تەنیـایی. ئا... نامـۆیی ئارام و... لانەوازیی سارای بێکەس.

لەگـەڵ ئارامـدا، باسـمان دەهاتـە سـەر هەژان و یاخیـبـوون لە تابۆکـان و دیاردە دژوونەکــانی نـاو کــۆمــەڵگەی هەردوو لامــان. بە ســەرفــرازی بنهەستەکانمان دەردەهاوێژت و، دەمانکردە ڕاڤەکەری ژیانی داهاتوومان.

– لە بیـرتـە کـە، ئامـاژەت بۆ کـەسـێـتی سـەرەکی کـرد و، ناوی شـەشت هێنان کاکی گێڕەڕەوە.

– بەڵێ... تۆش ناوی سێ کەسێتیی لاوەکیت برد و وەستای...

– دەمخۆش. سێ کەسێتییە لاوەکییەکان ئەمانەن:

نانئنا، یوهان و گای فرسک...

– بـاش گــوێم لێ بگرە بـرای خــوێنەر. تۆ دەزانی ئەفــراندنی ئەدەبی جووتیارییە لە کێڵگەی زماندا بە گاسنی وشە!!

– کـەواتا، ئەفـراندن لە ڕەسـمـکردندا جووتـکردنە لە کـێڵگەی کەڤـاڵدا بەجووتگاسنی ڕەنگ و هێڵ.

# پاری نۆیەم

سارا حەزی کرد لە کاتی ڕەسمکردندا سەرنجی دەست و پەنجەم بدا و، ناو بەناویش دەمەتەقێ بکەین. وام لە مێشکمدا نەخشە ڕێژ کردبوو، وێنەی پەپوولەیەکی ڕەنگین بکێشم کە خەریکە لە گڕی مۆمێکدا باڵ و ئەندامانی لەشی هەڵدەقرچێن. لەو لایشەوە دەیان پەپوولە کز و مات و مەلوول چوون لە پرسەدا بن، کلۆڵ و داماوانە دەنۆڕن. تەنیا پەپوولەیەکی گەورەی سەرگوڵێک ئاماژە بۆ ئەو پەپوولە خۆبەخش و گیانبازە دەکات وەکو بڵێ ئافەرین ئەمەیە عەشقی ڕاستینە سارا، سەنگینانە و بەدەنگی زوڵاڵ دەمی پرسیاری کردەوە.



– دەتوانم بپرسم ئەم کەڤاڵەی بەر دەستت ئارام، هێمای چی دەگەیەنێ؟!

پەڕە مووچەکەی دەستم لەو چرکەیەدا ڕەنگی ئاگرینی پێوە بوو. لە ناو بادەی ئاوەکەدا شۆریم و، ئاوەکە پەمەیی کاڵی وەرگرت. جارێکی دی لە بادەی دووەمدا شۆردمەوە ئاوەکەی کاڵتر بوو لە بادەی پێشوو. وا ڕاهاتبووم کە پەڕە مووچەکان سێ جار خاوێن بکەمەوە. ئەمجارە وام نەکرد و پەرژامە وەڵامدانەوەی سارا.

– پرسیت چ هێمایەک دەبەخشێ! دەبوایە بەر لەوە بتپرسیبایە، بیرۆکەی ئەم کەڤاڵەم لەکێوە خواستووە؟ هەقتە نەزانی چونکە؛ لە کەسێکەوە وەرمگرتووە کە لە وڵاتی ئەنگۆ، کەموتەرا دەیناسن.

پێشەکی ناوەکەیم پێگوت کە «فەریدەدینی عەتتار»ی سۆفییە. ئەو زاتە لە نووسراوێکی فەلسەفییدا تۆماری کردووە: شەوێ لە شەوان پەپوولەکان ئێجگار زۆر مەراقی بڵێسەی ئاگر دەیانگرێ بۆیە. بەگشتی بڕیار دەدەن کە یەکێکیان خۆی بەخت بکات و هەواڵی ڕاستەقینەیان بۆ بهێنێ. یەک لەو پەپوولانە بەرەو کۆشکی دوور هەڵدەفڕێ. لە پێچ و پەنای کۆشکەکەدا ڕووناکیی مۆمێک بەدی دەکات. بەکەیفخۆشی دەگەڕێتەوە کن هەڤاڵەکانی و، ئەوجا دەکەوێتە سەر بەرسڤەکردنی ئەوەی دیویەتی. پەپوولەی هەڵنیشتووی بان گوڵەکە کە خۆی بەڕابەر و دونیا دیدەیان دەزانی، بەوەڕسی دەمی لێنا «تۆ لە حەژبەت و گەشکەبیت لەو ڕووناکییە هەرگیز مۆمەکەت نەدیوە!». پەپوولەیەکی دووەم بەرەو ژیوەری ڕووناکییەکە هەڵدەفڕێ. بەسووڕگەی مۆمەکەدا چەند خولێک دەدات و، مۆمی تواوە چمکی باڵێکی هەڵدەکرووزێنێ. بە پەلەپرووزێ دەگەڕێتەوە و، باس لەو نهێنییەی تێکەڵبوونەی دەکا لەگەڵ مۆمەکەدا.

پەپوولەی ڕابەر و سەرکاریان پێی دەڵێ: «تۆش بەڵگەیەکی قایلکەرت

نییـه وەکو پەپوولەی دەسـتـه خـوشکی پێـشـووت!» پەپوولەی سـێـیـەم بەمەستی و خۆشنودییەوە بەرز دەبێتـەوە و، لە چەقی درەوشاوەی ئاگری مۆمەکەدا، بەئەڤینەوە باوەش لە مۆمەکە دەدا. سەرتاپێی دەسووتێ و ، لە ناو گڕەکەدا بەفەنا دەچێ، ئەو دەمە ئاگرەکە لە هامێزی میهرەبانی خۆی دەیگرێ و، ڕەنگی بۆ تاوێک سوور سوور هەڵدەگەڕێنێ. ڕابەری دانای پەپوولان دیارە بەچاوی ناخی ئەو ئەزموونە دەبینێ کە، مۆمەکە چیی بەسەر پەپوولەکەدا هێنا و، چۆن ڕەنگی ئاڵشت کرد!! ڕووی دەمی دەکاتە پەپوولە خەم لێنیشتووەکان.

«ئاوها گەیشتە مەبەستی بنەڕەتی. ئەو کەسەی شت دەزانێ هەر ئەویش هەواڵی ئەزموونی پێیە و هیچی تر.»

چاوێکی گڕدا بەو گوزەرەدا و دەمی کردەوە.

«ئەوەیشی نەشوێنەواری هەیە و نەهەواڵ، ئەو لە گشتمان پتر هەواڵی لە لایە!!»

سارام ڕاگەیاند ئەوە حکایەتێکی سیمبولانەیە هانی هونەرکار دەدا کە ڕۆچێتە ناخی شتەکانەوە. سەرنجی بۆ بدا و لە پێناویدا بسووتێت. مەبەستم نەبوو ناوی «مەنتقولتەیر»ی لە لا بلێم نەبادا بپرسێ «ئەی کوا تەیر!؟ تۆ حەکایەتی پەپوولانت بۆ کردم!!» منیش ناچاربم کە، کورتەیەکی گەشتی باڵندانی بۆ بکەم بەرەو بارەگا و دەرباری «سیمرخ»ی مەزن. ئەویش دووبارە لەو سیمرخە پرسیارم ئاڕاستە بکاتەوە، ئەو دەمە ملی پێوەنێم و بێژم: ئێمە گشتمان سیمرخین یان، بەهەشت و دۆزەخمان لە ژوورەوەی خۆماندا هەڵگرتووە. بەسارام گوت کە، سبەینێ لە ڕۆخی زەریای بەلتیکدا پەیوەندیم لەگەڵ «پێککا»دا هەیە. بۆی هەیە بەشداریمان بکات. من لەوێ، لە قاوەخانەیەکدا، بڕێ سکێچی دیمەنی کەشتی و بەلەمەکان دەکێشم بۆ ڕەنگدانەوەی هێڵ و ڕەنگەکان لە ئاوەکەدا.



«پێککا»ش نیازی بەهرە وەرگرتنی هەیە بۆ نمایشی داهاتووی. قایل بووو لە تەکماندا بێت. ئەو شوێن و گۆشەیەی پێککا هەڵیبژارد، دیمەنی دڵگیری لێوە دیار بوو، بەلەمی ڕەنگاوڕەنگ، کەشتیی هەرە گەورە و بار هەڵگر، لەنگەرەکانیان بەکۆڵەگەی ئاسنینی کەنارەکەوە جێگیر کرابوون. هامشۆکەران بەشۆستەکەدا مێروولانە تەراتێنییان دەکرد. ڕۆژەکە بووژێنەر بوو. زۆرینەی زارۆک و ژن و پیاوان بەشۆرتی کورتەوە دەخولانەوە، کوڕ و کچێک لە پاڵ دار تەلی ئەلیکترێکدا، بەنۆرە مژیان لە جگەرەیەک دەدا و، فوویان بەدۆکەڵەکەوە دەنا بەرەو ئاسمانە بێگەردەکە. سارا هەردوو پێی ڕاکێشا بوون. شۆرتەکەی هەتاکو ناوەندی ڕانە خرپنەکانی هەڵکشابوو. دیاربوو دەیکاری زۆرترین ڕووبەری لەشی تیشکی ڕۆژەکە هەڵمژێ. «پێککا» پشتی لە ڕۆژەکە و ڕووی لە من دانیشتبوو. کەسانی شێوە و ڕەنگ جودا جودا بەوێدا گوزەریان دەکرد دەمی لێنام.

– ڕاستە ئەو بەجیهانیکردنە «GLOBALIZATION» دونیای کردۆتە گوندێک وەکو دەڵێن!

منیش پێمگوت: لەگەڵ سوودیدا، پێککا دیاردەی گەند و خراپیش پەخش دەکاتەوە. تۆ دە بڕوانە ئەو جووتەی کە، جگەرەی هۆش سڕکەر دەکێشن. خۆ لە سێکس لادەر و شاز هەر مەپرسە.

ئەو هاتە وەڵام.

– ئەوانە پێشتریش هەبوون.

گوتمەوە: نە بەم بەربڵاوییە! لە دەیان کەناڵی ئاسمانیی سێکسی جۆراوجۆر هەراج دەکرێ!!

کەمۆکەیەک ڕاما و ئەوجا دەمی بەش کرد.

– ئارام، سەرەڕای ئەوانەش بەڵام...

گورج داوی پەیڤەکانیم بڕی.

– بەڵام؛ لایەنی نێگەتیڤی زۆرە.

ئەو گوتی: بێ گومان کولتوور دیاردەیەکی پۆزەتیڤی لە دروستکردن و پەروەردەکردنی مرۆڤدا هەیە. نەوە لەپاش نەوە. ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، داب و نەریتەکان، داهێنانی لایەنەکانی مەعریفی و هونەری و ئەدەبی، ئەمانە گشت بەهۆی ئەم جیهانیکردنەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن لەگەڵ کولتوورە هاودەمەکانیاندا.

دەرفەتم لە پێککا ساند.

– هەمووی دە دوازدە ساڵێکە ئەو زاراوە نوێیە لە دایک بووە. ئەوەت لەبیر نەچێت کە، ئەم بەجیهانیکردنەی کە داکۆکی لێ دەکەی زۆر لایەنی نێگەتیڤی بەسەر ئەو گەلە بچووکانەوە دەبێت ئەگەر زوو فریای خۆیان نەکەون.

ئەو گوتی: خۆ ڕاستە گۆبالیزەیشن دیاردەی سەرمایەداری و، دەرهاوێژی کۆمەڵگەی ئیستیهلاکی ڕۆژاوایە، بەتایبەتیش «U.S.A» لەپاش دارِمانی بلۆکی سۆڤێت و، دەستگرتنی بەسەر بازاڕاندا.

هەلم لێ قۆزتەوە و، پێم لەسەر دیاردە نیگەتیڤەکانی داگرت.

– پێککا... گوێ بگرە. ئەم بەجیهانیکردنەی کە باسی لێوە دەکەیت، ڕوویەکی شێوێندراوی «جیهانیبوونە» نەک بەجیهانیکردن، دیارە زۆربان جیاوازە. تێمدەگەی.

ئەو هەندێ بەلای هزری مندا شکاندییەوە.

– ئارام گیان، لەگەڵتام کە پاشماوەی کۆلۆنیالەکەی کۆنە بەشێوەیەکی نوێ.

– کەواتا لە جەوهەردا کولتووری ئیمپریالیزمی ڕۆژاوایە، نەک



شارستانێتی و ژیارییەکەی سەر و بەندی بووژانەوە و ڕاپەڕین. «RENISSANCE».

سارا بەدەستێ سێبەری لە چاوی کردبوو. لایبرد و هاوبەشیمانی کرد.

– ئەو بەجیهانیکردنە چۆن دەگاتە هۆشی تاک و کۆمەڵ ئەگەر بەرەزامەندی و ئاڵوگۆڕ نەهێندرێتە ئاراوە!!

هیچ کارێک بەسەپاندن و داگیرکردن مەیسەر نابێت. من، تای ئارام دەگرم.

ئەز، ڕووی دەوم لە هەردووکیان بوو گوتم:

– ناسنامەی گەلان لەسەر بناغەی شارستانی و ژیاری دامەزراوە بۆیە، بەسانایی جێ لەق ناکرێت.

دووبارە ساراش هاوتام بوو.

– ئەڵبەتە بەلاسایی کوێرانەش ئەنجام نادرێت چونکە؛ لەو خۆ سەپاندن و زۆرە ملێیەدا وەڕس و بێزار دەبن و دەگەڕێنەوە ڕەسەنایەتیی کولتووری مێژینەی خۆیان.

نۆرە هاتە سەر پێککا و، چاوی لەدوڕ چاوی من بڕی و تەنگەتیلانە گوتی:

– بەڵام... ڕۆژاواییەکان تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر و... ئینتەرنێتیان بۆ ڕەخساندوون.

منیش وەکو خۆی نیگام لە نیگای گرت و بەهێمنی گوتمێ:

– وەرگرتنی تەکنۆلۆژیا هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە، ئیتر ببڕای ببڕای ملکەچتان بێن چونکو؛ میراتی مرۆڤایەتییە نەک هی کەسانێک بەزۆرەکی دەکارن جڵەوی ئێمەیان بەدەستەوە بێت و، بەویست و ئارەزووی خۆیان ڕاییبووەشێنن کاک پێککا!!

پێککا، چاوی داگرت و ئاوڕی لە پشتی خۆی دایەوە. ساراش ڕووی پێ وەرچەرخاند بەوەی...

– گوێ بگرە پێککا، ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتی، باکووری و باشووری، هەموومان بەشمان لەو تەکنۆلۆژیایەدا هەیە بەبێ دانانی هیچ مەرج و سانسۆرێک.

ئافەرینم لە سارا کرد و ئەمجا بەتوندی گوتم:

– لە هەر شوێنێکدا بشێ جەنگی دەروونی بکرێت، ئەوە لە گۆڕەپانی کولتوور و ژیاریدا ناجۆر و نەشیاوەیە. ناشبێ ئەمریکا خۆی بکاتە پۆلیسی هاتوچۆی ئەم گێتییەمان، تۆ دەڵێی چی؟

پێککا، وەکو ئاوی سارد بەسەر و گوێلاکیدا کرابێت ڕاچڵەکی. چاوی ترووکاند و بەژێر لێوەوە وشەکانی دەهاوێژت.

– ئم... بۆتانی ئیمزا دەکەم کە هەرگیز نابێت کولتوورەکان لە ڕەوتی مێژوویی خۆیان هەلاوێردرێن بەڵکو؛ وا پەسندە لە لام کە، لە چەقێکدا «CENTER» کۆیان بکەینەوە.

سارا، گورج و بەلەز ئامبازی بوو.

– چۆن؟!

ئەز، لەجیاتی پێککا وەلامی ئامادەم پێبوو.

– لە جیاتی ئەو چەقەی ئاماژەت بۆ کرد کەوا بەدیدی من گرمۆڵە کردن دەگەیەنێ، ئەی بۆچی دیالۆک و گفتوگۆ نەخەینە ئارای ئەو کولتوورانەوە کە، واتای شکۆیی و ڕێز گرتنە لەو جوداوازییانەی نێوانیان...

پێککا ویستی جۆرە بەرهەڵستییەک بنوێنێ.

– بەلام؛ لایەنەکان و کولتوورەکانیان وەکو یەک و هاوسەنگ نین چ لە قەوارە و چ لە چۆنیەتییاندا!!



ئەز، دوا گورزی خۆم وەشاند و ئاراستەی ناخی پێککام کرد.

– گوێت چاک ڕاتەکێنە لە هەڤاڵی خۆت. لە نێوان گەلان و لە نێوان کولتوورەکاندا برا گەورە و برا گچکە یان بالا و نزمی نییە. با هەموو بەرەو دوند و ڕووگەی مرۆڤایەتیمان هەڵبکشێین.

پێککا، لە ڕوخسارییەوە دیتم کە ئیتر ناکاری سەرگەرمی شەنوکەوکردنی بێت دیارە بەبۆچوونەکانی سارا و من قایل بوو. دەستم بۆ درێژ کرد و دەستیم ڕاوەشاند. ساراش بەچاوی ئەشکەوە دەستێکی لەسەر دەستمان دانا و، سەرمان لە یەکدی نزیک کردەوە چوون ئەو کچ و کوڕەی لە ناو بەلەمێکدا باوەشیان لە یەکتری توند کردبوو، هەندەی نەخایاند، هەریەکەمان لە شوێنی خۆی لاقەکانی ڕاکشاند و پێڵووی داخست. زوو بەزوو وەکو ئەوەی خۆی لێم مەلاس دابێت خەو دزەی کردە چاوانمەوە. هێدی هێدی لەشم چوون پەڵەیەکی ڕووناک کە سێبەری ناکاویی دەگاتێ و دایدەپۆشێ ئاوها ئاگام لەخۆم بڕڕا.

هەرچەندە لەو یەگرتنەماندا بەکردارەکی یەک سکێچم کێشا وەلێ؛ بەباشی سەرنجم خێواندە گشت جێگەیەکی بەلەم و کەشتییەکان، قەوارەیان، ڕەنگیان، جۆری ماتۆڕ و سەوڵەکانیان. دیارە پێککا ئەو دیدەنییەمانی بەهەند وەرگرتبوو بۆیە لە گەڕانەوەماندا ناو بەناو دەستی دەهاوێژتە ملمەوە یان، سارا و منی لە ئامێز دەگرت. دڵنیام کە بۆ تەکنیکی کاری پیشانگەی داهاتووی کەڵکی وەرگرتبێت. مایەوە بڵێم، لەوێدا بۆ من و سارا پیزەی «تونیکەلا»ی بەکوارگ و سیرم داواکرد، پێککا زۆرخۆر بوو، پیزەیەکی گەورەی تێکەڵی گۆشتی بەراز و سەلامی و ئاناناسی داواکرد. هەر یەکەمان پارەی خۆی دا. سارا نەبێت کە من خۆم لێ بووە کەڵەمێرد و وێرکەرە ڕۆژهەلاتییەکەی جاران و نەمهێشت پارە لە جزدانەکەی دەرکات. ئەو، ئەوەی بەلاوە ئاسایی نەبوو. چاوی گلە و گازندەی تێ سرەواندم. بیرم کەوتەوە کە بەخشندەیی ناپێویست و لە

جێگەی وادا، بەپێچەوانە دەکەوێتەوە لەکن ئەوان. کەسەکە بەتانووت و سووکیی دەزانێ چونکە؛ تەنیا لە سۆزانی پارە خەرج دەکرێ بۆیە، خێرا پێمگوت: ئەمجارەیان من دەیدەم و جاری داهاتوو سارا گیان، تۆ پارەی خۆراکمان بدە... باشە، یەکەم لەسەر بانگهێشتی من هاتووی و دووەم پارەی وردەم هەیە.

دیاربوو بەو پێشنیازەم لووتی نەخوسا و دەمی لێنام.

– کەواتا، پێککاش تۆی بانگهێشت کردبوو دەبوایە ئەو پارەکەتی بدابایە!!

هەر زوو بۆ وەڵامێکی بەجێ و پەسند گەڕام و، گورج دۆزیمەوە.

– ئەو جیا و ئێمە جیا.

– چۆن!!

– من تۆم خۆشدەوێ نەک ئەو. ها، ها، ها. مەگەر ئەوسا پێککا و من دەبووینە «HOMOSEXUAL»ی دیوەکەی دیکەی تۆ و ساتو.

هەروەها بۆ ئەوەی بیری سارا بۆ ئاڕاستەیەکی دیکە ڕابکێشم، بەدەم ڕێکردنەوە پێم گوت:

– گیانەکەم، ئەوسای تۆ ئاماژەت بۆ تابووت و گۆڕە هەمە چەشنەکان دەکرد، دەزانی چی دەهاتە پێش چاوم؟!

بەبێدەنگی، تەنیا بەپرتەپرتی برژانگ و برۆی پرسیاری کرد، گوتمەوە:

– لەو وێنە هۆشییانەی تۆوە، جووتێ تابووتە گۆڕی سەیرم بینی، زەریایی و زەمینی.

کە ئەوەی ژنەوت، بەدەنگ بەشداریی کردم.

– زەمینی! ئەوە دەیزانم. ئەدی زەریاییەکە!؟

– یونس پێغەمبەر کە لە لای ئێوە «یونانە» لە ناو گەدەی نەهەنگدا



مایەوە. ئەوی دی، یۆسف پێغەمبەرە لە بنی وشکە بیرێکدا وەلێ؛ هەردووکیان لە تاریکاییدا نەک وەکو گۆڕە ڕووناکەکانی جەنابت! ها، ها، ها.

ساراش هاوپشکیی لەو ها... ها... ها یەم کرد و پرسیارێکی دیکەی زەق کردەوە.

– باشە، ئەی بۆ ئەو دەمە ئاماژەت بۆ ئەو دوو گۆڕە نەکرد؟!

– دەزانی بۆ؟ لە من وابوو ناوی ئەو دوو پەیامبەرەت نەبیستبێ یان، سەربردەیان بەجۆرێکی دی بێت لە ئاینی ئەنگۆدا.

پێککا کەوتە نێوان و تێهەڵچوو.

– ئەی ئەمێستا بۆ باسی دەکەی!؟

ڕووم کردە پێککا و وەڵامی بنبڕی ئەویشم دایەوە.

– چونکە، باسمان لە ئاڵوگۆڕی کولتوور و، گفتوگۆی ژیارییەکان دەکرێ. سێبەری پەڵە هەورێکی گەڕۆک بەئاسمانی سەرمانەوە تێدەپەڕی لەگەڵ چەند قیژەقیژێکدا. شەش مەلی نیگامان بۆ ئاسمانەکە هەڵدان. دیمان مراوییە کێوییەکان لە شێوەی چەتاڵێکی گەورە کۆچ بۆ گوزەری بژوینتر دەکەن. من حەکایەتی خوێندنەوەی پۆلی سەرەتاییم هاتە زەینەوە لە بارەی بۆقە تەنیاکەی تەنکە ئاوێکی هاوینەکە بەرەو وشکبوون دەچوو. دوو مراویش دڵیان پێ دەسووتێ و بەدارێکەوە هەڵیدەگرن پاش ئەوەی هەریەکەیان ئەم لا و ئەو لای دارەکە بەدەنووک دەگرێ. لە ناوەندەوەش پیرە بۆق دەمی لێ گیر دەکا. ئاگاداری دەکەن کە، نابێت دەم بکاتەوە کەچی؛ لە عاست حەشاماتێکدا دەم دادەبچڕێ و، دەبێتە قوربانی چەنەبازی و هەڵەوەڕیی خۆی.

دەوم کردە پێککا.

– ئەم دیمەنەی مراوییانە بۆ هەردووکمان بابەتی چاکە! چەتاڵی باڵدارا!!

ئەو، لە گۆشەیەکی فەلسەفییانەوە گوزارشتی لێکرد.

– بەو فڕینە تێکڕایی و ڕەزمدارەیان دەتوانن بەلەمی گومڕا ڕاکێشنە کەناری سەلامەتی.

– چۆن!؟     سارا پرسیاری لێ کرد.

– مەگەر ئەوساکە، گوریس و کەندەڕ بەچەتاڵەکەیانەوە ببەستیت... ها، ها، ها، هۆ، هۆ، هۆ...

من گوتم و پێککا بەسووربوونەوە دەمی بەش کرد.

– دەق ئەوەم مەبەستە. بەهەموویان دەتوانن بەلەمی گەورەش ڕاکێشن لەبەر ئەوەی ڕاکێشانی ناو ئاو هاسانترە لە ڕاکێشانی سەر زەوی. ئەمە دەکەمە ناوەڕۆکی کارێکم.

***

لەو کاتەی ئەوان بەڕێوە بوون، نۆرە پەیڤین هاتە سەر منی گێڕەرەوە و بەچپەدوو لەگەڵ خوێنەر دواین. ئارام هەوساری گوتنی وەرگرتەوە. ڕۆژگار، دزە و بێ ترپەی پێ تێپەڕ دەبێت. هەر هەندە هەستی پێ دەکەین کە، دوور دوور کەوتۆتەوە! ناشتوانین دامێنی بگرین یان، دەستکاری لە ڕەوتەکەیدا بکەین!! بەبۆنەی ساڵیادی بیست و چوارەمی زایینی ساراوە، نەخشەمان دارڕژت کە، لە مانگی حەوتەمدا یان هەشتەمدا گەشتێکی پانورامایی چەند ڕۆژە بۆ دوورگەکانی ئۆلاند «ALAND» بکەین چونکە؛ ئەو دوو مانگە پشووی وڵاتە و، لەوانەیشە باران هێور بێتەوە. بەخۆم گوت: «لەوانەشە بەندکراوی کەڤاڵەکەم پەنای بۆ ئەو سەتان دوورگانە بردبێت. لەوانەشە، ڕێکەوت بەرەو ڕوومان بکات. ڕێککەوت دیاردەیەکی سروشتییە و، هۆشمان هێشتاکە پەنهان و مەرجەکانی نەدۆزیوەتەوە! ئەو و من، لە دیوێکەوە هاوتەریب و هاوچووین. ئەو بەندییە لەوانەیە بە گیان لێرە و بە لەش لەوێ بێت. من بە لەش لێرە و بە گیان لەوێندەرێ. مەگەر



ئەو ڕێککەوتە گیان بەگیان یەکمان بخات، بۆ نا. جاری وا هەیە ئەم ڕێکەوتە زۆر لە واقیع و لۆجیک تۆکمەتر خۆی دەنوێنێ!!»

بەو بۆنەیەوە نیگاری «کاتی»ی پشیلەی سارام هەندەی ناو لەپێک کێشا و لە چوارچێوەم گرت. ڕێککەوتین و خۆمان تەیار کرد. زۆرینەی خەڵکانی «تورکو» سوێدی زمانن، هەروەها دانیشتووانی دوورگەکان بەو زمانە دەئاخێون و بگرە، ئۆتۆنومی و ئاڵای خۆشیان هەیە. تێبینیم کردووە کە، لە گشت ئاڵاکانی ئیسکندناڤیادا (خاچ) هەیە! خاچەکەی فنلاند شینە لەسەر تەختی سپی. خاچەکەی سوێد زەردە لەسەر تەختی شین بەڵام؛ خاچەکەی ئۆلاندییەکان سوورە لەسەر خاچێکی زەرد و، هەردووکیان لەسەر تەختی شین دانە. هەتاکو نیوە شەوێکی درەنگ لە ناو ئۆتێل و کوختە هاوینییەکەدا دەماینەوە. بەڕاستی نیوەشەو دیاریکردن لە وڵاتێکدا ڕۆژکەوتنی پاش سەعاتی بیست و سێ بێت هاسان نییە. لە لادێکانی خۆمان نیوەڕۆ و شەو بەوە دیاری دەکەین کە، سێبەرمان خۆی دەپەستێتە ژێر پێمانەوە یان، شەو بەتاریکی دەزانین سەرسامییەکەش لەوەدایە کە، پاش کەمێکی دیکەی نیوە تاریکی هەمدیسانەوە ڕۆژ هەڵدێتەوە بەجۆرێک خۆراوا و هەڵاتنت لێ دەگۆڕێ!!

بلیتمان بۆ دوورگەکانی ئۆلاند بڕی. فنلاندییەکان «ئاهڤێنانمان»ی پێ دەڵێن. سارا، لە ناو قەفەزێکی پلاستیکی کەسکدا پشیلەی هێنا بوو. لە کەشتییەکی فکنگ لاین «VIKINGLINE» جێمان دابین کرد و بڕیارمان دا کە سێ ڕۆژ لەوێ بمێنینەوە. ڕۆژی یەکەم لە ئوتێلی «ئارکیپێلاک»دا ماینەوە کە لە گەورەترین شاردا بوو، دانیشتووانی دە هەزار و پێنج سەت کەسن. دوو ڕۆژی تریش لە کوختێکی کەناری زەریای بەلتیکدا بووین. لە ناو کەشتیدا، سارا ڕایگەیاندم کە سەرنشینانی کۆی دوورگەکانی ئۆلاند بیست و پێنج هەزار کەس تێناپەڕێن و لە ساڵی (١٩٢٢)وە ئۆتۆنۆمیی خۆیان لە پەرلەمانی فنلاند مسۆگەر کردووە و ئەویش لە «١٩١٧»دا لە

ڕووسیا مافی چارەنووسی خۆی وەرگرتبوو بەڵام؛ لە ساڵی «١٨٩١»وە ڕۆژنامەی «تێدنگێن ئۆلاند» یان بڵاو کردۆتەوە کە دەکاتە حەوت ساڵ پێشی ڕۆژنامە ئاوارەکەی «کوردستان». لە ساڵی «١٩٥٤»دا ئاڵای خۆیان بڵند شەکاندەوە. لە ساڵی «١٩٨٤»وەش پوڵی پۆستەی خۆیان بەچاپ گەیاندووە. شاری «یومەڵا» سێ هەزار کەسی تێدایە، ئەوجا شارۆچکەی «فنستروم» دێت دوو هەزار و پێنج سەت کەسێکی تێدا دەژێت. کەمترین شارۆچکەی سەت و سی کەسی تێدایە! لە ساڵی «١٩٩٧»دا بەبۆنەی (٧٥) ساڵیادی ئۆتۆنۆمییەکەیان سەرکۆمار «ئاهتی ساری» سەردانییانی کرد. ئابوورییان، سارا گوتی لەسەر کەشتییەوانی و ماسی گرتنە لە زەریای بەلتیکدا لەتەک دار فرۆشتن. کلێسەی کۆنی تێدایە و لە (١٩٥٤)ەوە مۆزەخانەی خۆیان هەیە و لەبارترین گەشت و گوزارگەی هەیە بۆ ڕاووشکار و، کەشوهەواکەی زۆر سازگارە. ڕێژەی تاوانی زۆر کەمە هێمنە و دوکەڵی کارخانەی دەگمەنە.

– دەچینە شارۆچکەی «ماریپهامن» لەوێ (ناننا)ی برادەرمی لێیە لەگەڵ «یوهان»ی مێردی.

ئێمەیان بۆ سەردانی «کێڵگەی شەیتان» برد کە، لە گردوڵکەی بەردین پێکهاتبوو. بەرزترینیان «کاسبێرگ» سەت و هەشتا مەتر بەرز بوو. بەڕاستی خەڵکی ئەوێ ڕوو گەش و بەختیارانە پێشوازی لە میوانانی دوورگەکانیان دەکەن. لە سەرەتای سەتەی نۆزدەمدا، پاشانشینی سوێد ناچارکرا، ئەو دوورگانە و بەفنلاندەشەوە بۆ تزاری ڕووس جێبێڵێ. لە سەتەی بیستەمدا کاری ئۆلاندییان پۆستە گوازتنەوە بووە لە نێوان ستۆکهۆڵمی پێتەخت و تورکوی کۆنە پێتەختی فنلاندا. لەوێوە بۆ سوێد چل کیلۆمەترێک دوورە. «یوهان» و «ناننا» چالاکانە بەکەشتییەکەی خۆیان، گەشتی برێ دوورگەیان پێ کردین. لەوێدا ماسیمان برژاند. پاشان لە دوورگەی «گێتا» سەردانیی کێڵگەی پەتاتەمان کرد. ئەو نیمچە



دوورگەیەی ئەوان درۆژکۆڵانەی شەش کیلۆمەتری تەسک بوو. «جۆرج کۆهرێ»ی شاعیر لە دایکبووی ئەوێیە و، لە شیعرێکی بە شاری هەزاران درەختی ئەسپیندار و فندق و سەرووی ناودەبات. «یوهان» بەدانایی پێمی گوت کە ئەوان شانازی بەتەلارسازی بەناوبانگی جیهانی «لارس سۆنک» دەکەن کە چەندین شاکاری لە دوورگەکەیان و لە «تامپرێ» و لە «ناتتالی» و «هیلسنکی» لە پاش جێهێشتووە و لە (١٨٧٠) زایینەدەی ئەوێیە. هەروەها کۆنسڵخانەی ئەوروپا ئۆلاندی بە لەبارترین شوێن دیاری کرد بۆ پیشانگەی ئەوروپا.

سەراسیمانە پرسیارم لەبارەی خولیای خۆمەوە لێ کرد.

– ئەی چی لەبارەی هونەری شێوەکارییەوە؟

ناننای هاوسەری یوهان کە، خڕ و خەپان بوو، پاشماوەی شۆخیی هێشتا پێوە مابوو، هەمیشە پێڵووەکانی دەلەرانەوە، وەڵامی دامەوە.

– لە مۆزەخانەی شاردا نموونەی خۆماڵی و نوێش هەیە. دوایی سەردانیی دەکەین وەلێ؛ بەرهەمەکان بەگشتی ڕەنگدانەوەی دوورگەکانی ئۆلاندیان بەسەرەوەیە ئارام. گەر حەزیش بکەی بەدیدەنیی گای فرسک «GUY FRISK» بەیەکتان دەناسێنم.

گوتم: زۆریش.

بۆ ئیوارەکەی بۆ فراوین چووینە خواردنگەی «کلابمارین» کە لە ڕۆژهەڵاتی بەندەری شار بوو، برێ یادگاری و پۆستکارتمان لەوێ کڕی. دوو شەوی کوختەکەمان لە «ڤۆردو»دا بەسەربرد، زۆر تامەزرۆی ئەو شێوەکارە ئۆلاندییە بووم چونکە؛ لە ئەزموونی سەختی تەنیایی و نامۆییدا کە جۆرێکە لە داقڵەشانی ڕۆح، ڕەنگ و هێڵم بەزەماوەند و لەنجەیانەوە کردۆتە نیشتمانی دووەمی خۆم و، ناخم لە چێوەیدا دەسرەوێ و، بوونی خۆمی پێ دەسپێرم. کە یەکمان بینی، کورتەیەکم لەبارەی کەڤاڵەکەمانەوە

بۆ باس کرد. ناوەندی باڵای، نیوە قەڵافەت پڕ بوو. سەری نیوە تیلاک بوو. هەڵماتی بوون گلێنەی چاوەکانی. دەمی کردە من.

– گەورە و بچووکی یان، چاک و خراپ لە هونەردا نییە بەڵکو؛ دەبێ دەربڕی بیر و هەستمەندیی داهێنەرەکەی بێت لەو کاتەی زۆر بەلەسەرخۆیی و عەفوییەت نیگار دەکێشێ، بەتایبەتی لە ئەبستراکتدا.

– وایە. هەر کەڤاڵێک شتگەلێکی تێدایە کە بەزمان نەگوترێت.

لەوێوە، هەمووممان چووینە یاریگەی قاشوان «GOLF». لەو شوێنە هەڵکەوتبوو کە، پێشتر بەر لە چەند سەتەیەک، ڕاوگەی شا «گۆستافۆس ڤاسا» بووە. فرسکی شێوەکار لەگەڵمدا پەیڤا «ئارام، لەم دوورگانەی ئێمەدا، هەشت سەت نۆ سەت کیلۆمەتری ڕێگەوبانی ئۆتۆبوس هەیە. نێوانی دوورگەکانیش بەفێری «FEERY» دەپەڕینەوە.

«ناننا»ش گوتی: قەڵاتی دێرینی «کاستیل هۆڵم» شوێنەواری سەتەی سیازدەمینە کە، چەندین شا و قەڕاڵی وەکو «ڤاسا» و «ئیریکی چواردەمین» و «ئەدۆلف گۆستافۆسی دووەم»ی تێدا ژیاون.

ئیستا باڵی باشووری کراوەتە مۆزەخانەی کولتووری مێژوویی.

«یوهان»یش درێژەی بە پەیڤەکانی شووەکەی دا.

– دەیان پاسی گشتی هەیە بۆ هاتوچۆ. لە داوێنی ئەو قەڵاتەشدا، هاوین و پایزان دەیکەنە پیشانگەی بازاڕی کراوە. ئەوجا «گای فرسک» دەمی کردەوە.

– هەرچەندەش هاونشینانی دوورگەکان سوێدی زمانن و شانازیش بەوەوە دەکەن بەڵام؛ لە ساڵی ١٩٩٥ دا، بەزۆرینەی لە سەتدا حەفتا و چوار، دەنگمان خستە سەر جەمی فنلاند بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپاوە.

لە کۆمپانیای دەریاوانیی «میراند» بلیتمان بۆ گەشتی نێوان دوورگە



دوورەکان دابین کرد. لەوێوە هەڵەتە بەردینەکانمان بینی. سەرقاڵی دەمەوەری بووینەوە. سارا سەرنجمی ڕاکێشا.

– ئەم ئۆلاندییانە مەتەرێزی سروشتییان هەیە. ئا لە پاڵ ئەو تاوێرە مەزنانەدا پارێزگارییان لە خۆیان و زێدیان کردووە.

هەنووکەش شوێنەواری «ڤایکنگ»ی تێدا ماوە.

من گوتم: بەڵێ سارا وەکو خوێندوومەتەوە، کەشتیی ئەو ڤایکنگانە گەیشتۆتە ڕۆخەکانی دەریای ڕەش و ئایسلاند و کەنارەکانی باکووری سکۆتلاند و فەرەنسا و... تاد.

سارا دەستی بەسەر (کاتی)دا هێنا. شەپۆلەکان بەلەمەکانیان لەنگاندەوە. با پەلکی ئەسپیندار و فندق و سەرووەکانی هەژاند و، قژە سەری ئێمەی پەرێشان کرد. لەو ساتەدا سارا، لەو ئۆلاندەدا ڕایگەیاندم کە، سکی دوو مانگە و، خوێنی مانگانەی وەستاوە. لە دیوێکەوە شاد و کەیفساز بووم بەوەی دەبمە باوک. لە دیوێکی ترەوە، هۆشم لەسەرم نەما و لە شەقەقەی باڵی دا بۆ لای دایکم کە، ئارەزوومەندە بەخۆی هاوسەرم بۆ دیاری بکات. لە دوایین نامەیدا، ئاماژی بۆ کچێکی دراوسێ دەکات.

«کوڕەکەم، لە کوژەکە جوانتر و لە کانی بێگەردترە! چاوە هەنگوینییەکانی بەو بەردۆکەیە دەچێ کە ئاپۆ ڕەشید بۆتی هەڵگرتووە.»

هەروەها «قژە سەری لە ڕەنگی قرشەی گوڵەگەنمە و، پێستی توێژی ماستی مەڕە!» بەخۆم گوت: «دەبێ بڕیاربدەم.» هەر لەوێ بڕیارم دا بەر لەوەی نۆبەرەکەمان بێتە دونیاوە، سەردانی زێد بکەم. لێرەدا دیاردەی منداڵبوونی ئاوهایی ئاساییە کەچی؛ لای ئێمە بەزۆڵ و بیژی ناوزەد دەکرێ. لەوانەیە دایکم پێ قایل بکرێت بەوەی تۆوی منی لە منداڵدان دایە و، بەشێوەیەکی شەرعی بیگوازمەوە و، ناوی خۆماڵی بدەمە کۆرپەکەمان. دایکی میهرەبانی خۆم چاک دەناسم. کە چەندە بەسۆز و

دەهندەیە و، لایەنی ژن دەگرێ. بڕواناکەم دڵم بڕەنجێنێ زوو دەچمەوە. ئەگەر بۆشم لوا، ئەوا پیشانگە بۆ کەڤاڵەکانم لە چەند شارێکدا دەکەمەوە. حەزم بەدیمانەی تەلەفزیون و ڕۆژنامە و گۆڤاران نییە. هەتا بۆم بکرێ خۆمیان لێ دەدزمەوە. وا هەنوکە بەرچاوی ناخم ڕوونە. دایکم ئەوەتانێ لەسەر دۆشەکەڵەیەکدا چوار مشقی دانیشتووە. ئاراسیش لەتەکی کروشکەی کردووە. بەفرینیش چاوی لە نامەکەی ژێر دەستی بڕیوە. دەنگی دایکم دەگاتە بەر گوێم.

«دە کوڕی شیرینم بۆ کاکە ئارامت بنووسە ئێمە ساغ و سەلامەتین. لە هیچمان کەم نییە لە دووریی تۆ بەولاوە. دەی بنووسە ئۆخەی خەتەکەت ڕێک و جوان بووە! هەی ئافەرین دە بۆمی بخوێنەرەوە ئاراس گیان. لە ئێوە بەولاوە کێم هەیە.»

بەبێ ئەوەی هەست بکەم، پێڵووەکانم هاتنەوە یەک. چەند دڵۆپێکی ئەشکی قەتیسماو دەرفەتی ڕزگار بوونیان لە دیلێتیی چاوانم بۆ ڕەخسا. دڵۆپێک و دووان، بەهۆی پرتەپرتی برژانگەکانم، بەسەر گۆناکانمدا شۆڕبوونەوە. بەخۆم گوت:

«سوێریی فرمێسک نەبوایە، ئاوها بەئاسانی ڕۆژگارم نەدەگوزەرا.»

تومەز سارا دیمەنی ئەو ئەشکانەی لە نزیکەوە قۆزتۆتەوە بۆیە، بەپەنجەیەکی گۆنامی سڕییەوە و ئەمجا هەمان پەنجەی، لە لا ملمەوە سەرکەوت و سنووری گوێچکەمی کێشا. پاشان دایکانە کاسەی سەرمی نووساندە سنگی خۆیەوە. وشە، لە شوێن و کاتی وادا کۆڵەوارە و، دەربڕی ڕاستینەی هەست و بنهەست جۆشاوەکانی ژوورەوەمان نییە! زەحمەت و دژواریشە بەڵکو؛ مەترسیدارە گەر تەنیا بەڕواڵەت بڕیار بەسەر خەڵکاندا بسەپێنین چ جای لەباتی ئەوان بیربکەینەوە! یان بیانسڕینەوە!!

– دەزانی کاکی خوێنەری وەرگر، هونەری نۆڤلێت لەوەدایە کە،



کەسێتیی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە ئەو جیهانەی، بەئومێدە بیکاتە شتێکی خۆی.

– ئا... بەتایبەتی لەم سەر و بەندە نوێیەماندا برای گێڕەرەوەی وەرگر بەڵێ وەکو فەرمووت، ئافریدەکار تاکمەندیی خۆی دەپارێزێ و، ڕۆحی ڕەوانی تێر دەکات.

بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم وام هەست کرد کە، گەڵایەک لە چڵێک دەکەمەوە ڕووەو سیس بوون و چرووسانەوەی دەبەم یان، پێم بەشارە مێروولەوە ناوە و دەیانم بلیشاندۆتەوە ئەگەر قوربانی بەسارا بدەم یان... !! ئەم هەڵوێستە تووشی شۆکی کردووم. ئای چ ئاستەنگێکی جگەر پروێنە!! ئیتر لە کوێ و چۆن بەختیاری و سەروەریی خۆم بەدی بکەم!؟ دەبێ خزابێتمە ناو شووشەیەکی داخراوەوە! هۆشم لە هێلانەی سەرمدا نیشتەوە و دەنگێکم ژنەوت.

«بیشکێنە هەر چۆنێک بووبێت دەبێ یەکلایی بکەیتەوە.»

سارا چۆن بلەوتێنمە گێژەنگەی ئاشووبەوە! دەبێ لەو گەڕانەوەیەمدا ئاگاداری بکەم. دڵنەوایی بدەمێ. جەخت لەسەر ڕەزامەندیی دایکم بکەم و بەمژدەوە بگەڕێمەوە. ئەی بۆ سارا لەگەڵ خۆمدا نەبەم و نۆبەرەکەمان لە سایەی دایکمدا پەروەردە بکەین. ئەگەر نا، ئەوا وەکو زۆرینەی ڕۆڵەی پەناهەندەکان گومڕێ دەبێت، ئەدی ئەگەر نەهات!؟ فرە پرسیاری دی نوقرچم لێ دەگرن « ئارام ڕێگەت دوورێکی وا نییە بەڵام؛ هەڵەت و نشێو و ئاودڕت لەپێشە» ئاوارە بوونەکانی جەستەیی و دەروونی، جوگرافی و کولتووری و... تاد، لە جەوهەر و کاکڵدا هەڵکێشان دەگەیەنن لە ڕیشەوە نەک کەویکردن و دامرکاندنەوە «ئارام... بجمێ... بهەژێ... چونکە؛ ئەوەی نەهەژێ و نەجمێ هەرگیز باوەش بەزەمەنی بوونایەتیی خۆی ناکات، بوونت... جووڵانەوەتە. دەنا... نرخی توێکڵە پیازت دەبێت.»

# پاری دەیەم

خۆکفر نییە ئەگەر ئێمەی وەرگر، دەسپێکی پارێکی ئەم تێکستە بۆ خۆمان دابین بکەین، بەر لەوەی سارا خان جڵەوی گێڕانەوەمان لێ وەربگرێت، منی گێڕەرەوە ڕووی دەمم لە تۆی خوێنەری وەرگر بوو.

– ئەدەب گەرەکە ئاڵوگۆڕ و تەفاعولی نێوان سێسووچکەی: داهێنەر، تێکست و وەرگر بێت هەروەکو ئەزموونی سەرەتایی ئێمە و سوپاس بۆ دەرفەت پێدانمان بۆ چوونە ناو ئەم دەقە کراوەیە.

– دەستت ڕادەوەشێنم بۆ ئەم هەنگاوەمان کە، مافی ئەوەی ناوە بە ناوە مافی دەست تێوەردانمان پێ بدا.



– ئا ، بەم ڕوحییەتە تێکستی نا ئاسایی و سەردەمانە دەڕسکێ و، ئێمەی وەرگر هەست بەموڵکایەتیی تێکستەکە دەکەین.

– ئەوجا کاکی گێڕەرەوەی وەرگر، ئەو داهێنەرە دێتە جێگەی تۆ و من و دەبێتە وەرگر.

پاش ئەوەی دەستی تەباییمان گوشی، کەڵکم لەم بەرایییە وەرگرت و درێژەم بەگۆشەنیگای نوێم دا.

– تۆ دەزانی کە ڕەخنەگرە ئاساییەکان تۆیان مافخوراو کردبوو لە پرۆسەی ئافراندن!!

– وابوو. خۆت گوتەنی: ئەو تەفاعولکارییەی بۆی تێدەکۆشین، دان بەیەک دانەری تێکست نانێ چونکە؛ سنوور لادەبات لە نێوان ڕەگەزەکانی کرداری ئەفراندن.

– لە دڵی خۆمدا گوتم وەی ئافەرین خوێنەری وەرگر، ئێستا ڕۆڵی ڕاستینەی خۆت بینی کە، بەشداری لەگەڵ من و ئارام و داهێنەردا دەکەی بۆ خەملاندنی دەقەکە. دەوم کردەوە.

– مەرجیش نییە براله. هەر تێکستێک، یەک سەرەتای ئاسایی بەگوێرەی ڕەوتی ڕۆژگار و وەرزەکان هەبێت و زنجیرەیی بێت.

– دەشێ ڕووداوێکی ناوەندی بکرێتە دەسپێک.

– یان، لە گەوێکی بەر لەکۆتایی وەک لەم تێکستەماندا بکرێتە بەرایی یان، کۆتا سەرەتا بێت، دەشێ تەکنیککگەلی دیش هەبن...

– ئەوجا منی وەرگریش سەربەستم کە، لە کوێوە بیخوێنمەوە.

گوتمەوە:

– ئەگەر بەو شێوازە داینەمیکییە دانەڕێژرابێت، ئەوا خوێنەر پشت لە تێکستەکە دەکات و، دەئاڵکێتە شتی تری ژیوەرییەوە.

– وا بزانم هەندێ نووسەر درکیان بەو دارمانی پردی وابەستەی خۆیان و خوێنەرانیان کردووە.

– بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییەی کە پەنجەت لەسەر دانا. بەلامەوە، دەبێ ژێدەری (ڕاکێشان) و لایەنی (پشک)داری دروست بکرێت لە پاڵ داهێناندا بۆ لالێکردنەوە لە خوێنەری تێکست دەنا...

خوێنەری وەرگری چوست، (دەنا) کەی دەومی قۆزتەوە و لەجیاتی منی گێڕەرەوە گوتی: دەنا... ئاکامی کەستەکێکی فڕێدراوی ناو ئاوی دەبێت لەپاش چەند بلّقی بایەک، ئاوە و ئاو ڕۆ دەچێت. ها، ها، ها.

***

وینەگری دانمارکی تینا ئینگۆف «TINA ENGHOFF» لە بیست و نۆی سەپتەمبەردا کارتی بۆ ئارام ناردبوو کە، بەشداریی کردنەوەی پیشانگەی فۆتۆگرافیی بکات. سی چل وێنەی گەورە گەورەی نمایش کردبوو. منی لەگەڵدا چووبووم. تابلۆکانی دوو مەتر و نیو دەبوون بەگشتی و، بچووک و گەورەتریان تێدا بوو. ئارام منی لەگەڵ خۆیدا پەلکێش کرد بۆ هۆتی «فابریککی». لە سەعات شەشی ئێوارەوە کەوتینە ڕێ، سەرۆکی زانکۆ پیشانگە سەرنجکێشەکەی کردەوە. بەبان مێزێکی درێژدا چەندین جۆری وێسکی و ڤۆدکا و کۆنیاک و بیرە و خۆشاوی مێوەجات ڕیزکرابوون. بەتاک و بەجووت لەگەڵ خانمی میواندا وێنەمان گرت. ئارام هەندێک لەبارەی هونەرەوە لە تەکی دەمەتەقێی کرد. (تینا) گوتی:

– پیشانگەکەم تەرخان کردووە بۆ کەسانێکی پیر و کەنەفت و بێکەس، بەتەنیایی دەمرن و، لەپاش خۆیان چی بەجێدێڵن.

ئینجانەی گوڵی سیسەوە بوو، جلوبەرگی پرشوبڵاوی دژوون، سەندەڵ و پێتاو، خاولی و لێفە دەق نەکراوەکانیان. ئەو وێنانە وەکو ئارام ئاماژەی



کرد و هۆشی هەڵفڕی بۆ وڵاتی خۆیان.

– سارا گیان لە لای ئێمەش شاعیرێک وای بەسەرهات و خراپتریش.

بەغەمباری، سەر سووڕمانم لەو شاعیرە هات کە کۆتایی لەو دیمانانەی پێشانگەکەش دڵتەزێنتر بێت.

– کام شاعیر؟ چۆن!؟

– ئەو شاعیرە وڵاتپارێزە، دوکانەکەی کردبووە جێنشین و هەم فێرگەی زارۆکان. وەکو تۆش سێ چوار پشیلەی بەخێو دەکرد.

سەرتاپێم ببووە گوێ و چاوەنۆڕی ناوەکەی بووم. ئارام بەئەوکی تژیی حەسرەتناک دەمی کردە منی تامەزرۆ.

– نەجمەدینی مەلا، بەر لە چەند ڕۆژێک دەمری و کەس بەوە نازانێ. تۆمەز پشیلەکان لە حەژبەت برسێتی...

وەستا و چاوی پڕ لە فرمێسک بوون و، هەنگاوێکی بۆ بەرەوە هاویشت.

– ... گوێ و لووت و لێوی دەخۆن!! بریا وێنەگرێک (تینا) ئاسایی ئەو کارەساتەی تۆمار دەکرد.

درۆشمی پیشانگەکەی تینا «POSSIBLE RELATIVES» بوو. بەنیازە لێرەوەش بیگوازێتەوە بۆ هۆڵی زانکۆی تورکو. لەو وێنانەدا دەیان مەرگی تێدا بەرجەستە کردبوون بەبێ ئەوەی مردووەکان دیاربن!!

***

بۆ ئەو نەخشەیەی بەهەردووکمان پەسندمان کرد، ئارام گەڕایەوە بۆ قایلکردنی دایکی. ئەوە بووە دوو مانگ نەگەڕاوەتەوە! پێمی گوت کە تەنیا مانگێکی پێ دەچێت.

«خاترجەم بە دەگەڕێمەوە، سارا گیان»

لە کێ بزانم!؟ مەگەر ئەو عەبدوڵڵایە پەیامی ئەوی لا بێت. ئارام زۆر کراوە و ڕاستگۆ بوو. هەموو ورد و درشتێکی بۆم گێڕابووەوە تەنانەت نامەی دایکیشی. دەبێ قایل بووبێت بەو ژنەی دایکی بۆی دیاریی کردبوو! ئاوهاش بوایە هەر دەگەڕایەوە، لە لایەکەوە بۆ ئەوەی کاتی فڕۆکەکەی بەسەر نەچێ و، لە لایەکی دیکەوە ڕاستییەکەی دەخستە مشتمەوە گوایا لە چی شەرم بکات!! سکم لە بەرز بوونەوەدایە. دوو جار ڕژاومەتەوە و، سەردانیی مانگانەی پزیشک دەکەم. دکتۆر «ئۆسمۆ» گوتی: «کوڕت دەبێت ئەگەر کچ بوایە پێتم نەدەگوت.» پرسیم «بۆ؟!» وەڵامی دامەوە. «ئەو سەر ڕەشانە حەزیان لە کوڕە زیاتر لە کیژ!!» سەرم لە قسەکەی سووڕمابوو کە، گوتییەوە: و«ئەگەر بۆشیان بلوێ سکەکە لەبار دەبەن.» خۆم بۆ نەگیرا و دەمم کردەوە. «دکتۆر... بۆ سکی منە یان هی ئەوە؟!»

وەڵامی دکتۆر «ئۆسمۆ» تاکە وشەیەکی سەراسیمەیی بوو «ئیتر!!» ئەوجا بەرەو ناخی خۆم ڕەگاژۆ چووم. «دەبێ ئارامیش هەروا بیر بکاتەوە!؟» گوێم لە ناخم ڕاگرت «لەوانەیە» گەیشتنم بەم ئەنجامە نووتەکە، شەوانە زارەترەکم دەکات و، هەنیسک بەربینم دەگرێ. بۆنی شتومەکەکانی دەکەم و چاو دەبڕمە تابلۆی پشیلەکەم کە بەبۆنەی ساڵیادی زایینددمەوە لە ئۆلاند پێشکێشی کردم. «دێتەوە» بەو ڕستە خەستەوە ورە دەخەمە بەر خۆم و، لە چاوەڕوانیدام بەڵکو؛ وەکو کوارگی بندارانی شێ و نساران پەیدا ببێت دەبێ ناوێکی خۆش و زەنگدار بۆ کۆرپەکەمان بدۆزمەوە: ئارقۆ، کلاوس، یالکۆ، تۆیمی... نا... نا... کە ئارام گەڕایەوە، بەهەردووکمان ناوی شایستەی بۆ دەدۆزینەوە... وای لە چاوەڕوانی و تەنیایی چ وزە پڕووکێنە!! ساڵە دوور و درێژەکانی تەنیاییم بیر دەخاتەوە.



دوای خۆکوشتنی دایکم، منیان لە مەڵبەندی هەتیو و بێکەس و بێدەرەتانان جێگیر کرد. هەم بەشی ناوخۆیی بوو، هەم لەوێ درێژەیان بەخوێندنمان دەدا.لەوی «لینا»م ناسی. گیانی بەگیانی و ڕۆژ بەڕۆژ، گیرۆدەی هەڤاڵبەندی یەکدی بووین. لەو لینایەوە فێری دەسبازیی کیژانە بووم. لە بەرایی ختووکەی یەکدیمان دەدا. گەمەکەمان پەرەی ساند و، پەلاماری سنگ و ناوک و خوارەوەتریشمان دەدا. ئەوەمان بەپەنهانی و دووریی چاوان دەکرد، لە شەوی درەنگ یان، لە ناو توالێتەکاندا. جاروبار «مێری»یش کە لە ئێمە هەراشتر بوو، ئەزموونی لە هەردووکمان پتر بوو، بەشداریی دەکردین. سێ قۆڵی برەومان بەو گەمە و دەسبازییانە دا، گەیشتینە ئەوەی فێری «69» بین، دووانمان دەئالاینە یەکتری، سەرێک لەملا و سەرێک لەولا و، ژێر وبان. سێیەم نووکی پەنجەی بەلەشی خۆیدا گڕدەدا، لە شوێنە هەستگەکاندا دەبزوا و ئاکامی دەگەیشتە خوارووی سێگۆشە مووداڕەکە، لەوێ لەنگەری دەهاویشت. لینا و مێری، هەریەکەیان سەربردەی نزیکی لە سەربردەی من هەبوو.

ئێستا ڕووی بەخەندەی ئارام لە پێش چاومە وا خەندە بارانم دەکات. دوو هێڵی چاڵ بەسەر گۆناکانیانەوەن و، چاڵێکی دیکەش لە چەناگەیدا، بەتایبەتی ئەو چاڵە خڕەی چەناگەی دڵگیر و ڕووکەشە لە نیگامدا. بەمن وایە هەمیشە پێدەکەنێ بەو «شۆخی»یانەی بۆم دەگێڕایەوە یان، ئەو کاتانەی ختووکەی سنگە تووکن و ژێر پێیەکانیم دەدا. چاوم لەو سێ چاڵە دەبڕی تاوناتاوێک ماچم دەکرد. ئەویش ئالاکەی قژە سەرمی ماچ دەکرد. ئاخر لەبەر دڵی ئەو لێناگەڕێم ڕەنگەکانی کاڵ ببنەوە.

یان، لەژێرەوە قژە پلاتینییەکەم دڕ بەو ڕەنگانە بدات و، بیانشێوێنێ. تا... والێهات ئەو کاری ڕەنگاندنەم بەئارام دەسپارد وەکو ئەوەی تابلۆیەکی خۆی بێت زۆر بەئیکلامەوە ئەنجامی دەدا. کلیلی ئەپارتمانەکەشی

بەشریتێکەوە بەند کردبوو کە بەو ئاڵایەوە ڕازابووەوە! لێم پرسی «لە کوێت بوو؟» بەڕستەیەکی درێژ وەڵامی دامەوە. «چووینە ستۆکهلْم بۆ دەنگدانی پەرلەمان ئا لەوێ، کەم ئەندامێکی کوردی سەر عارەبانە بەپارەی خۆی دەیان ئاڵای بەشریتەوە نابوو، بەخۆڕاییش دەیدایە دەنگدەرانی لیستی (١٣٠)ی کوردستانی. (کاتی) بەمیاواندن خۆی لە ڕانم هەڵسوی «برسیتە؟ یان... تامەزرۆی کتکە نێرینەی!» تەمەنی یەک ساڵی تێپەڕاندووە. ئەگەر ئارام ئارەزووی بکردایە ئەوا بەخۆم ئاڵای کوردستانم لەسەر تووکی «کاتی» دەکرد، ئەوسا مەگەر لە لاتەنیشتی چونکە؛ تەنیا شوێنی سپییە لە لەشیدا.

مێری لە لینا و من گڕدارتر و حەشەریتر بوو. شەرم و شکۆی نەبوو! هەرچی بهاتبایەتە سەر زاری هەرگیز نایگێڕایەوە!! کاتێکیش دەگەیشتە ترۆپکی چێژ، بەچاو نووقاوی، سەرتاپێی دەکەوتە لەرزین! پرچی خۆی دەڕنی! لە ناکاو هەناسەیەکی قووڵی دەدا و سارد دەبۆوە. ئێمەش لەشە ڕووتە گۆشتنەکەیمان دادەپۆشی.

وا بووە سێ مانگ نەگەڕایەوە! هەست بۆ جووڵەی زیندەوەری ناو سکم ڕادەگرم. دەستوپلی ڕادەوەشێنێ. هەر زوو بەگوێرەی ئامۆژگاریی دکتۆر ئۆسمۆ، جۆری دانیشتنەکەم یان، ڕاکشانەکەم دەگۆڕم. پەرداخێکی ئاوی سارد دەخۆمەوە. چەند پاتی کردەوە ئەگەر دایکی بەلایدا شکایەوە و رازی بوو بەمن، هەر قایلی دەکات، ئەو ساکە، زەماوەندی فەرمی دەکەین و زۆرینەی هاو زمانی خۆی بانگهێشت دەکات. ساتو و مێری و لینام وەبیر هاتن وەلێ، جێگەیان نازانم و تەنانەت نازانم چۆن ساتو، بەتاڵیی منی لە ژیانی خۆیدا پڕ کردۆتەوە!! بە ژنێکی دی! بە پیاوێک! یان بە «هورا»!!

ئەوە ئارام بۆ نەگەڕایەوە؟! دەبێ چیی بەسەر هاتبێت! دەنا هەندەی پێ ناچوو. ڕاستە وڵاتەکەی تووشی ئاشووب و کێشەی جۆربەجۆر بۆتەوە،



کوشتاری لێیە، هەموو ڕۆژێک تەقینەوە و تیرۆری تێدا بەردەوامە بەڵام؛ ئارام لەو شتانە خۆی دوورە پەرێز دەگرێ. ئەو لە هۆڵی کردنەوەی پیشانگە و خانەوادەکەیەتی و بەس. لەپاش گەڕانەوەی و زەماوەندەکەمان وەکو گوتی «پیشانگەی گشتی دەکاتەوە» ئەڵبەتە لە بەراییدا کورتە ئاماژەیەک بۆ ئەزموونی خۆی دەکات و وەڵامی پرسیارگەلێک دەدات کە ئاڕاستەی دەکەن و، بەرهەمەکانی دەبەستێ بەدۆخە ناهەموارەکەی زێدەکەیەوە. ئەمانەی بەر لە ڕۆیشتنی بۆم شی کردەوە منیش، جاروبار پەنا دەبەمە بەر پەڕەمووچ و گوزارشت لە تەنیایی و ڕەنجەڕۆیی خۆم دەکەم. پێشتر دیمەنی بەردە زەبەللاحەکانی ئۆلاندم کێشا بەچەند تۆنی «TONE» قاوەیی. ئاوی زەریاکەشم بەچەند تۆنی شین و، ئاسمانیش بەتۆنی لاجیوەردی لێک جودا کردنەوە. لە زستانی درێژخایەنی ئێمەدا. سەوزایی چیمەنان دەبنە ژێر بەفری سپییەوە و، تەنیا شینایی ئاسمان دەمێنێتەوە چوون لە ئاڵاکەماندا دەبیندرێ. لێرەوارە چڕەکان، ئەوانەی درەختی گەڵا نەوەریو دەگرنە ئامێزیان ئەوا سەوزاییيان پڕ ڕەنگتر دەبێت و دەشبنە کۆڵهەگری بەفرە لۆکەییەکان. بڕێ باڵندەی دڵسۆزی خاکەکەمان بەتەکمانەوە دەمێننەوە، ئێمەش لانەی دارینی هەمیشە پڕی دانیان بۆ هەڵدەواسین لە قەدی دار و سووچی باڵەخانەکاندا وەکو چۆن ڕژێمی سۆسیال مووچەی بژێوی بۆ ئێمە دابین کردووە، پەناگەی بۆ هەزاران ئاوارە، بێ کار و کەنەفتان دیاری کردووە.

لەمەڕ بارانەوە متمانە بەدوو مانگەکەی پشووی هاوینیش ناکرێ، هەر هەندەت زانی بووە با و بوران و لێزمە و تەرزە!! لە چڵەی هاویندا جاروبار پەنا بۆ بەرگی ئەستوور و قەمسەڵەکانمان دەبەین، وەکی دی کە بارانەکە نەما، ئاسمانە ساو و ساماڵە دەبێتە ئاوێنەیەکی ئەوتۆ کە، نە بای دیوە و نە زریان!! گریانی ئاسمان و گریانی خۆم بایەخیان بۆ من چییە!؟ چ دادێکم دەدن. ئەدی ڕازوگــــــورووی دڵم بۆ کێ هەڵڕێژم!؟ ئارام،

هاوئاهەنگیی بەژیانم دابوو، گەر سۆراخی نەزانم ئەوا دیق دەکەم. لەوانەیە ئەم خەمباری و خۆ خواردنەوەیەم، بۆ کۆرپەکەی سکم زیانبەخش بێت بۆیە، وا لرفەلرف و پێلەقە دەدات و، شەوانە دوو سێ جار بێدارم دەکاتەوە. شەوی ڕابردوو، خەونم دیت. وا لە بان بڵندترین و دێوترین بەردی گرانێتی شاردا وەستاوم. توندە با پرچم پەرێشان دەکا! بەقەد پاڵێکەوەش عەبدوڵڵای ئاشنای ئارام دەمی بۆ من دەجووڵێنێ! من هیچم بەرگوێ ناکەوی!! بەڵام؛ دەستی بۆ باشوور درێژ دەکات. هیچی ئەوتۆم لەو خەونە هەڵنەکراند! دەبێ ئاماژە بێت بۆ من! خۆ دۆزینەوە و دیداری عەبدوڵڵا ئاسانە. بەهۆی ئۆفیسی سۆسیالەوە ئەدرێسی دەزانم یان، تەلیفۆنی وەردەگرم، دەشێ ژمارەکەی لە پەرتووکی ساڵانەی کۆمپانیای تەلیفۆنی ئاساییدا هەبێت.

دەستە و ئەژنۆ دانیشتن بێهوودەیە و، هەتا دێ پرزەم لێ دەبڕێ. خۆزگە باڵم دەبوو، بەرەو لای ئارام بێ وچان بفڕیبامایە. ئەمەش کاری نەشیاوە.

– ئەگەر من و تۆش لە شوێنی سارادا بووینایە هیچی ئەوتۆمان لەدەست نەدەهات.

– وا بەساکاری بۆی مەچۆ! خۆ دەتوانێ پەیوەندی بەبرادەرێکی ئارامەوە بکات.

– ئەی ئەگەر هیچی لەوانە چنگ نەکەوت!

– خۆی گوتەنی بەهۆی سۆسیالەوە، یەکێ لە کوردان دەدۆزێتەوە.

– ئارام، زۆر پەیوەندی نەبوو، حەزیشی بەتێکەڵاویی درۆ بەستی ناکرد.

شەوێکی تر، زیندانییەکەی ئارام هاتە خەونمەوە. ڕایگەیاندم کە ئارام میوانی ئەوە!! لە خەونەکەدا پرسیارم لێ کرد «بۆ تۆ لەکوێ و چۆن؟!» وەڵامی دامەوە «هەمیشە سەردانیی یەکدی دەکەین!» پرسیمەوە «کەی



دەگەڕێتەوە؟» متەقی نەکرد و هەر زوو ڕوخساری لە نوای چاومدا کاڵ بووەوە. کەوتمەوە وەراوردە دەبێ ئەو زیندانییە لە کوێ بێت؟! هێشتاش بەندە؟ یان ئازاد کراوە! یانیش لە ناوبراوە؟ گریمانەی یەکەم و سێیەمم پتر دایە بەر زەین لە بارەی ئارامەوە، ئەگەر گیرابێت ئەوا هیوادارم بەربێت و بگەڕێتەوە تورکو. ئەگەر دەستیان لێ وەشاندبێت ئەوە دەبێتە پەیامی هەرە دژواری ژیانم، بەتایبەتی لەمەڕ ئایندەی کۆرپەڵەکەم کە چەند مانگێکی دی، بەبێ باوک دێتە دونیاوە. وای... چ برینێکی ناسۆری لە دڵدا بۆ بەجێهێشتم!!

– ئارام دەیتوانی بەتەلیفۆن و نامە دایکی ئاگادار بکات و...

– تۆش وا بەپەلە بۆ گرفتەکە مەچۆ کاکی خوێنەر. لێرەدا نووسەر، لە نێوان ئەم کێشەیەدا، هێما و سیمبوولی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەرجەستە کردووە کە، گونجانی هەتا سەرییان سەخت و مەحاڵە.

– دەمـــخـــۆش گـــێـــڕەرەوەی وردبین. باش بۆی چووی بۆیە، ئەم بەیەکگەیشتنە، ئاکامێکی ئاوهالانە دەخوازێ...

– بەکۆتایی لایەکیان. ئارام یەکە و... ئەمان دەبنە دوو.

وا نیوە شەوی تێپەڕاندووە. بیرۆکەیەک دەمبا و، بیرۆکەیەک دەمهێنێ بۆ ئاڕاستە گەلێک کە نایانخوازم. وای لە تەنیایی!! چووم بۆ ئەپارتمانە کۆنەکەی من و ساتو. بەڵکو ئەوەی هاتۆتە جێگەی ئەدرێسی بزانێ بۆ ئەوەی ئامۆژگارییەکی لێوە ببیسم. لە جێگەی ئەودا، پیرەژنێکی کەڵەگەتی پرچ سپیی لێ بوو، هیچی لێوە نەدەزانی. لە خوارەوە بەیادی جاران چەند خولەکێک لەسەر تەختەیەکی نێوان ئەپارتمانەکەی ئارام و ساتودا دانیشتم و، چاوم بڕییە زارۆکان کە لە ناو چێوەی دارینی حەوزی لمەکەدا خانوویان دروست دەکرد. دەستم لەسەر سکم دانا و چاوم نووقاند. هەر جارێک گەر چاوم لەتەک ئارامدا بنووقاندبایە، ئەو کۆپلەیەکی لە

شیعری «کلاٚیس ئەندرسن»ی بەئینگلیزی بۆ دەخوێندەوە. «سارا جارێک سەردانیم کرد کە ئەوسای وەزیری ڕۆشنبیری و وەرزش بوو، دیوانی چی دەبنە وشە؟ – پێشکەشم کرد.»

ژنێک لەو کاتەدا کە پەرت پەرت دەبێت

چوون پارسایی مەییو، نیازەکانی دەترازێن.

تۆوەکان جێدەهێڵن و لەشی بەبۆشی دەمێنێتەوە.

هێدی هێدی ئەمە ڕوودەدات کە، خودی دایکی هەستی پێ ناکات.

تۆ ئیتر ناتوانی گوێ لە گریانی بگریت چونکە؛

لە ڕابردوودا، فرمێسکەکان بوونەتە سەختە سەهۆڵ.

– ئەڵبەتە دەقە شیعرەکەی کلاٚیس ئەندرسن بەسوێدییە و لە دیوانەکەدا بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی بەچاپ گەیاندووە.

– شاعیر بەخۆی دەقەکەی پەرچڤە کردووە؟

– نا... «ریکا لیسێر» ئەوەی کردووە و هەم دەسپێکی جوانی بۆ دیوانەکە نووسیوە.

– شتێکی تر. من لەجیاتی نووسەری ئەم دەقەمان بوومایە، ناویم دەنا «چاوەڕوانی لە ڕۆخی گەندەڵستاندا»

– شتێکی وای لە مێشکدا بوو، ئەویش «گەندەڵستان» و هیچی تر. تۆ واز لە ناو بێنە با لە جۆرەکانی نۆڤلێت بکۆڵینەوە.

– فەرموو. ئەوە گەز و ئەوەش جاو.

– ئەوا سارا، تۆ وتەنی لە ڕۆخی چاوەڕوانیدایە هەرچەندە گەندەڵستانت لە شوێنی چاوەڕوانی دانا... دەی قەیناکا. ئارام بۆ پرسیارێک ڕووی لە زێد ناوە دەڵێ، دەبێ نۆڤلێت توانایەکی هونەریی بالاٚی تێدا بێت بۆ



داڕژتنی وردە ڕووداوەکانی ژیان چ لایەنی ڕووناکی و چ لایەنی سێبەر.

– چ لایەنی چاکە و چ لایەنی گەندی و خراپە.

– واتا: ژیان و هونەری تێدا ئاوێتە بن، هەروەهاش واقیع و ئەندێشە، زیندەخەون و فانتازیا و ئەفساندنی واقیعەکە.

– ئیتر...

– فەرە دەنگی و، فرە ڕاناوەکانی وەکو من و تۆ و ئەو و ئەوانی دی بۆ دەراندنی گۆشە نیگایە جوداکان.

هەرچۆنێک بێت عەبدوڵلاٚم دۆزییەوە. ئەویش لە نەگەڕانەوەی درێژخایەنی ئارام سەرسام بوو! گفتی دامێ کە، لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بەکەسوکاری خۆیەوە بەڵکو سۆراخی بزانێت. پاش حەفتەیەک تەلیفۆنی بۆ کردم کەوا لە ئێستگەی شەمەندەفەر بیدینم. زوو بەدەنگی کاتە دانراوەکەیەوە چووم. ئارام، پاش ئەوەی ڕەزامەندیی دایکی وەردەگرێ، بەخۆشی خۆشی لە دوو شاردا پیشانگە دەکاتەوە لە شاری سێیەمدا کە زێدی خۆیەتی وەکو بینەرێک گێڕابوویەوە، لە ناکاو لە پیکابی تۆیۆتایەکەوە زەلامێکی ڕووپۆش دەسڕێژی لێ دەکات و، لە ڕێگەی بیمارستاندا سارد دەبێتەوە. لە گیرفانیدا بەردێکی جوان دەبینن عەبدوڵلاٚ گوتی:

– دایکم چۆتە لای دایکی ئارام بۆ پرسە و سەرەخۆشی. لەوەوە ئەم زانیارییانەی لە بارەی جوانە مەرگەوە بەتەلیفۆن پێ گوتم و دایکی چاوانت ماچ دەکات و بەتۆ ڕازی ببوو.

من، هیچم بۆ نەمایەوە دامە پرمەی گریانێکی بەکوڵ. کۆرپەکەی ناو سکم کەوتە لاقە فرتێ و پەل ڕاوەشاندن. پێستی سکمی ڕاوەشاند ڕووی زارم لە عەبدوڵلاٚ کرد

– کەمتر لە مانگێکی دیکە دەبمە دایک. تکایە ئاگاداری دایکی ئارام بکە کە زۆر زۆر غەمگینم و ناوی ئارام لە کوڕەزاکەی دەنێم.

هەرگیز یادی ئەو لەبیر ناکەم و، لە چاوەڕوانییەکی بێهوودەدا دەژیم.

چەند ڕۆژێکی بەسەردا چوو کە، سێ وێنەی گەشتەکەمان بۆ «ئۆلاند» سەرنجی ڕاکێشام.

وێنەی یەکەم: من، لەپێش بەردە زلەکەی کێڵگەی شەیتاندا لە «کاسپێرگ» وەستاوم. بەرزییەکەی وەکو لە تابلۆیەکی مسیندا بەتەنیشتمەوە دیارە سەت و هەژدە مەترە. ئارام پەنجەی بۆ سەرەوە درێژ کردووە. دەیخوازی لە کەلەبەرێکەوە پێدا هەڵگژێت. باڵندەی ئاوی بەئاسمانەکەوە دیارن. ئەم وێنەیە «یوهان» گرتی. «ناننا» بەدەستی کەپرۆکەی بۆ چاوی کردووە.

وێنەی دووەم: پێش ئۆتێلەکەیە، «ریتڤا سیمۆلێن»ی کارمەندی ئوتێلەکە لە نێوان ئارام و مندا بەچەپکە گوڵەوە وەستاوە. ئەم وێنەیە «ناننا» گرتی و، «یوهان»ی هاوسەری و «گای فرسک»ی شێوەکار لەم دیو و ئەو دیومان، بەخەندەوە ڕاوەستاون.

وێنەی سێیەم: شێوەکار گاری فرسک، ئارام، ناننا و یوهان لەپێش بەلەمێکدا هەریەکەیان بەشێوەیک وەستاوە من ئەم وێنەیەم گرت. چڕە داری دوو دوورگەی دوور لە پشتیانەوە دیارە.

لە یادم نەماوە کێ گرتوویەتی:

The Woman is not completed until she is married then she is finished.

بەڵام دیارە بۆ کەسێکی وەک منی هەڵبەستووە:

– وا تێکستەکە بەرەو کۆتایی و ئاکام کشا. جا با منی گێڕەرەوە و تۆی خوێنەری هێژا، دوا تێبینیمان لەبارەیەوە تۆمار بکەین.



– دەباشە دەی. بێژە.

– دیاردەکانی ژیان و ڕووداو بەدوو تای تەرازوو دێنە بەر دیدەمەوە.

– ئا بزانم چۆن؟!

– لە وڵاتدا، ئارام لەڕێی ئاپۆ ڕەشیدەوە گەیشتە بەردە پیرۆزەکە.

– وابوو، هەروەها لە ئاوارەییدا، لە ڕێی «ساتو» وە گەیشتە «سارا».

– ئارام، لە بەردە سەوزکارە تۆپازەکەی دادەبڕێ.

– چوون ساراش لە ئارامەکەی دادەبڕێ!!

– کەواتا ئەگەر هیوای سارا ئارام بووبێت ئەوە هاوسەنگی ئومێدی ئارامە بەو نقێمەی لێیان زەوت کرد.

– ئافەرین باشت لێکدایەوە چونکە؛ هەمان دەستی ڕەش، هەردوو دابڕانەکەی ئەنجام دا.

– ئێستا دەوێرم و ئاشکرای بکەم کە، ئارام یەکسانی بەردەکە بوو یان، هەردووک ڕۆح و لەش ئاسایی، سیمبولی بێ ئاکام زێد بوون.

– ئارام، تۆوی خۆی چاند و... وەچی خستەوە.

– بەڵام؛ لە کەسێکی نامۆدا... هەڵسەنگاندنی بیرکارانەی ئەم سەرەنجامە بۆ تۆی خوێنەری کارامە جێدێڵم.

– دوا پرسیارم. کێ ئارامی کوشت لەو بڕوایەشدام کە، مردن دەرووی لە دایکبوونە!

– ئەوانگەلێک کە، کامێراکەیان دزی، نقێمە تۆپازەکەیان زەوت کرد و...

– وڵاتەکەیان خاپوور و کیمیا باران کرد.

- با دوا سەرنجم لەبارەی ئافریدەکاریی ئەدەبەوە بێت کە، جۆریکە لە پشکنینی پەنهانەکان و...

- با منیش بەشی خۆمی بهاومە سەر. هەروەها دۆزینەوەی شاراوەکانی مرۆڤایەتییە چونکە؛ خودی ئینسان و ژیانەکەی پڕ لە گرێ و گۆڵە.

- ئافەرین.. بۆیە پێویست بەشیکردنەوە دەکەن، ئەمە دیوێکی، پاراستنی ئازادیی مرۆڤیش دیوەکەی تریەتی.

- جا لە نیشتمان بووبێت یان لە جیهاندا.

- ئافەرینێکی دیکەت وەرگرت تێکۆشانی لە پێناوی ئازادی و دژە وەستان بەرامبەر چەوساندنەوە و دیکتاتۆران، یەکجەستەیی و دانەبڕاون.

- دەبا چاوەکانت ماچ بکەم.